
# چاپکراوی نوێ

خەبات و قوربانیدانی نەتەوەی کورد و ڕۆڵی مستەفا بارزانی وەك کاریزماو پێشەوای شۆڕشی پتر لە نیو سەدە و ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوانەی لە قۆناغە جیاجیاکاندا هاتوونەتەو ئاراوە، ناوەرۆکی بەرگی یەکەم و دووەمی ڕۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ)ـە لە نووسینی (سەلاح جەلال)، ئەم ڕۆمانە، سەرکێشییە لە نووسین و بڵاوبوونەوەیدا، ئەوەیش ئەو بوارو فەزا ئاڵۆزەی نەتەوەی کوردو ڕۆڵی بارزانی- یە، زیاتر لە نیو سەدە لە تۆفانی زەریای بێ ئامانیدا سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردی کردووە، گۆڕینی ئەو مێژووەش بۆ ڕۆمان بەو هەموو کارەسات و ڕووداوانە چەندین جوگرافیاو زەمەن و کەسایەتیی زۆر گەورە دەگرنەوە، ڕێکخستنیان لە ڕۆمانێکدا ڕەوتی باوی مێژوویی تێبپەڕێنێت دەچێتە ئەو دیوی مەرگەوە.. ئەمەیش بە تێکشکاندنی کرۆنۆلۆژیا و کارکردنی نوێ لە هونەری ڕۆمان نووسیندا، لە ساتە وەختێکدا، لە زەمەنی لێدانی شرینقەیەکەوە لە ئەمریکاوە، مێژووی سەرکردایەتیی بارزانی دەگێڕێتەوە... بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە دەستخۆشی لە ڕۆماننووس(سەلاح جەلال) دەکەین، بە هیوای سەرکەوتن و نووسینی زیاتر..




# چاپکراوی نوێ

**زنجیرە کتێبێکی پرۆفیسۆر ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ بە زمامی کوردی و عەرەبی لە بەرگی ناوازەدا کەوتە بەردەستی خوێنەران.. کتێبە کوردییەکان بریتین لە (شانۆو دراما د ئەدەبێ کوردیدا) و (درامایا کوردی خواست و دۆرهیل) و(ڕەگەزێن شانۆیێ د ئەدەبێ کوردیدا) و شانۆگەرییەکی کوردی بە ناوی(مەملەکەتا ترسێ)..**





*** شانۆو دراما د ئەدەبێ کوردیدا:** ئەم کتێبە باس لەوە دەکات کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا شانۆی کوردی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە، ئەم پێشکەوتنەش بووەتە هۆی داهێنانی ئاسۆ گەلێکی نوێ لە بەرامبەر کاری شانۆدا، نووسەرئاماژە بەوە دەکات کە زمانی دەربڕین و قسەکردن لە وشەکاندا، بە گرنگترین ڕێگای گەیاندن دەژمێردرێت لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا لە لایەك و نێوان مرۆڤ و تاکی بەرامبەر لە لایەکی دیکەوە. تەوەرەکانی ئەم کتێبە بریتین لە زمان لە شانۆ گەریی کوردیدا، بنەماکانی ئامادەکردن و دانانی شانۆی منداڵان، بەرجەستەبوونی تەکنیکیی دیالۆگی دراماییی لە داستاندا، وێرای چەندین تەوەری دیکە.

*** درامایا کوردی خواست و دۆرهیل:** نووسەر تێیدا باس لەوە دەکات کە لەگەڵ پێشکەوتنی ڕووداوەکاندا کوردیش توانی لەم پێشکەوتنەدا هونەری شانۆ پێش بخات، بە تایبەتی دوای وەرگرتنی ستایل و شێوازی تازەی هونەری لە نەتەوەکانی دیکە، سازکردنی فیستڤالی شانۆی کوردیش هەنگاوێکی دیکە بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی یەکەم فیستیڤالی شانۆی کوردی لە ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری سەقز لە کوردستانی ئێران سازکرا.






*** ڕەگەزێن شانۆیێ د ئەدەبێ کوردیدا:** لەم کتێبەدا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەوڵەکانمان بۆ گەڕاندنەوەی هەیبەت بۆ نووسەران، بە تایبەتیش نووسەرانی هونەری شانۆ، هۆکارە بۆ ئەوەی شانۆ ڕۆڵی هەبێت لە ژیانی سیاسیدا.

*** شانۆگەریی (مەملەکەتا ترسێ):** تێکستی ئەم شانۆگەرییە کە لەم کتێبەدا خراوتەڕوو، هەروەك نووسەر باسی دەکات لە ئەرشیفی خۆیدا بووە لە ساڵی ١٩٨٩و لە ماستەرنامەکەیدا لە ساڵی ٢٠٠١ کورتەیەکی نووسیوە، ئێستاش هەروەك خۆی بە چاپی گەیاندووە.








پرۆفیسۆر ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، (٩) کتێبی بە زمانی عەرەبی پێکەوە کۆکردۆتەوە و پێشکەشی خوێنەرانی کردووە، بە ناوی (حصاد قلم) کە ئەم کتێبانە لەخۆ دەگرێت: (رجل من الزمن الصعب سيرة نضال)، (الجالس الوقور)، (التربية و التعليم في اقليم كوردستان)، ( أثر المسرح و الدراما في التربية و التعليم)، (من وحي التجربة يوميات من سيرة ذاتية)، (حصاد قلم)، (وقفات من محطات العمر)، (المسرح و السياسة)، (كورونا كذبة القرن أمام لعبه الأمم). وێرای کتێبی (برقيات لحضرة الجبل.. رسائل دعم لحكومة كوردستان) بە عەرەبی، بە چاپ گەیاندووە لە سەر بەرگەکەشی بە کوردیش نووسیویەتی (برووسك بۆ چیایێ ڕێزدار)، لەم کتێبەدا، نووسەر مەبەستی قسە کردنی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ بەرپرسان بە شێوەی خستنەڕووی پێشنیاری نیشتمانی و پیشاندانی واقیعی خەڵکی کوردستان، هاوکات دەست نیشان کردنی کەموکوڕی و پێویستییەکان، کە ئەمەش لە شێوەی چەندین بەرنامەی پێشنیاز بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرجەستە کراوە.


بۆ مێژوو..
مەسعود بارزانی

# ڕەخنە و تێبینی وسەرنجەکانم لەمەڕ کتێبی

# بۆ مێژوو..

**«سەروەرم کاک مەسعود بارزانی، لەئێستادا ئەگەر لە ڕوواڵەت بنوارین، ئەوا شارانمان زۆر بەخۆدا هاتوون، بەڵام ئەگەر لەمرۆڤی کورد بڕوانین، ئەوا بەڕاستی خەریکە شیرازەی لێکدەپچڕێت. بە هیوای هیممەتێکی ڕژدی شۆڕشگێڕانەین.»**



**پروفیسۆر. د. هۆگر مەحموود**

بەشی دووەم و کۆتایی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەبارەت بە ڕژێمەکانی پێش ٢٠٠٣، بەڕاستی ئەوانیش بەرامبەر بە کورد وەك نەتەوە، درێغییان نەکرد، لە ١٩٦٣دا، (بە دو)وەکانیان چەکدار کردو بە هۆسەی (نحن البدو وين العدو)، بەردرانە وێزەی کورد، کە ئەگەر بەرگریی پێشمەرگە نەبوایە، نییەتیان تاساندنی دەنگی کورد بوو. دواتر هەر لە شەستەکاندا هێزی سەربازیی یەمەنی و وڵاتانی دیکەی عەرەبی هێنران و شەڕی پێشمەرگەیان کرد، نەك هەر ئەوەش، بەڵکو (عەبدولسەلام محەمەد عارف) کاری لەسەر ئەوەش دەکرد، کە بەناوی دینەوە کورد ڕەشەکوژ بکات، هەرچی ڕژێمەکەی سەددامیش بوو، ئەوە پلانی نەهێشتنی نەتەوەی ئێمەی داڕشتبوو، تەنانەت سەددام حوسێن لە کۆمەکاری عەرەبدا، داوای لە وڵاتانیان کردبوو، کە هەر وڵاتەو ڕێژەیەك کورد وەربگرێت، بۆ ئەوەی لە عێراقدا نەتەوەیەك بە ناوی کورد و خاکێك بە ناوی کوردستانەوە نەهێڵێت، خۆ ئەگەر (موعەممەر قەزافی) و مەلیکی سعوودییە، قایل بوونایە و بەرهەڵستییان نەکردایە، ئەوا میر و سەرکردەکانی دیکەیان، ڕەنگە لە ڕێگەی پارەی نەوتەوە قایل بکرانایە، بەڵام خۆشبەختانە ئەو دووانەیان بوونە هۆی سەرنەگرتنی ئەو پلانە دۆزەخییەی سەددام و ڕژێمەکەی، کاتێکیش کە سوننە و شیعەی عەرەبی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو دژایەتیی کوردیان نەکردووە، لە ڕۆژگاری ڕژێمەکانی پێشوودا، هۆکار ئەوە بووە، کە لە خودی ئەو ڕژێمانە ڕازی نەبوون، هەر بۆیە ژێربەژێر شۆڕشی کوردیان بە دەرفەتێك دەزانی بۆ لەکۆڵبوونەوەی ئەو ڕژێمانە، نەك لەوەوە، کە بڕوایان بە مافی کورد هەبووبێت، دیارە لێرەدا من مەبەستم تاکە تاکەیەکی کەم نییە، وەك: بەهەشتی (عەزیز شەریف) و (هادی عەلەوی) و (حەسەن عەلەوی)، کە ئەمانەش پتر کاریگەریی چەپگەراییان لەسەر بوو، هاوکات مرۆڤگەلێکی ڕۆشنبیر بوون، کورد واتەنی «بە گوڵێك بەهار نایەت»، بۆیە ئەوانەش ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە، ڕێژەیەك لەوانەی کە ئێستا لە دەسەڵاتدان، ڕۆژگارێك کە لە دەست ڕژێم هەڵدەهاتن و شۆڕشی کورد و پێشمەرگە داڵدەی دەدان، کەچی لە ئێستادا هەڵوێست و پلان و پیلانیان دژ بە مافی ڕەوای کوردە، ئەوە ڕاستە، کە لە ئێستادا دژایەتیکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان

**سەددام حوسێن لە کۆمکاری عەرەبدا، داوای لە وڵاتانیان کردبوو، کە هەر وڵاتەو ڕێژەیەک کورد وەربگرێت، بۆ ئەوەی لە عێراقدا نەتەوەیەک بە ناوی کورد و خاکێک بە ناوی کوردستانەوە نەهێڵێت**

**ڕێژەیەک لەوانەی کە ئێستا لە دەسەڵاتدان، ڕۆژگارێک کە لە دەست ڕژێم هەڵدەهاتن و شۆڕشی کورد و پێشمەرگە داڵدەی دەدان، کەچی لە ئێستادا هەڵوێست و پلان و پیلانیان دژ بەمافی ڕەوای کوردە**

**نەمانتوانیوە لۆبییەکی کوردی ڕژد لە وڵاتانی خاوەن بڕیاردا دروست بکەین، هەربۆیە ڕەنگە زۆر مافی گلەییکردنمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەبێت**

**دەسەڵاتدارانی عێراق یەک لە دوای یەک، لە بێهێزیدا پەیمانگەلی زۆریان بە کورد داوە، بەڵام لە بەهێزبوونەوەیان لە هەموویان پاشگەزبوونەتەوە**

دەکەنە بانگەشەی سیاسی و هەڵبژاردن، دیارە هۆکاری ئەمەش دوولایەنەیە، یەکەمیان ئەوەیە، کە هاندانی دەرەکی بۆ ئەو کارە لەئارادایە، چونکە دەستی کارای پشت پەردە لە عێراقدا، لە بنەچەدا دیفاکتۆکەی کوردی عێراق، بە هەڕەشە بۆ خۆیان دەبینن، بۆیە بە هەموو چەشنێك کار بۆ پێشێلکاریی دەستوور دەکەن، کە هەربەوەش عێراق لە پشێویدا دەمێنێتەوە و، کاری ستراتیجی ئەوان مەیسەر دەبێت، دووەمیش ئەوەیە، کە لە ئێستادا وەك دەڵێن پتر لە سەد کەناڵی تایبەت بە حیزب و میلیشیاکان هەن، ئەمە جگە سایتەکانی سایەیان و زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان، هەموو ئەمانە یەك جۆر ئاوەزمەندی خستوونیەتەگەڕ، کە ئەویش کۆنەپەرستی و شۆڤێنییەتە، بێگومان شۆڤێنییەتیش هەرئەوەی لێڕادەبینرێت کە کار لەسەر پێشێلکردنی مافی بەرامبەر بکات، نەك لێبووردەیی و پێکەوە ژیان، ئەو دوو هۆکارە لە دووای (٢٠٠٣)وە بە توندی لە کاردان، لە ڕۆژگاری بەعسدا، دەسەڵات تەنیا لای سەددام بوو، هاوکات هەلومەجی تەکنەلۆژیا و میدیا زۆر لە سنوورێکی دیاریکراودا بەردەست بوو، بەڵام لە ئێستا دیارە سەرچاوەی بڕیار و سەدان سەرچاوەی پشێوینانەوە لە ئارادان، بە شێوەیەك خەڵکێکی شیعە هەن، کە ئاوات بە ڕۆژگاری بەعس دەخوازن، بە هەموو دڕندایەتییەکەشیەوە. لەلایەکی تریشەوە خەڵکەکە بەشێوەیەك برسی کراون، کە لەپێناوی ژیانێکی کولەمەرگیدا، دواکەوتەیانن هەرچی بخوازن، بەو ئاراستەیەدا بیانجوولێنن، دیارە لە هەلومەرجی وادا، بەئاسانی دەتوانن لەناو ڕەشە خەڵکی برسیکراو و گێلێندراودا، دەنگ بهێنن و بمێننەوە.

لەبەرامبەر ئەو کەشەی عێراقدا، ئێمەش نەمانتوانیوە یەکدەنگی مسۆگەر بکەین، نەمانتوانیوە مرۆڤی کورد بە ئاڕاستەی بڕیاری چارەنووسسازدا پەروەردە بکەین، نەمانتوانیوە ژێرخانی ئابووری تۆکمە بکەین، نەمانتوانیوە لۆبییەکی کوردی ڕژد لە وڵاتانی خاوەن بڕیاردا دروست بکەین، هەربۆیە ڕەنگە زۆر مافی گلەییکردنمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەبێت، بەتایبەت کە بۆ ئەوان ئاساییە، ئەگەر مافی مرۆڤ و ڕەوایەتی، لەگەڵ سیاسەتکردندا تێکەڵ نەکەن و تەنیا و تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانیانەوە، لێکدانەوە بۆ مافی مرۆڤ و ڕەوایەتی بکەن.

هەر لە بڕگەی (وتەی کۆتایی) لە ل (١٣٠)دا، هاتووە، کە ((لەسەر دەوڵەتی عێراق پێویستە قەرەبووی خەڵکی کوردستان بکات و بودجەش بنێرێت، دەوڵەتی عێراق ناچارە ئەوە بکات، چونکە گەلی کوردستانی قڕ کردووە و تاوانی ئەنجام داوە.)) ئەم قسەیە زۆر ڕاستە، بەڵام ئایا هیچ دەسەڵاتێکی عێراق، ئەگەر جێپێی قایم بکات، ئامادە دەبێت بەم دوعایە بڵێت ئامین؟! پێموایە هەر لەم کتێبەدا نموونەی زۆر هێنراونەتەوە، کە دەسەڵاتدارانی عێراق یەك لە دوای یەك، لە بێهێزیدا پەیمانگەلی زۆریان بە کورد داوە، بەڵام لە بەهێزبوونەوەیان لە هەموویان پاشگەزبوونەتەوە، واتە ئەزموونمان کەم نین، وەك ئیسلامیش دەڵێت: ((بڕوادار نابێت دوو جار لەیەك کونەوە مار پێوەی بدات!)). ئێمەی کورد چەندان و چەندان جار مارانگەزتەین، بۆیە من پێموایە ئەو دەمەی کە عێراق جێپێی قایم نەکردبووەوە، دەبوو کاری ڕژد بۆ ئەو لایەنە بکرایە، دەبوو لە جیهاندا ئەو قڕکرنەمان بە زیندوویی بهێشتایەتەوە، دەبوو هونەرمەند و نووسەرە ناودارەکانی جیهانمان بخستایەتە سەر کەڵکەڵەی نووسین و کاری سینەمایی سەبارەت بە کۆستەکانی ئەنفال و کیمیاباران و...تاد، ئەمە ئەو ڕێگەیەیە، کە بتوانیت ئەو داوایانەت لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بەدەست بهێنێت. لێرەدا پرس ئەوەیە کە ئایا ئێمە بەو ئاراستەیەدا کارمان کرد؟ ئایا چ بودجەیەکمان لەو ملیاردان دۆلارەی ڕژانە کوردستانەوە، بۆ ئەم لایەنە تەرخان کرد؟

سەروەرم کاك مەسعود، دڵنیابە بەندە بۆ خۆم، تەنانەت زۆری وەك ئێمەمانان ئەوەمان بە بەرپرسان وتووە، بەڵام کەی لە وڵاتە بەڵانگازەکەی ئێمەدا گوێ بۆ ئێمەمانان گیراوە؟! ئەوە نەتەوەی زیندووە، کە ناهێڵێت کۆستەکانی مێژووی، بچێتە پشت پەردەی بیرچوونەوە، بۆ ئەوەی، نەوە دوای نەوە بزانن، کە مانەوەیان لە سایەی قوربانییەکانی پێشینانەوەیە، نموونەی بەرچاو جووەکان و هۆڵۆکۆست، ژاپۆنییەکان و هێرۆشیما و ناکازاکی و...تاد، بەداخەوە وا زۆربەی ئەو پیرەژن و پیرەمێردانەی، کە بە چاوی خۆیان و بە گۆشت و خوێنیانەوە (ئەنفال و کیمیاباران

و...تاد)یان، بینیبوو، یەك لەدوای یەك ژیانیان جێهێشت، بەبێ ئەوەی بە دەنگ و رەنگ چیرۆکەکانیان تۆمار کرابێت، ئەوەش کە کرابێت، کەسانێکی دڵسۆز بە ماندووبوون و بەگیرفانی خۆیان کردوویانە، کە دڵۆپێکە لە دەریایەك.

ئێمەی کورد بە ئەم پەرتییە، بە ئەم دڕدۆنگییە بەرامبەر بە یەك، چۆن بتوانین چاوەڕێی ئاکامێك بۆ گوزارشتی ((لەسەر دەوڵەتی عێراق پێویستە...)) بکەین، ئێمە هەمیشە دەبێت گرەو لەسەر توانای خۆمان بکەین، دیارە ئەوەش کاتێك دەبێت کە کەلێن لە ریزەکانی نەتەوەکەماندا نەهێڵدرێت و، یەکدەنگی لەئارادا بێت، حوکمی خۆمان بۆ خۆمان هێندە لەبار بێت کە بواری بەراوردکردنی بە حوکمی داگیرکەران بۆمان نەبێت، مرۆڤی کورد و زمان و کەلتووری، شکۆی بۆ گێڕابێتەوە، کە هەمیشە داگیرکەران ویستوویانە لە شکۆی نەتەوەی کورد بدەن.. جا ئایا ئەو چارەکە سەدەیە، ئێمە ئەوەمان کردووە؟ مرۆڤی کوردمان بنیاد ناوە؟ ئەزموونێکی وامان کردووە، کە مایەی ئیرەیی دۆست و دوژمنانمان بێت؟ ئایا نەوەیەکمان پێگەیاندووە، کە نەتەوە و خاك و زمان و کەلتووری خۆی خۆش بوێت و وەك سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوو، بڵێت ((کوردستان یان نەمان))، یان بە پێچەوانەوە، دوای ئەو چارەکە سەدەیە، کوڕوکاڵی هەرزە، بڵێن ((ئای بۆ هەلێکی تێتەقان بۆ هەندەران)).

رژێمەکانی عێراق، هەنگاو هەنگاو بەرنامەی خۆیان بۆ بەرتەسككردنەوەی خاکی کورد و نادیدەگرتنی کورد، لە ماوەی ئەو سەد ساڵەی دواییدا، پێش خستووە و رژێمی سەددامیش گەیاندنیە ترۆپك. بەندە رامواییە لە هەر کارێکی رژێمەکانی عێراقدا زلهێزان بێ ئاگا نەبوون، بگرە خۆشیان لە هێندێك باردا هاوکاریان بوون، هەر بۆ نموونە لە ١٩٢٤دا، ئینگلیز شاری سلێمانی بە گەورەترین بۆمبی دروستکراوی دوای جەنگی یەکهەمی جیهانی بۆردومان کرد، تاوەکو شێخ مەحموودی حەفید، بۆ دەوڵەتی عێراق ملکەچ بکات، هەر لەو ساڵەدا فەیسەڵ لەگەڵ ئینگلیزدا رێکدەکەوێت، کە هێزی ئاسمانیی خۆی بنیاد بنێت، یەکهەم دەرچوونی فڕۆکەوانە عێراقییە راهێنراوەکانی سەردەستی ئینگلیز لە ١٩٣١-١٩٣٢ دا، بۆ بۆردومانکردنی کوردستان بوو، ئەوە لە کاتێکدا کە کۆمەڵەی گەلان، مەرجیان ئەوە بوو، کە عێراق مافی کورد بپارێزێت، دوای ئەوەی کە دەچێتە ئەو کۆمەڵەوەیەوە و لەمانداتی ئینگلیز لە رووالەتدا دەردەچێت، کەچی دوای ئەو دەرچوونە، لە ١٩٣٢ دا، هەنگاو هەنگاو پتر مافی کوردیان پێشێل کردووە.

هەر لە (وتەی کۆتایی)دا هاتووە: ((ئەوەی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جووڵە بە هاوکێشە و شتەکان دەکات، پرەنسیپ و بنچینەی ماف و دادپەروەری نییە، بەڵکە لۆژیکی هێز و بەرژەوەندیخوازییە، بینیمان هەموویان دژ بە دەنگی رەوای خەڵك وەستابوونەوە، بەڵام کەسێك رێگری ئەوەی نەکرد، کە لە دژی کوردستان چەك و زەبرەزەنگ و ئابڵوقەیان بەکارهێنا..))، دیارە ئەو فەرمایشتە زۆر راستە و بگرە بەڵگە نەویستیشە، ئێمەی کورد ئەو ئەزموونانەمان لەگەڵ زلهێزان و دەوڵەتانی دەوروبەریشدا، کەم نین، هاوکات دەبێت گلەیی بەپلەی یەکهەم لەخۆمان بکەین، جا ئێمەیەك کە نەمانتوانیبێت ناوماڵی خۆمان هێندە تۆکمە بکەین، کە نەتوانن درز و دەلاقە لە نێوانماندا دروست بکەن، ئیتر نە سکاڵا و نە خۆدانە بەر سۆز و بەزەیی ئەوان، هەرگیز نە دادێکی داوە و، نە لە داهاتووشدا دەیدات، بەتایبەت ئەگەر بزانن، کە ئێمە توانای یەکدەنگبوونمان تێدا نییە، ئاشکراشە، کە کەس گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو ناکات.

بێگومان یەکدەنگبوونیش کاتێك دێتە ئاراوە، کە حیزبی کورد ببنە هۆکار بۆ گەیشتنە ئامانجی باڵای نەتەوە، نەك خودی حیزب و باڵ و کەسانییان ببنە ئامانج و پرسی کورد بخرێتە پێناوەوە.

زۆربەجێیە کە بەڕێز کاك مەسعود، لە بڕگەیەکدا سوپاسی بێ پایانی هەڵوێستی گەرموگوڕی پشتیوانیی گەلی کوردی کردووە لە ناوچەکانی دی و سەرجەم کوردانی دەرەوەی کوردستان.

من بۆخۆم هەرگیز گومانم لەوە نییە، کە رۆڵەکانی نەتەوەکەم لە هەرکوێیەك ببن، چاویان لەوەیە کە ئەم ئەزموونەی باشوور سەرکەوتوو بێت، چونکە چاك ئەوە دەزانم، کە سەرکەوتنی ئەزموونەکە سەرکەوتنی هەموو کوردە، هاوکات رەچاوکردنی مافی ئەوانیش لەلایەن داگیرکەرانەوە،

**کەی لە وڵاتە بەڵانگازەکەی ئێمەدا گوێ بۆ ئێمەمانان گیراوە؟! ئەوە نەتەوەی زیندووە، کە ناهێڵێت کۆستەکانی مێژووی، بچێتە پشت پەردەی بیرچوونەوە**

**لە ١٩٢٤دا، ئینگلیز شاری سلێمانی بە گەورەترین بۆمبی دروستکراوی دوای جەنگی یەکهەمی جیهانی بۆردومان کرد، تاوەکو شێخ مەحموودی حەفید، بۆ دەوڵەتی عێراق ملکەچ بکات**

**مانەوەی ئێمە بە درێژایی مێژوو، بە هۆی ئەوەوە بووە، کە نەتەوەکە ئامادەی قوربانیدان لە پێناوی مانەوە و نیشتمان و پیرۆزییەکانیدا بووە، دەنا کەم نین ئەو نەتەوانەی کە نەیانتوانیوە زمان و ناسنامەی خۆیان بپارێزن**

**ئەگەر دەستگاکانی حکوومەتی هەرێم ئامارێک، یان راپرسییەک لەناو لاواندا بکەن، بۆ زانینی ئەوەی ئایا چ رێژەیەک لەلاوان ئامادەن نیشتمان جێبهێڵن، ئەوا دەزانین وەک کورد لەچ کارەساتێکدا دەژین**

**راستە کەم تا زۆر کتێبی یادەوەریی کەسانی کارکردوو لە جووڵانەوە و شۆڕشەکانی کوردمان هەن، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە رووداوەکانی رۆژگاری خۆیان دوواون، بەڵام زۆر دەگمەن قسەکانیان بە پاڵپشت بە بەڵگەنامە کردوون**

**بە بەرچاوی دۆست و دوژمنەوە، لە پرۆسەیەکی دیموکراسییانەدا و بە ئاگاداریی زۆر لایەن و کەسایەتیی نێودەوڵەتی، کورد توانی لەسەرجەم خاکی باشووردا، ئازادانە دەنگ بدات و ٩٢,٧٪ ژێردەستەیی رەت بکاتەوە و دەنگ بە سەربەخۆیی بدات**

**سرووشتی مرۆڤ وایە، هەمیشە لەسەرکەوتندا، زۆرن ئەوانەی خۆ دەکەنە خاوەنی و بە پێچەوانەشەوە لە شکست خۆبەری دەکەن**

دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، بەڵام ئەگەر لێرە بەرەو هەڵدێر بڕۆین، ئەوا بۆ ئەوانیش هێندەی دی مافیان پێشێل دەکرێت.

کاك مەسعود، وەك سەرکردەیەك، ئەوە بەبیر دەهێنێتەوە کە ((هەندێ لایەن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دڵی خۆیان بەوە خۆش بکەن و وا لێکی بدەنەوە کە، بە هۆی چەواشە و میدیا و چەك و پارەی هەندێ کەسی بێ پرەنسیپ و خاکفرۆشی کوردەوە دەتوانن وا لەگەلی کوردستان بکەن، دەستبەرداری بەهاو ئامانجەکانی خۆیان بن، ئەوە زۆر بە هەڵەداچوونە، لەبەرامبەر ئەمانەدا بە ملیۆنان گەنجی کورد هەن کە بڕوایان بە بەهاو ئامانجە باڵاکان هەیە و کەرامەت و شکۆی گەلەکەیان دەپارێزن)).

دیارە وەك ئەوەی، کە مانەوەی ئێمە بە درێژایی مێژوو، بە هۆی ئەوەوە بووە، کە نەتەوەکە ئامادەی قوربانیدان لە پێناوی مانەوە و نیشتمان و پیرۆزییەکانیدا بووە، دەنا کەم نین ئەو نەتەوانەی کە نەیانتوانیوە زمان و ناسنامەی خۆیان بپارێزن، بۆیە ئەگەر ریشەکێشیش نەبووبن، ئەوا لەناو نەتەوە داگیرکەرەکانیاندا تواونەتەوە، واتە کورد و مانەوەی لە کوردستانەکەیدا، بە پێکۆڵ و قوربانیدان بووە، بەڵام ئەو بۆچوونە بۆ ئەم دەیەیەی دوای سەدەی (٢١)، پێویستی بە هەڵوێستەکردنێك هەیە، چونکە ئێستا میدیا بەگشتی و سۆشیال میدیا بەتایبەتی، بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە، هەلومەرجێکی هێناوەتە ئاراوە، کە هەرچییەك لەوپەڕی دنیادا دەگوزەرێت، لە چرکەساتێکدا بە هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە، لەبەر ئەوە لاوی ئێستا، لاوی کۆن و بگرە هی دوو دەیەی پێشتر نین، کە هێندێك لە پیاوانی ئایینی پێیان دەوتن: ((ئێوە بە گوفتارمان بکەن، بە رەفتارمان مەکەن)). نەوەی ئێستا جگە لەوەی، کە خۆشەویستیی نەتەوە و زمان و خاکی لەلا کاڵ کراوەتەوە، هاوکات لە رەفتار ورد دەبێتەوە، بۆیە هەر نابەرنامەییەك ببینێت، یان هەر هەڵوێستێکی نادڵسۆزانە ببینێت، ئەوا ئەگەر ئیسلام واتەنی، نەشتوانێت بەدەستی بیگۆڕێت، ئەوا زۆر بە ئاسان دەتوانێت تەپڵی نابەجێی بۆ ئەو خاوەن هەڵوێستە لێ بدات و سەدان هەزاری لێ ئاگادار بکات.

خۆ ئەگەر دەستگاکانی حکوومەتی هەرێم ئامارێك، یان راپرسییەك لەناو لاواندا بکەن، بۆ زانینی ئەوەی ئایا چ رێژەیەك لەلاوان ئامادەن نیشتمان جێبهێڵن، ئەوا دەزانین وەك کورد لەچ کارەساتێکدا دەژین، بەتایبەت کە خۆمان لەچاو عەرەبی عێراقدا کەمینەین، لەلایەکی تریشەوە، رێژەی زیادکردنی عەرەبی عێراق لەچاو کورددا، زۆر زۆر جیاوازە و چەند جارەی کورد منداڵ دەخەنەوە، هاوکات هاوسەرگیریی چەند ژنە، کە لەناو کورددا ئێستا دەگمەنە، لای ئەوان هەیە و بەردەوامە بۆیە دەبێت هەوڵی رژد بدرێت، تاوەکو وەرچەرخانێك لە سرووشتی کارکردنی حیزبانی کورددا بکرێت، تاوەکو لاوی کورد لەو بێهیواییەدا نەهێڵدرێتەوە، دەنا داهاتوو مژدەبەخش نابێت و دەگەڕێندرێتەوە چوارگۆشەی یەکەم و بگرە خراپتریش.

لەبڕگەیەکی تردا هاتووە کە ((گەلی کوردستان هەرماوە، نە ئەوان توانیویانە کورد لەناو ببەن و، نە کوردیش توانیویەتی ئەوان لەناو ببات.))، ئێمە ئەگەر بەراوردێك بەنێوان ئەو دوو مانەدا بکەین، دەبینین جیاوازییەکی زۆر لەئارادایە و بەردەوامیش رووبەری جیاوازییەکە بەرفراوانتر دەبێت، هەربۆ نموونە ئێمەی کورد کاتێك دەوڵەتی عێراق پێکهێنرا، رۆژهەڵاتی دیجلە تا خوار کووت و عەممارە، زۆرێك لە دانیشتووانەکەی کورد بوون، لە کەرکووکیشدا عەرەب دەگمەن بوون، تکریت و سامەڕا رێژەیەکی زۆری کوردی خاوەن خاکیان تێدا بووە، حەویجە، خاکی کورد بوو، لە دووای پرۆژەی ئاوی سییەکانی سەدەی پێشووەوە، هێدی هێدی عەرەبێنرا و ئێستا شارێکە بۆ خۆی. سلێمانی یەك ماڵە عەرەبی تێدا نەبوو، هەولێر و دهۆك، مەگەر دەگمەن، دەنا نەبوون، بەڵام ئێستا لە شارێکی وەکو سلێمانیدا، بەتایبەت دوای کوشت و کوشتاری نێوان شیعە و سوننە دواتر هاتنەکایەی داعش، ئێستا لە سلێمانیدا هێندەی منداڵی عەرەب لەدایك دەبن، هێندە منداڵی کورد لەدایك نابن، ئەوان بە پەناهێندەش هاوسەرگیرییان بەردەوامە و بگرە تێیاندایە لە دوای هاتنەکوردستان دوو ژن و سێ ژنیان هێناوە، بۆیە لە بیرکردنەوەماندا بۆ داهاتوو، دەبێت چەندان لایەن رەچاو بکەین.

لەکۆتاییدا، پوختەی کۆی بۆچوونەکانم سەبارەت بە کتێبی ((بۆ مێژوو..)) و ئەو

دەنگدانــەوە ئەرێنــی و نەرێنییانــەی کــە ریفرانــدەم بــە دوای خۆیــدا هێنانییــە ئاراوە، لەچەنــد خاڵێکــدا دەخەمــە ــ ڕوو.

یەکــەم: گرنگیــی ئــەم کتێبــە لەوەدایــە، کــە ســەرکردەیەکی کــورد، بــە پشتبەســتن بــە کۆمەڵێــك نەخشــە و بەڵگەنامــە، نووســیویەتی، لــەم چەشــنە کارە لــە ئەدەبییاتــی سیاســیی کــورددا زۆر نیــن، بەتایبــەت کــە لــە پێنــاوی ڕوونکردنــەوەی ئــەو هەلومــەرج و جووڵــە دیپلۆماســی و کۆبوونــەوە حیزبییانــەی حیزبانــی گۆڕەپانــی سیاســیی باشــوور و هــاوکات پەیوەندییــە دەرەکییــەکان و چۆنیەتیــی گەڵاڵەبوونــی بڕیــاری ئەنجامدانــی ریفرانــدەم و لێکەوتەکانــی بێــت.

بۆیــە بــە دڵنیاییــەوە، دەڵێــم: ئــەم کتێبــە لــە داهاتــوودا دەبێتــە کەرەســتەی لێکۆڵینــی زانســتی، چ بــۆ بــواری مێــژوو و چ بــۆ بــواری سیاســەت.

دیــارە ئەمــە بــۆ ئێمــەی کــورد، تــا رادەیــەك نوێیــە، راســتە کــەم تــا زۆر کتێبــی یادەوەریــی کەســانی کارکــردوو لــە جووڵانــەوە و شۆڕشــەکانی کوردمــان هــەن، کــە بــە جۆرێــك لــە جۆرەکان لــە ڕووداوەکانــی ڕۆژگاری خۆیــان دوواون، بــەڵام زۆر دەگمــەن قســەکانیان بــە پاڵپشــت بــە بەڵگەنامــە کــردوون، بێگومــان لێکۆڵــی زانســتیش پتــر ڕەچــاوی زانیاریگەلێــك دەکات، کــە بــە بەڵگەنامــە خرابنــە ڕوو، کتێبەکــە ژمارەیــەك نەخشــەی کــۆن و نــوێ لەخــۆ دەگرێــت، بەوانەشــەوە کــە هێڵــی بەرگریــی هێزەکانــی پێشــمەرگەی دوای ١٦ی ئۆکتۆبــەر دیــاری دەکــەن، ئەمانــەش هێنــدەی دی گرنگیــی کتێبەکــە، لــەو لایەنانــەوە، کــە بــاس کــران، دەخەینــە ڕوو.

دووەم: خســتنە ڕووی ئــەو گفتوگــۆ و دانیشــتنانەی، کــە لەپێــش ریفراندەمــدا لەگــەڵ حیزبانی باشــووری کوردســتاندا کراون، هەڵوێســتی ئــەوان و تەنانــەت پێداگریــی هێندێکیــان لەبــارەی ئەوەوە، کە ئەو راپرسییە لە کەرکووکیشدا بکرێت، تەنانــەت ئــەو وتانــەی کــە ســەرکردەی هێندێــك لــە ئــەو حیزبانــە، وەك پاڵپشــتی بــۆ ریفرانــدەم دەریــان بڕیــوە.

ســێیەم: خســتنە ڕووی کەشــی کۆبوونەکــەی دووکان بەتایبەتــی و تەنانــەت ئــەو پرســەی کاك مەســعود، لــە ئامادەبووانــی کۆبوونەوەکــە، ســەبارەت بــەوەی کــە ئایــا هیــچ ڕێککەوتنێکــی ژێربەژێــری پێشــوەخت لەئــارادا هەیــە؟ خــودی ئــەو لێپرســینە ئــەوە دەردەخــات، کــە گومــان هەبــووە، بۆیــە پێموایــە بــە بوونــی ئــەو گومانــە، دەبــوو هێزەکانی پێشــمەرگە پلانــی (بی) و (سی)یان هەبووایــە، تاوەکو لەباری کارابوونــی پلانــی دوژمنــدا، ئــەو شــڵەژانە بــۆ هێــزی پێشــمەرگە دروســت نەبووایــە، خۆ ئەگــەر شــیمانەی ڕاســتەرچوونی ئــەو گومانــە ڕەچــاو بکرایــە، ئــەوا دەکرا لــە ڕێگــەی کارکردن بــە پلانی (بی) و (سی) یــەوە، بەربەســت بــۆ پلانــی عێــراق و دەروودراوســێ دروســت بکرایــەو وا بــە ئــەو ئاســانییە ســەرکەوتوو نەبوونایــە، بۆیــە بــە دڵنیاییــەوە دەڵێــم سرووشــتی ئــەو گومانــە و ســەرچاوەکانی، لــە داهاتــووی نەتــەوەی ئێمــەدا چەندان پرس بە دوای خۆیدا دەورووژێنێت.

چــوارەم، بەنــدە وەك خــودی خــۆم، ئــەوکات و ئێســتاش بــە ڕاشــکاوی دەڵێــم ریفرانــدەم ئەگەرچــی ناوچەیەکــی زۆر فراوانمــان بــە دوایــدا لــە دەســت دا، بــەڵام بەدیوێکــی تــردا ســەرکەوتنێکی مەزنــی مێژوویــی خواســتی نەتەوەیــی کــورد، بــە پێودانگــی دیم,کراســییانە بەدیهــات، کــە ئەویــش ئــەوە بــوو بــە بەرچــاوی دۆســت و دوژمنــەوە، لــە پرۆســەیەکی دیموکراســییانەدا و بــە ئاگاداریــی زۆر لایــەن و کەســایەتیی نێودەوڵەتــی، کــورد توانــی لەســەرجەم خاکــی باشــووردا، ئازادانــە دەنــگ بــدات و ٩٢,٧٪ ژێردەســتەیی ڕەت بکاتــەوە و دەنــگ بــە ســەربەخۆیی بــدات.

ئــەوە خــۆی لەخۆیــدا هەڵوێســتێکی تــری نەتــەوەی کــورد و کوردســتانیانی باشــوور بــوو، کــە جەختــی کــۆڕەوە ملیۆنییەکــەی بــۆ جیهــان کردەوە، بــەڵام ئــەم جارەیــان لــە پرۆســەیەکی هاوچەرخانــەی دیموکراســیی ڕێکوپێکــدا، بــە یــەك دەنــگ بــە داگیرکــەران و نادیدەکارانی مافی کوردیــان ڕاگەیاند، کــە چیدی نامانەێت پاشــکۆ و ژێردەســت بیــن.

پێنجــەم: مــن چــاك ئــەوە دەزانــم، کــە زۆرێــك لــە کوردانــی حیزبــزەدە هــەن، کــە دوای گەلەکۆمــەکێ و پەلارمارەدانەکانی عێــراق، کەوتنــە تانــەو تەشــەر لــە ریفرانــدەم و لــە خــودی کاك مەســعود، کــە ئــەوە بــۆ بەنــدە زۆر ناچاوەڕوانکــراو نەبــوو، چونکــە سرووشــتی مرۆڤ وایــە، هەمیشــە لەســەرکەوتندا، زۆرن ئەوانەی خــۆ دەکەنــە خاوەنــی و بەپێچەوانەشــەوە لــە شکســت خۆبــەری دەکــەن. بــۆ مــن ئــەو ئاکامــەی ریفرانــدەم بــە ئــەو ســەرکەوتوویە، یەکێکــە لــەو ســەروەرییانە، کــە مێــژووی بــۆ خاوەنــی بیرۆکەکــە، بەتایبــەت بــۆ

**وەک تاکێکی کورد، لە ناخەوە لەگەڵ ئەوەدا نەبووم، کە کورد بچێت و دوای (١٢) ساڵ خۆبەڕێوەبردنی نیمچە سەربەخۆیانە هاوکار بێت بۆ دروستکردنەوەی عێراق، بەڵام ئەوە ڕووی دا**

**دڵپاکیی سەرکردەکانمان لەوەدا، کە شیعە قۆناغێک هاوخەباتمان بوون و سەرکردەکانیان لە کوردستان داڵدە درابوون، بۆیە بە دوور زانراوە، کە بە ئەو چەشنە پشت بکەنە مافە ڕەواکانی کورد**

**عێراق ڕزگارکردنی حەویجەی خستە دوای ڕزگارکردنی مووسڵ و هاوپەیمانانیش ڕێگر نەبوون، بە مەرجێک بەپێی پێوەرە سەربازییەکان دەبوو پێش مووسڵ ئازاد بکرێت، ئەوکارە بە دڵنیاییەوە جەختی ئەوەی دەکرد، کە عێراق نیازی خراپەو مرخی لە کەرکووک و ناوچەکانی دی خۆش کردووە**

کاك مەسعودی تۆمار دەكات، دیارە ئەم بۆچوونەم قسەیەکی سەرپێیی نییە، بەڵکو لەو روانگەیەوەیە، کە لە ئاوەزمەندیی حیزب و میلیشیا عێراقییەکان و دەستلەپشتدەرە دەرەکییەکانیان بەئاگام و هێندەشم لە بڵاوکراوەکانیانەوە هەڵهێنجاوە، کە بزانم چۆن و بە چ جۆرێك مامەڵە لەگەڵ پرسی کورددا دەکەن، بەتایبەت ئەگەر پێگەیان پتەو بێت و هەلی لەباریان بۆ بڕەخسێت، من وەك تاکێکی کورد، لە ناخەوە لەگەڵ ئەوەدا نەبووم، کە کورد بچێت و دوای (١٢) ساڵ خۆبەڕێوەبردنی نیمچە سەربەخۆیانە هاوکار بێت بۆ دروستکردنەوەی عێراق، بەڵام ئەوە رووی دا، وایشی بۆ دەچم، کە بێجگە لە گوشاری دەرەکی، دڵپاکیی سەرکردەکانمان لەوەدا، کە شیعە قۆناغێك هاوخەباتمان بوون و سەرکردەکانیان لە کوردستان داڵدە درابوون، بۆیە بە دوور زانراوە، کە بەو چەشنە پشت بکەنە مافە رەواکانی کورد، دیارە ئەو لێکدانەوەیەی کورد، هەرگیز لە سیاسەتدا بە کارێکی دروست نازانرێت، بەڵام لە مێژووی کورددا چەندان دووبارەبوونەوەی هەن، هەر بۆ نموونە مستەفا کەمال و خۆبەهێزکردنی لە سایەی کورددا و دواتر، وەشاندنی زەبری کوشندەتر لەوانەی سوڵتانەکان کە لە کوردیان وەشاندبوو.

بۆیە جارێکی دی دەڵێم کردنی ریفراندەم هەنگاوێکی گرنگی کوردی باشوورە و ئەمەش بەپێی چەند سەرەتایەك، کە گرنگترینیان ئەوەیە، کە بینیمان عێراق رزگارکردنی حەویجەی خستە دوای رزگارکردنی مووسڵ و هاوپەیمانانیش رێگر نەبوون، بە مەرجێك بەپێی پێوەرە سەربازییەکان دەبوو پێش مووسڵ ئازاد بکرێت، ئەوکارە بە دڵنیاییەوە جەختی ئەوەی دەکرد، کە عێراق نیازی خراپەو مرخی لە کەرکووك و ناوچەکانی دی خۆش کردووە، هەروایش کەوتەوە، بۆیە من بە خۆشئەندێشیی دەزانم، کە کەسانێك هەبن بڵێن ئەگەر ریفراندەم نەکرایە، ئەوا کەرکووك و ناوچەکانی ترمان لەدەست نەدەدان، جگە لەوەش ئەوان ئەو هەموو ساڵە تێپەڕی، بەڵام بە رژدی نەهاتنەپێشەوە بۆ ئەوەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، تەنانەت رێگەیان نەدا بڕیارێکی رژێمی بەعس هەڵوەشێندرێتەوە، کە تایبەت بوو بە دابڕانی قەزا کوردەکانی کەرکووك، خۆ لەمە بەڵگەی روونتر نابێت، کە بە ئاشکرا بڕوانەبوونی ئەوان دەردەخات، چ بە دەستوور و مافی کورد و چ بە گەڕانەوەی ناوچە دابڕێندراوەکانمان،

عێراق لە دوای (٢٠٠٣)وە هیچ ئارامی و ئاساییبوونەوەیەکی بەخۆوە نەدیوە، بۆیە هێزی ئەوەیان نەبوو پەلاماری کورد بدەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو نائارامی و فرە ناوەندیی بڕیارەیاندا هەمیشە گرفتیان بۆ هەرێم دروست کردووە، خۆ ناکرێت پێش داعش، جووڵەکانی مالیکی و ناردنی (زەیدی) لەبیر بکەین، کە ئەگەر هاتنەکایەی داعش نەبووایە، ئەودەم کەوتبوونە لووتژەندنە کەرکووك و دەوروبەری، پرس ئەوەیە، کە ئەگەر وا دابنێین ریفراندەم نەکرایە و توانای هەلی گرتنەوەیان بە شێوەیەکی دی بۆ بڕەخسایە، ئایا هەرگیز رێیان بەوە دەدا، کە لە پرۆسەیەکی دیموکراسییانەدا و بە بوونی ئەوان لەو شارەدا، ریفراندەم بکرێت؟! بۆمن وەڵامەکە هەرگیز ئەرێنی نابێت، کەواتە ئەگەر ریفراندەم نەکرایەو ئەوان کەرکووکیان داگیر بکردایەتەوە، ئەوە لەدەستدانی ئەو هەلە مێژووییە نەدەبوو بۆ کورد؟ ئەوەش لەبیر ناکەم، کە جگە لە دەوڵەتانی هەرێمیی، کە بە ئاشکرا دژایەتیی مافی راپرسیی کوردیان کردو بە هێزیش لە دژی لەکاردا بوون، بەڵام ناکرێت رۆڵی پشتپەردەی بەریتانیا لەو دژایەتیکردنە نادیدە بکەین، ئەو دەوڵەتە لە چەندان قۆناغدا دژایەتیی مافی کوردی کردووە، هەربۆ نموونە لە رۆژگاری شێخ مەحموودی حەفیددا، جگە لەوەی باشووریان بە ملهوڕی لکاند بە عێراقەوە، هاوکات هەوڵیاندا (سەیید تەهای شەمزینی) دژی شێخ بەکار بهێنن، لەوەدا سەرنەکەوتن، هەر ئینگلیز لە رێگەی کۆمپانیای نەوتەوە لە کەرکووك فیتنەی ١٩٥٩ی سازکرد، لە(١٨٢٠)دا (میستەر ریچ)، کە هاتووەتە سلێمانی، یەکێك لە ئەرکەکانی دووبەرەکی خستنە نێو بابان بووە، کە کورد لەمە بێئاگایە، لە شەوی (یەك لەسەر دووی/٢٠١٩/١)دا، بەرپرسی تۆڕی میدیای رووداو لە ئەمەریکا، وتی: ((بەریتانیا پرۆژەی ئەمەریکا بۆ پاراستنی کوردی پێ باش نییە و بە تەحەددای دەزانن بۆ تورکیا))، بەداخەوە پێدەچێت ئەمەریکا لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیشە گوێڕایەڵی بۆچوونەکانی بەریتانیا بێت، هەربۆیە لە بەرامبەر

**به خۆشئەندێشیی دەزانم، کە کەسانێک هەبن بڵێن ئەگەر ریفراندەم نەکرایە، ئەوا کەرکووک و ناوچەکانی ترمان لەدەست نەدەدان**

**ناکرێت پێش داعش، جووڵەکانی مالیکی و ناردنی (زەیدی) لەبیر بکەین، کە ئەگەر هاتنەکایەی داعش نەبووایە، ئەودەم کەوتبوونە لووتژەندنە کەرکووک و دەوروبەری**

**جگە لە دەوڵەتانی هەرێمیی، کە بە ئاشکرا دژایەتیی مافی راپرسیی کوردیان کردو بە هێزیش لە دژی لەکاردا بوون، بەڵام ناکرێت رۆڵی پشتپەردەی بەریتانیا لەو دژایەتیکردنە نادیدە بکەین، ئەو دەوڵەتە لە چەندان قۆناغدا دژایەتیی مافی کوردی کردووە**

ریفراندەمدا، ئەو بێهەڵوێستییەی هاوپەیمانان دروست بوو، کە (١٦)ی ئۆکتۆبەری لێکەوتەوە و بۆ (١٧)ی ئۆکتۆبەر کۆمپانیای (بی پی)ی بەریتانیایی لەسەر بیرە نەوتەکانی کەیوان ئامادە بوو، ئەمەش ئاماژەیەکی گومانهەڵنەگرە، کە بەریتانیا لەگەمەکەدا بووە. راستە وەك کورد لەو داگیرکردنەوەیەی ناوچەکانمان زیانمان کردووە، بەڵام ئەوە بە ئەو واتایە نییە، کە بەرژەوەندیی عەرەبی عێراقیان بوێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو وڵاتە ئارامی بە خۆوە نەبینێت، وەك ئەو سەد ساڵەی کە لەسایەیاندا کوردستانیان بە عێراقی عەرەبەوە لکاند، گومانیش دەکەم، کە پەرتکردنی هێزی کورد لە (١٦) ئۆکتۆبەردا، رۆڵی ئینگلیزیشی تێدا نەبووبێت! خاڵێکیش کە بۆ من زۆر مایەی سەرسوورمان و دڵتەنگییە، ئەوەیە کە هێندێك بەناو سیاسەتکاری سەر بە حیزبانی کورد هەن، زۆر بێباکانە لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکانیاندا لەگەڵ کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکاندا، سووکایەتی بە ریفراندەمەکە دەکەن و تانە لە ئەو رێژەی (٩٢٪پۆینت٧)ە دەدەن و دەڵێن گوایە ئەوە راست نییە و گزیی تێدا کراوە!! بۆیە خەمی گەورە و پرسی من ئەوەیە، ئایا بە راست ئەم کەسانە چۆن لە ئەو حیزبانەدا پەروەردە کراون؟! بڵێی بە گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی گۆش کرابن، یان بەپێچەوانەوە؟! ئایا بە چ لۆژیکێك رەوایە کەسێکی خۆ بە سیاسەتکاری کورد بزانێت و بە ئەو چەشنە ئاو بکاتە ئاشی ناحەزانی نەتەوەکەمانەوە، بەتایبەت لە پرسێکی وا گرنگدا؟!

شەشەم: سەبارەت بە دادگای عێراق و پووچەڵکردنەوەی ئەنجامی ریفراندەم، دەپرسم: بڵێی عێراقێك، کە تێیدا رۆژانە دەستوور و مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت، ئایا دادگا دەتوانێت بڕیاری دادپەروەرانە و دەستوورییانەی راست، سەبارەت بە پرسی ریفراندەمی کورد بدات؟! جگە لەوەش، بەچ لۆژیکێك رەوایە، کە ملیۆنان مرۆڤ چوونە سەر سندووقی دەنگدان و ئازادانە دەنگیان دابێت، کەچی دادگایەك بێت و نادیدەی بگرێت و بڕیاری پووچەڵکردنەوەی بدات!، بۆیە دەسەڵاتی عێراقی ئەگەر بڕوایان بە دادپەروەری هەبێت، ئەوا دەکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئاکامی ریفراندەمەکە بێن و کار لەسەر ئەوە بکەن، هەلی ریفراندەمێکی دی بۆ کورد، بە شێوەیەکی ئازادانە بڕەخسێنن، تاوەکو خەڵکی کوردستان خۆیان سەربەستانە بڵێن سەربەخۆییمان ناوێت، وەك ئەوەی کە لە هەرێمی (کیوبیك)ی کەنەدا و هێندێك وڵاتی باوەڕبوو بە دیموکراسییەت و بە مافی مرۆڤدا دەگوزەرێت، نەك بە ملهوڕیی شۆڤێنییانە، بە ناوی دادگاوە، ئەو پێشێلکارییە بکەن.

جارێکی دی دەستخۆشی لە کاك مەسعود دەکەم، هاوکات تکای دڵسۆزانەی لێ دەکەم، کە بە هەموو توانایەکیەوە بەدواداچوون بۆ چاکسازی بکات، دڵنییام لەمپەر لەبەردەم چاکسازیدا زۆرن، بەڵام لە هەرێمدا هەر تۆ لەو پێگەیەدایت کە ئەو کارە بکەیت، کێشە و گرفتەکان لە هەرێمەکەماندا هێندە بەرەو هەڵکشان چوون، بواری ئەوە نەماوە، کە چاوپۆشی لە دز و گەندەڵ بکرێت، جا ئەوانە لەهەر پێگەیەکدا بن، چونکە ئێستا هەرێم وەك پاپۆڕێك وایە، کە لەچەندان لاوە دەستە رەشەکان کار بۆ کونکردنی دەکەن، ئەگەر ئەو دەستانە نەبڕدرێنەوە، ئەوا ئەزموونەکەمان لەدەست دەدەین، بە شێوەیەك، کە بواری هەستانەوە بۆ کوردی باشوور لەئارادا نەمێنێت، بێزاریی خەڵك لە ئاستێکی ترسناکدایە، داگیرکەرانیش لە چەندان رێگەوە هەوڵی پشێویی ناوخۆمان دەدەن، لەدەستدانی بڕوای خەڵك بە چاکسازی، وادەکات جڵەوی کار لەدەست دەربچێت، هیوادارم نەگەینە ئەو ئاستە، لە رۆژگاری شێخ مەحموودی نەمردا، جلخوار و ئینگلیزخوا بوونە هۆی بێزارکردنی خەڵك، دڵسۆزان هەوڵی چاکسازییان دا، بەڵام نەکرا، بۆیە پیاوێکی دڵسۆزی وەك مەلا حەمدوونی نابینا، بە چوارینێك هەستی خۆی دەربڕیوە و، فەرموویەتی:

گوتیان حەکیمی چاو واهات، گوتم من ناچمەلای بۆ چاو
نەوەك چاوم ببینیێ، حاکمی ناعادل و ناپیاو
چلۆن چاوم بەرایی بێ، بنۆڕم شاری وێرانە
وڵاتی پڕ نەهاتی، میللەتی شیرازە لێکپچڕاو

***

سەروەرم کاك مەسعود بارزانی، لەئێستادا ئەگەر لە رووالەت بنوارین، ئەوا شارانمان زۆر بەخۆدا هاتوون، بەڵام ئەگەر لەمرۆڤی کورد بڕوانین، ئەوا بەڕاستی خەریکە شیرازەی لێکدەپچڕێت. بە هیوای هیممەتێکی رژدی شۆڕشگێڕانەین.

**ئینگلیز لە رێگەی کۆمپانیای نەوتەوە لە کەرکووک فیتنەی ١٩٥٩ی سازکرد، لە(١٨٢٠) دا (میستەر ریچ)، کە هاتووەتە سلێمانی، یەکێک لە ئەرکەکانی دووبەرەکی خستنە نێو بابان بووە**


**کێشە و گرفتەکان لە هەرێمەکەماندا هێندە بەرەو هەڵکشان چوون، بواری ئەوە نەماوە، کە چاوپۆشی لە دز و گەندەڵ بکرێت، جا ئەوانە لەهەر پێگەیەکدا بن**

**ئێستا هەرێم وەک پاپۆڕێک وایە، کە لەچەندان لاوە دەستە رەشەکان کار بۆ کونکردنی دەکەن، ئەگەر ئەو دەستانە نەبڕدرێنەوە، ئەوا ئەزموونەکەمان لەدەست دەدەین، بە شێوەیەک، کە بواری هەستانەوە بۆ کوردی باشوور لەئارادا نەمێنێت**




# عێراق
# وەهمی فیدراڵییەت و
# دەوڵەتێکی لەرزۆک





پ.د. شێرزاد نەجارِ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

((ئەمسا لە ساڵی ١٩٣٨ لەلایەن نازییەکانەوە داگیرکرا و، بووە بەشێك لە ئەڵمانیا، دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانییش بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە (بەریتانیا، ئەمریکا، فەرنسا، یەکێتی سۆڤیەت) بەڕێوە دەبرا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: چۆن ئەم دەوڵەتەی دوای شەڕێکی کاولکاری و پاشانیش ١٠ ساڵ بەڕێوەبردنی لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە، جارێکی دی سەربەخۆیی وەرگرت و، توانییان دەوڵەتێکی مەدەنیی هاوچەرخ بونیاد بنێنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەو شێوەیە دەدرێتەوە کە هێزە سیاسییەکانی ئەمسا بە جیاوازی تەواوی ئایدیۆلۆژییانەوە توانییان لەناو بەندیخانە خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە و لە سەری رێك بکەون، ئەو خاڵە هاوبەشانەش بوونە پرۆژەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی ئەمسا و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی. ئەگەر لەم نموونەیەوە سەیری عێراقیش وەك دەوڵەتێکی دوای شەڕ و پاشانیش بەڕێوەبردنی لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠١٠ بکەین و، بپرسین: بۆچی هێزە عێراقییەکانیش نەیانتوانی وەك هێزە سیاسییەکانی ئەمسا، وڵاتی خۆیان بونیاد بنێنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش واقیعی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەیداتەوە، کە هێزە سیاسییەکانی عێراق نەیانتوانیوە لەسەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش رێك بکەون و، ئەو خاڵە هاوبەشانە بکەن بە پرۆژەیەك بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق، وەك ئەو دەوڵەتەی لە دەستووری ٢٠٠٥ پێناسە کرا، (دەوڵەتێکی فیدراڵی، پەرلەمانی، دیموکراتی، فرەیی)، هەر بۆیە کە سەیری هەیکەلییەتی ئێستای دەوڵەتی عێراق دەکەین و لەگەڵ پێناسەی دەستوورەکەی ٢٠٠٥ بەراوردی دەکەین، هەست دەکەین ئەو پێناسەی لە دەستووردا بۆ دەوڵەتی عێراق کراوە، لە وەهمێك بەو لاوە، شتێکی دیکە نییە.))

**هێزە سیاسییەکانی ئەمسا بە جیاوازی تەواوی ئایدیۆلۆژییانەوە توانییان لەناو بەندیخانە خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە و لە سەری رێك بکەون، ئەو خاڵە هاوبەشانەش بوونە پرۆژەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی ئەمسا و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی**

**کە سەیری هەیکەلییەتی ئێستای دەوڵەتی عێراق دەکەین و لەگەڵ پێناسەی دەستوورەکەی ٢٠٠٥ بەراوردی دەکەین، هەست دەکەین ئەو پێناسەی لە دەستووردا بۆ دەوڵەتی عێراق کراوە، لە وەهمێك بەو لاوە، شتێکی دیکە نییە**

**لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردووی نووسینەوەی دەستووری ٢٠٠٥ هەتا ئێستا لە عێراقدا شیعە بە حوکمی زۆرینە دەسەڵاتدار بووەە، ئەم زۆرینەیەشی مونۆپۆڵ کردووە، بۆ ئەوەی عێراق بەرەو دەوڵەتێکی ئایینی (شیعە) بەرێت**

**ئەو واقیعە سیاسییەی ئێستای عێراق پەیوەندی بە دەستوورەکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو واقیعە سیاسییەوە هەیە، کە تێیدا کێ بەهێز بێت، ئەو کۆنترۆڵی دەسەڵات دەکات**

### ● عێراق لە ١٩٢١ەوە تا ٢٠٢١
### لە حوکمڕانیی سەنتراڵییەوە بەرەو حوکمڕانیی ئایینی

ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی دەوڵەتی عێراق بکەین، ئەوا ئاشکرایە عێراق لەساڵی ١٩٢١ لەسەر دەستی بەریتانیا دامەزرا و، حوکمڕانی درا بە ئەمیر فەیسەڵ (پاشان لە ٢٣ی ئاب ١٩٢١ وەك یەکەم مەلیکی عێراق پەسەند کرا) و، چەندین کەسایەتیی مەدەنی و سەربازی کە هاوکاری بوون، بۆ ماوەی زیاتر لە ٨٠ ساڵ دەسەڵاتی سیاسیی عێراقیان بەڕێوە برد. لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی پێشوو لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە، جارێکی دیکە نەخشە بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی نوێ دارێژدرا، لەم دارشتنەوە نوێیەدا، ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەی سەپاندنی، حوکمڕانی درایە زۆرینەی شیعە، لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردووی نووسینەوەی دەستووری ٢٠٠٥ هەتا ئێستا لە عێراقدا شیعە بە حوکمی زۆرینە دەسەڵاتدار بووە، ئەم زۆرینەیەشی مونۆپۆڵ کردووە، بۆ ئەوەی عێراق بەرەو دەوڵەتێکی ئایینی (شیعە) بەرێت، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە ٢٠٢١ ئایندەی عێراق بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم بەرەو نادڵنیایی (عدم الیقین — Uncertainty)، کە ئەمەش حاڵەتێکی زۆر خراپ و مەترسیدارە و نازانرێت ئایندەی وڵاتەکە چۆن دەبێت.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: بۆچی لەدوای نووسینەوەی دەستوور لە ٢٠٠٥، عێراق بەرەو ئەو دەوڵەتە هەنگاوی هەڵنەگرت کە لە دەستوورەکەدا نەخشەی بۆ داڕێژرابوو؟ لەوانەیە باشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بێت کە خودی دەستوورەکە ئیشکالیەتی هەیە و، دەستوورێکی چەقبەستووە و، لە ئێستاشدا بە بوونی ئەو واقیعە سیاسییەی لە عێراقدا هەیە، ناتوانرێت دەستکاری بکرێت، بۆیە ئەو واقیعە سیاسییەی ئێستای عێراق پەیوەندی بە دەستوورەکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو واقیعە سیاسییەوە هەیە، کە تێیدا کێ بەهێز بێت، ئەو کۆنترۆڵی دەسەڵات دەکات، دیاریشە لە عێراقدا، لایەنی سەرەکیی بەهێز بریتییە لە هێز و لایەنە شیعەکان کە ئێستا دەسەڵاتیان لە دەستدایە.

لایەنـە سیاسـییەکانی شـیعە ئامانجێکـی دیایکراویـان هەیـە و، هەمـوو هەوڵیـان بـۆ ئەوەیـە ئـەو ئامانجـەی خۆیـان بەسـەر لایەنەکانـی دیکەشدا فـەرز بکـەن، ئـەو ئامانجـەش ئەوەیـە کـە عێـراق بـەرەو دەوڵەتێکـی ئایینـی مەزهەبگەرایـی ببـەن، کـە ئـەم پرۆژەیەشیان بۆ تـەواو بـوو، عێـراق دەبێتـە دەوڵەتێکـی ئیسـلامی هاوشێوەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران.

لەنـاو ئـەم واقیعـە ئاڵـۆزەدا ئەگـەر سـەرنج لـە دامـەزراوە فەرمییەکانـی دەوڵەتـی عێـراق بدەیـن، وەك (سـەرۆکایەتیی کۆمـار، سـەرۆکایەتیی وەزیـران و ئەنجومەنـی نوێنـەران)، دەبینیـن دامـەزراوەی سـەرۆکایەتیی کۆمـار بەپێی دەسـتوور دەمەزراوەیەکـی تەشـریفاتیی بـێ دەسـەڵاتە، هەروەهـا سـەرۆك وەزیرانـی ئێسـتای عێراقیـش، سـەرۆك وەزیرانێکـە بـە ناچاری دانـراوە و نوێنـەری هیـچ فراکسیۆنێکی گـەورەی نـاو پەرلەمـان نییـە، بۆیـە دامـەزراوەی سـەرۆکایەتیی وەزیرانیـش، بۆتـە دامەزراوەیەکـی پەککەوتـوو و سـەرۆك وەزیـران دەتوانێـت بڕیـار دەربـکات، بـەڵام ناتوانێـت بڕیارەکانـی خـۆی جێبەجـێ بـکات، سـەبارەت بـە ئەنجومەنـی نوێنەرانیـش، دەبینیـن ئـەم دامـەزراوە گرنگـەی یاسـادانان لـە ڕەوتـە پرۆفیشـناڵییەکەی خـۆی لایـداوە و، ئاراسـتەی پرۆسـەی سیاسـی و یاسـاکان بـەرەو بەرژەوەندیـی ئـەو لایەنـە سیاسـییانەی شـیعە دەبـات، کـە ئێسـتا تەحەکـوم بـە پرۆسـەی سیاسـیی عێراقـەوە دەکـەن.

پرسـیاری سـەرەکی لێـرەدا دەبێتـە ئـەوەی کـە، کاتێـك دامەزراوەکانـی دەوڵـەت نەتوانـن کاری خۆیـان بکـەن، ئایـا ئـەم دەوڵەتـە چـۆن بەڕێـوە دەچێت؟ بێگومـان وەڵامـی ئـەم پرسیارە ئەوەیە کە دەوڵەتـی قـووڵ (دولـة العمیقـة - Deep state)، لـە عێراقیشـدا دەوڵەتـی قـووڵ پێکهاتـووە لـە (هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی، خاوەنـی بەرژەوەندیـی تایبـەت، هێزی دەرەکی)، ئەمـە پێمـان دەڵێت، هەیکەلییەتـی دەوڵەتـی عێـراق وەك دەوڵـەت زۆر لاوازە و ناتوانێـت سـەقامگیری لـە وڵات دابیـن بـکات.

ئەگـەر لێـرەدا پرسـیارێکی دیکـە لـە خۆمـان بکەیـن، بـەوەی ئەگـەر هەیکەلییەتـی دەوڵەتـی عێراق بەم شێوەیە لـەرزۆك و لاوازە، ئایا پێشبینی ئـەوە دەکرێت ئـەم دەوڵەتـە لەبەریـەك هەڵبوەشێت؟ لـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەڵێیـن: زۆر زەحمەتـە عێـراق وەك دەوڵـەت لەبەریـەك هەڵبوەشـێت، لەبـەر ئـەوەی ئـەم پرسـە پەیوەنـدی بـە هاوسـەنگیی هێـز Balance of Power لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەیـە، لەمـەش زیاتـر ئـەو هێـزە دەرەکییـەی کـە بەشـێکە لـە دەوڵەتـە قووڵەکـەی عێـراق، ڕێگـە نـادات ئـەم دەوڵەتـە لەبەریـەك هەڵبوەشـێت، زیـاد لەمـەش سیاسـەتی نێودەوڵەتییش لـە ئێسـتادا ڕێگـە نادات کە ئـەو دەوڵەتە نەمێنێت و، تێڕوانینەکە بەو جۆرەیـە ئەگـەر ئـەم دەوڵەتـە لەبەریـەك هەڵبوەشـێت، ئـەوا توانـای ڕاگرتنـی هاوسـەنگیی هێـز نامێنێت و، کە ئەمـەش ڕووی دا، ناتوانرێت کۆنترۆڵی هیـچ بکرێـت و، (بەلکان)ێکـی دیکـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دروسـت دەبێـت، لێـرەدا دەگەڕێمـەوە بـۆ بووچوونەکـەی کرایسـکی (ڕاوێـژکاری نەمسـا ١٩٧٠-١٩٨٣) کـە لـە حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو ئامـاژەی بـەوە کردبـوو «ئەگـەر هاتـوو جەنگـی سـێیەمی جیهانـی هەڵبگیرسـێت، ئـەوا ئـەم شـەڕە لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەبێـت)، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە هەمـوو پرسـەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە (دەوڵـەت و کۆمەڵگـە) وە زۆر ئاڵـۆزن و، هیـچ لایـەك لەلایەکـەی دیکـە ڕازی نییـە و، هیـچ تێگەیشـتنێکی هاوبەشـیش لـە نێوانیاندا بوونی نییە. ئەم حاڵەتە بە پێچەوانەی دەوڵەتانـی یەکێتیـی ئەورووپـا دوای جەنگـی دووەمـی جیهانییـە، ئـەوان دوای شـەڕ توانییـان لەسـەر بنەمـای ئابـووری پەیوەندییەکانـی خۆیـان ڕێك بخەنەوە و لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەورووپادا تێگەیشتنێکی هاوبەش دروست بکەن، بەڵام لەناو دەوڵەتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەتـا ئێسـتا ئابـووری نەبووەتـە فاکتەرێکـی هاوبەش بۆ دووبارە ڕێکخسـتنەوەی پەیوەندییەکانیـان، بەڵکـو ئـەوەی پشـتی پـێ دەبەسـتن، تەنیـا فاکتـەری (هێـز)ە، کـە فاکتـەری هێزیـش بـووە بنەمـا، ئـەوا سـەقامگیری بوونـی نابێـت و کـە سـەقامگیرییش بوونـی نەبـوو، ئـەوا هیـچ ئایندەیەکـی ڕۆشـن بـەدی ناکرێـت.

لـە ئێسـتای پرۆسـەی سیاسـیی عێراقیشـدا، دەبینیـن هەمـان فاکتـەری ناسـەقامگیریی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە پرۆسـە سیاسـییەکەدا بوونـی هەیـە، هـەر بـۆ نموونـە، دەبینیـن لـە نـاو لایەنـە سیاسییەکانی عێراق بـە شێوەیەکی گشتی و لایەنـە سیاسـییەکانی شـیعە بەتایبەتـی بێجگـە لـە فاکتـەری (هێـز) هیـچ فاکتەرێکـی دیکـە

**دامەزراوەی سەرۆکایەتیی کۆمار بەپێی دەستوور دەمەزراوەیەکی تەشریفاتیی بێدەسەڵاتە، هەروەها سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراقیش، سەرۆك وەزیرانێکە بە ناچاری دانراوە و نوێنەری هیچ فراکسیۆنێکی گەورەی ناو پەرلەمان نییە**

**ئەم دامەزراوە گرنگەی یاسادانان لە ڕەوتە پرۆفیشناڵییەکەی خۆی لایداوە و، ئاراستەی پرۆسەی سیاسی و یاساکان بەرەو بەرژەوەندیی ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە دەبات، کە ئێستا تەحەکوم بە پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە دەکەن**

**زۆر زەحمەتە عێراق وەك دەوڵەت لەبەریەك هەڵبوەشێت، لەبەر ئەوەی ئەم پرسە پەیوەندی بە هاوسەنگیی هێز Balance of Power لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، لەمەش زیاتر ئەو هێزە دەرەکییەی کە بەشێکە لە دەوڵەتە قووڵەکەی عێراق، ڕێگە نادات ئەم دەوڵەتە لەبەریەك هەڵبوەشێت**

**کرایسکی (ڕاوێژکاری نەمسا ١٩٧٠-١٩٨٣) کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئاماژەی بەوە کردبوو «ئەگەر هاتوو شەڕی سێیەمی جیهانی هەڵبگیرسێت، ئەوا ئەم شەڕە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت)**

**پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە (دەوڵەت و کۆمەڵگە) وە زۆر ئاڵۆزن و، هیچ لایەک لەلایەکەی دیکە رازی نییە و، هیچ تێگەیشتنێکی هاوبەشیش لە نێوانیاندا بوونی نییە**

**لە ناو لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی و لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەتایبەتی بێجگە لە فاکتەری (هێز) هیچ فاکتەرێکی دیکە بوونی نییە، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ پڕۆژەی بونیادنانەوە دروست بێت**

**ئەو توێژەر و پسپۆڕانەی باسیان لە پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی لە عێراقدا کردووە، ئێستا هەست دەکەن، بە ئاراستەیەکی هەڵە توێژینەوەیان کردووە و، لە عێراقدا زەمینەی پرۆسێسی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی دروست نەبووە و بە ئاسانییش دروست نابێت**

**ئەزموونی نەتەوەکانی جیهان و زانستی سیاسەتیش نموونەیەکی وامان پیشان نادات کە لە نەبوونی ژینگەیەکی دیموکراتیدا، سیستمی فیدراڵی بووبێتە چارەسەر بۆ کێشەکانی دەوڵەتێکی فرە پێکهاتە و نەتەوە**

بوونی نییە، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ پڕۆژەی بونیادنانەوە دروست بێت، هەر بۆیە کە سەیر دەکەین، هیچ لایەك نییەتی ڕێککەوتنی نییە و، نایانەوێت لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان ڕێك بکەون، بۆ ئەوەی نەخشەیەك بۆ ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتەکەدا دابڕێژدرێت، دیارە هەموو ئەمانەش گوشاری ئەو هێزە دەرەکییەیە کە مەبەستیەتی دەوڵەتی عێراق بەو شێوەیە بونیاد بنرێتەوە کە خۆی ئامانجیەتی، نەك ئەو دەوڵەتەی لەسەر بنەمای دەستوور و کۆمپرامایز و تێگەیشتنی هاوبەشی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێتەئاراوە، لەم حاڵەتەشدا عێراق کە خاوەنی کۆمەڵێك فاکتەری زۆر بەهێزە لە رووی (فاکتەری ئابووری و یەدەگێکی گەورەی نەوت و بودجەیەکی زەبەلاحەوە)، ناتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و، بەرەو نموونەی دەوڵەتێکی وەك سۆماڵ هەنگاو هەڵدەگرێت، کە هەر پێکهاتە و لایەنێك لە ناوچەی خۆی حوکمڕانی بکات. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە سەرەنجام بە زیانی ئەو هێز و لایەنە شیعەیانە ناشکێتەوە کە ئێستا خۆیان بە سەر پرۆسەی سیاسیی عێراقدا فەرز کردووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین: «ئەگەر ئەوان بیانزانیایە دەوڵەتەکە لەبەریەك هەڵدەوەشێت، ئەوە دەترسان لەوەی زیان بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەزانن دەوڵەتەکە بە هۆی گوشاری فاکتەری دەرەکییەوە لەبەریەك هەڵناوەشێت، ئەوا ناترسن لەوەی زیان بکەن و، بارودۆخەکەیان بەمجۆرە پێ باشترە، لەبەر ئەوەی هەر خۆیان کاریگەرییان هەیە و هەر خۆشیان خاوەنی بڕیارن».

## ● هاتنەدەرەوە لە وەهمی دەوڵەتی فیدراڵی و مامەڵەی لۆژیکانە لەگەڵ ئەمری واقیع

پێش ئەوەی بێمە سەر چەمکی «دەوڵەتی فیدراڵی»، ئەو پرسیارە دەکەم: ئایا لە چ ژینگەیەکدا دەوڵەتی فیدراڵی، یان سیستمی فیدراڵی دەبێتە ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و پێکهاتە؟ بێگومان دەبێت زەمینەیەك لەو وڵاتە دروست بێت، بۆ ئەوەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی دروست بێت، یان لانیکەم ئەو مەرجانە بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگەیەدا ئەو وەرچەرخانە رووبدات، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەپرسین: ئایا لە عێراقدا پرۆسێسی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی، یان مەرجەکان بۆ ئەو وەرچەرخانە بوونی هەیە؟ بێگومان نەخێر، کەواتە لەم حاڵەتەدا ئەو توێژەر و پسپۆڕانەی باسیان لە پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی لە عێراقدا کردووە، ئێستا هەست دەکەن، بە ئاراستەیەکی هەڵە توێژینەوەیان کردووە و، لە عێراقدا زەمینەی پرۆسێسی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی دروست نەبووە و بە ئاسانییش دروست نابێت.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: باشە ئەگەر وڵاتێك زەمینەی پرۆسێسی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی تێدا نەبێت، ئایا دەکرێت باس لە سیستمی فیدراڵی بکەین، وەك چارەسەر بۆ کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەو فرە پێکهاتە؟ دیارە ئەزموونی نەتەوەکانی جیهان و زانستی سیاسەتیش نموونەیەکی وامان پیشان نادات کە لە نەبوونی ژینگەیەکی دیموکراتیدا، سیستمی فیدراڵی بووبێتە چارەسەر بۆ کێشەکانی دەوڵەتێکی فرە پێکهاتە و نەتەوە.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر بێینە سەر ئەوەی، ئەی بۆچی دوای رووخانی رژێمی پێشوو و، لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، سیستمی فیدراڵی وەك چارەسەر بۆ کێشەکانی عێراقی نوێ وەك دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و پێکهاتە پەسەند کرا و، گەلی عێراقیش بە ڕێژەیەکی باش دەنگیان پێ دا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین: ئەو خەڵکانەی ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە دوای رووخانی رژێمی پێشوو هاتنەوە عێراق، نە سیاسەتمەدار بوون، نە دەوڵەتمەداریش بوون بە مانای وشە، بۆیە ئامانجی ئەوان تەنیا ئەوەندە بوو، لە بەغدا ببنە دەسەڵاتدار و بە لۆژیکی هێز حوکمڕانی بکەن، نەك بە لۆژیکی دەستوور و خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دەستپێکردنی پرۆسێسی وەرچەخان بەرەو دیموکراتی لە عێراقدا، هەر بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین لەدوای پەسەندکردنی دەستوورەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ هیچ هەنگاوێك بەرەو دەوڵەتی فیدراڵی هەڵنەگیراوە، تەنانەت ئەنجومەنی فیدراڵی کە شان بەشانی ئەنجومەنی نوێنەران، مەرجێکی سەرەکییە بۆ دەوڵەتی فیدراڵی، هەتا ئێستاش باسی نەکراوە، لەمەش زیاتر هیچ یاسایەك لە

پەرلەمانی عێراق دەرنەچووە بۆ ئەوەی ڕێگە بە پارێزگایەك، یان چەند پارێزگایەك بدات، بۆ ئەوەی هەرێمێکی فیدراڵی لەناو ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە دروست بکرێت. (لێرەدا چەندین داواکاری لەلایەن چەندین پارێزگای عێراقەوە بۆ دروستکردنی هەرێمی فیدراڵی ڕەت کراوە.)

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دوو حاڵەت هەیە:

١. حاڵەتێکی وەهمی و خەیاڵی (Imagination)، لەم حاڵەتەدا عێراق دەوڵەتێکە کە خاوەنی دەستوورێکە و دەستوورەکەش ئەم دەوڵەتەی وەك «دەوڵەتێکی فیدراڵی، پەرلەمانی، دیموکراتی، فرەیی» پێناسە کردووە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم حاڵەتە وەهمە و لە واقیعدا بوونی نییە، ئەوا چەند هەوڵی لەگەڵ بدرێت، وەك ئەوەیە لە بیاباندا بە شوێن سەرابدا ڕابکەیت و هیچ ئاکامێکی نابێت.

٢. حاڵەتی دووەم ئەمری واقیعە (De facto)، لەم حاڵەتەشدا عێراق دەوڵەتێکی لەرزۆکە، دامەزراوەکانی ناتوانن دەوڵەتەکە بەڕێوەبەرن و، لە بەرامبەریشدا دەوڵەتێکی قووڵ بوونی هەیە کە وڵاتەکە بەڕێوەدەبات، ئەمەش واقیعی حاڵی پرۆسەی سیاسییە لە ئێستای دەوڵەتی عێراقدا کە گەلێك جار نکوڵی لێ دەکرێت، بەڵام بۆ چارەسەر کردنی هەر کێشەیەك ئەوا ناچار دەبین و دەبێت، لەگەڵ ئەو دەوڵەتە قووڵە قسە بکرێت کە کاریگەری لەسەر هەموو پرسەکان هەیە و توانای بڕیاردانی هەیە.

ئەگەر لێرەوە ئەو پرسیارە بورووژێنین، ئایا لە عێراقدا تەنیا یەك پرۆژە بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەت هەبووە، کە ئەویش پرۆژەی چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵییە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین: نەخێر، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە عێراق لەناو دوو پرۆژەی جیاوازدا بووە، کە هیچیان بە دروستی ئامانجیان بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی نەبووە، ئەو دوو پرۆژەیەش بریتین:

أ- پرۆژەی ئەمریکی: دیارە ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە تا ئێستاش پرۆژەی بۆ عێراق هەبووە، ئەو پرۆژەیەش بەشێك بووە لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق، لە ماوەی ١٧ساڵی ڕابردووش ئەوەی لە پرۆژەی ئەمریکی تێبینی کراوە، ئەوە بووە کە جڵەوگیریی بارودۆخەکە بکات، کە شێوەیەك لە دامەزراوە و هاوکاری لەنێوان پێکهاتەکان هەبێت، ئەمەش بەو جۆرەی لە دەستووری ٢٠٠٥دا هاتووە و دەستوورەکەش لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی پرۆژەی ئەمریکی بووە.

ب- پرۆژەی ئێرانی: ئێران لەم پرۆژەیە هەوڵی بۆ ئەوە داوە ئەو هەموو سەرکەوتنانەی لە عێراقدا بەدەست هاتوون، بکەوێتە دەستی خۆی و سەرەنجامیش نموونەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکاتە پێشەنگ بۆ دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق، بۆ ئەمەش ئامانجیەتی عێراقییەکان واز لە دەستووری ٢٠٠٥ بهێنن و زەمینە بۆ دەستوورێکی تازەی بە هاوشێوەی دەستووری ١٩٧٩ی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵبگرن.

پرۆژەی ئێرانی بە شێوەیەکی زۆر باش لەگەڵ دیدوبۆچوونی شیعەی عێراق یەك دەگرێتەوە و، شیعەکان لەسەر بنەمای زۆرینەیەکی «ئەفسانەیی»، واتە لە بەرامبەر کورد و سوننە خۆیان بە زۆرینەیەکی ئەفسانەیی دەزانن، هەموو هەوڵیشیان بۆ ئەوەیە ئەم زۆرینەیە بە باشی بەکاربهێنن، هەتا تەواو تەواو پرۆژەکەی خۆیان سەربخەن.

عێراق لە نێوان هەردوو پرۆژەی «ئەمریکی و ئێرانی» گەیشتووەتە حاڵەتێك کە دەشێت پێی بگوترێت: «بە بنبەست گەیشتنی دیموکراتی»، ئەم بەبن بەست گەیشتنە، هەموو دامەزراوە دەوڵەتیەکانی عێراقی دووچاری ئیفلیجبوون کردووە و، بنەمای گەمە سیاسییەکەشیان لە ناو پەرلەماندا گۆڕیوە بۆ گەمەی «زۆرینە و کەمینە»، ئەم ئەمری واقیعەی ئێستا بوونی هەیە، گرنگترین کۆڵەگە و فاکتەری دەستووری عێراقی تێك شکاندووە، کە ئەویش فاکتەری پێکەوە گونجان و پێکەوە سازان «التوافق» بووە، ئەم بنەمایەش ئێستا بە تەواوەتی لەناو پرۆسەکە بوونی نەماوە، کە بنەمای پێکەوە سازانیش بوونی نەما، ئەوا ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە کە شتێك بە ناوی «شەراکەت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق» بوونی نامێنێت و، چارەسەرکردنی کێشەکانیش هەر بەو ئاراستەیە دەڕۆن کە زۆرینەی شیعەی عێراق نەخشەی بۆ دەکێشن.

**لەدوای پەسەندکردنی دەستوورەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ هیچ هەنگاوێک بەرەو دەوڵەتی فیدراڵی هەڵنەگیراوە، تەنانەت ئەنجومەنی فیدراڵی کە شان بەشانی ئەنجومەنی نوێنەران، مەرجێکی سەرەکییە بۆ دەوڵەتی فیدراڵی، هەتا ئێستاش باسی نەکراوە**

**ئێران هەوڵی بۆ ئەوە داوە ئەو هەموو سەرکەوتنانەی لە عێراقدا بەدەست هاتوون، بکەوێتە دەستی خۆی و سەرەنجامیش نموونەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکاتە پێشەنگ بۆ دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق**

**عێراق لە نێوان هەردوو پرۆژەی «ئەمریکی و ئێرانی» گەیشتووەتە حاڵەتێک کە دەشێت پێی بگوترێت: «بە بنبەست گەیشتنی دیموکراتی»، ئەم بەبن بەست گەیشتنە، هەموو دامەزراوە دەوڵەتیەکانی عێراقی دووچاری ئیفلیجبوون کردووە و، بنەمای گەمە سیاسییەکەشیان لە ناو پەرلەماندا گۆڕیوە بۆ گەمەی «زۆرینە و کەمینە»**

**ئەم جووڵە ستراتیژییەی کە بارودۆخی ئێستا فەرزی دەکات، بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی بیکات، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام سەرکردە کاریزماییەکان توانای ئەوەیان هەیە لە کاتی تەنگژە و قەیرانەکاندا دەروازەیەک بۆ دەرچوون لەو قەیران و تەنگژانە بکاتەوە**

**کاریزمای سەرۆک مسعود بارزانی و تایبەتمەندیەکانی نێچیرڤان بارزانی وەک سیاسەتمەدار و دەوڵەمەتدار، دەبنە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی ئاراستەی بۆچوونەکانی سەرۆک بارزانی لەسەر ئەرزی واقیع بە رێکوپێکی جێبەجێ بکرێن**

**شاندە تەکنیکییەکەی هەرێم بە شێوەیەک لە شێوەکان لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە لەگەڵ حکومەتی عێراق رێک کەوتوون، بەڵام ئەوو رێککەوتنە ناچێتە واری کردارییەوە، ئەگەر پەرلەمانی عێراق پەسەندی نەکات**

کەواتە ئەوەی لە دەرەنجامی ئەم خوێندنەوەیە پێی دەگەین، ئەوەیە کە دەبێت سیاسەت و سیاسەتمەدار لەگەڵ ئەو ئەمری واقیعە مامەڵە بکات کە بوونی هەیە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر لەگەڵ ئەم ئەمری واقیعەی پرۆسەی سیاسیی عێراق بمانەوێت مامەڵە بکەین، یان وتووێژ بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تەواوی عێراق بەگشتی و کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی، ئایا سەرەنجام بە چ ئاکامێك دەگەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی روون نییە و نازانرێت ئاراستەی چارەسەرەکان بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام دەکرێت راشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، هەر ئاراستە و ئاکامێك وەربگرێت، دوور و نزیك پەیوەندی بەو دەستووری عێراقەوە نابێت.

● **هەرێمی کوردستان لەناو دەوڵەتی ئێستای عێراقدا**

بە درێژایی مێژووی دانوستاندنەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراقدا هەتا ساڵی ٢٠٠٣، کێشەی شاندی دانوستاندنی شۆڕشی کوردستان ئەوە نەبووە، کە حکومەتەکانی عێراق پابەندی دەستوور دەبن، یان تەنیا هەنگاو بەرەو دیموکراتی هەڵدەگرن، بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی هەموو حکومەتەکانی عێراق لە دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزەوە تا ٢٠٠٣ بەرهەمی کودەتای سەربازی بوون، بەڵام شاندەکانی شۆڕشی کوردستان چوونە بەغدا و لەگەڵ ئەو حکومەتانە دانوستاندنیان کردووە و، پێداگرییان لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان کردووە، ئەوجا مافەکان بەدەست هاتبن، یان نە، بنەمای دانوستاندنی شۆڕشی کوردستان لەگەڵ هەموو حکومەتەکان لەسەر ئەم بنەمایە بووە.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستووری عێراق نووسرایەوە و هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو دەستوورە بووە کیانێکی دەستووری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، لەمەش زیاتر دەستوورەکە وەك نەخشە رێگە، چارەسەری بۆ هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم وحکومەتی ئیتحادی لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق دیاری کردووە، ئایا دانوستاندن لەسەر چی بکەین؟ ئەم پرسیارە یەکێکە لەو پرسیارانەی لە بری ئەوەی وەڵام بدرێتەوە، خۆی دەبێتە پێناسە بۆ ئەو ئیشکالییەتەی ئێستا لە پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا دروست بووە. سەبارەت بەم لایەنە پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە، ئایا شاندی هەرێم بۆ چ مەبەستێك سەردانی بەغدا دەکات؟ بە دیدی ئێمە شاندنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەچنە بەغدا، بەڵام پێی ناگوترێت دانوستاندن، یان تەنانەت دیالۆگیش، بەڵکو بریتییە لە ئەنجامدانی کۆمەڵێك کۆبوونەوەی تەکنیکیی هاوبەش بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئیشکالیەتی هەندێك کێشە کە لەو بوارەدا هەن، بەڵام ئایا ئەم شاندەی هەرێم لە میانەی کۆبوونەوە تەکنیکییەکاندا توانیویەتی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات؟ بێگومان وەك ئاکامەکەی دەبینین، نەخێر، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کێشە و ئیشکالییەتەکان لە چوارچێوەی دامەزراوە دەوڵەتییەکان لە ئێستای دەوڵەتی عێراقدا چارەسەر ناکرێن، بۆیە وەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ کرد، ئێستا ئەوەی نفووز و کاریگەری هەیە، کاراکتەرەکانی ناو ئەو دەوڵەتە قووڵەن کە وڵاتەکە بەڕێوەدەبەن و توانای بڕیاردانیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە:»لایەنە سیاسییە شیعەکان، خاوەن بەرژەوەندییەکان و هێزی دەرەکی»، ئەم واقیعە کە «جنین بلاسخارت- نوێنەری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان» بە سەردانیکردنی بۆ لای «ئەبو فەدك- فەرماندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی»، ددانی پێدا نراوە، دەبێت هەرێمی کوردستانیش ئەم واقیعە تازەی سیاسەتی عێراقی ددان پێدا بنێت، لەمەش زیاتر هەوڵەکانی دەبێت بەو ئامانجە بێت کە لەگەڵ ئەو کەسانە کێشەکە چارەسەر بکات، کە ئێستا لە عێراقدا توانای بڕیاردانی سیاسییان هەیە، بۆ ئەمەش دەبێت هەرێمی کوردستان شاندێکی باڵای سیاسی ئامادە بکات بچێت بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی شیعە قسە بکات، ئەم شاندەش وەك باس دەکرێت، لەوانەیە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت راشکاوانە لەگەڵ لایەنە



سیاسییەکان دانوستاندن بکات و، لەسەر هەندێك پرس کۆمپرۆمایز بکات و بگەنە تێگەیشتنی هاوبەش.

بەڵام پێش ئەوەی ئەم شاندە سیاسییە باڵایەی هەرێم بەرەو بەغدا بکەوێتە رێ، پێویستمان بەوەیە جووڵەیەکی ستراتیژیی بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی هەیە، بۆ ئەوەی پشتگیریی خۆی بۆ هەوڵەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بخاتە روو و، پاڵپشت بێت بۆ ئەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە ناوخۆی کوردستان لە سەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش بگەنە یەك و، ئەو خاڵە هاوبەشانە ببێتە پرۆژەیەك بۆ ئەوەی بە یەکدەنگی و یەکڕیزی لەگەڵ بەغدا قسە بکەن و، ئەو دابڕانەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەگشتی و شیعە بەتایبەتی کە لە ئێستادا هەیە، ئەو دابڕانە نەمێنێت.

ئەم جووڵە ستراتیژییەی کە بارودۆخی ئێستا فەرزی دەکات، بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی بیکات، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام سەرکردە کاریزماییەکان توانای ئەوەیان هەیە لە کاتی تەنگژە و قەیرانەکاندا دەروازەیەك بۆ دەرچوون لەو قەیران و تەنگژانە بکاتەوە. هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەلایەك وەك جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێستاش وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە رۆژە سەختەکاندا تاقی کراوەتەوە و سەلماندوویەتی لە یەك کاتدا هەم سیاسەتمەدارێکی بەئەزموون و لێهاتووە، هەمیش دەوڵەتمەدارێکی هەڵکەوتووە، هەر بۆیە کاریزمای سەرۆك مسعود بارزانی و تایبەتمەندییەکانی نێچیرڤان بارزانی وەك سیاسەتمەدار و دەوڵەمەتدار، دەبنە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی ئاراستەی بۆچوونەکانی سەرۆك بارزانی لەسەر ئەرزی واقیع بە رێکوپێکی جێبەجێ بکرێن، بەتایبەتیش کە ئێستا پرۆژە یاسای بوجەی ٢٠٢١ گەیشتووەتە پەرلەمانی عێراق و لە ئێستاوە گوێمان لە لێدوانەکانی پەرلەمانتارانی شیعەی عێراق دەبێت، کە بەنیازن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆژە یاسایە و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق بکەن. ئەوە شاراوە نییە کە شاندە تەکنیکییەکەی هەرێم بە شێوەیەك لە شێوەکان لەسەر پرۆژە یاسای بودجە لەگەڵ حکومەتی عێراق رێك کەوتوون، بەڵام ئەو رێککەوتنە ناچێتە واری کردارییەوە، ئەگەر پەرلەمانی عێراق پەسەندی نەکات، هەموو ئاماژە و لێدوانەکانیش لە ئێستاوە بەو ئاراستەیەن، ئەگەر پرۆژە یاسای بودجە لەلایەن پەرلەمانیشەوە پەسەند بکرێت، بەڵام پشکی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت و دەیبەستنەوە بە کۆمەڵێك مەرجەوە، کە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر قورس دەبێت، جێبەجێیان بکات.

# وردبوونەوە لە بنەمای قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان

ساڵی ڕابردوو پڕ بوو لە قەیران و هاووڵاتییان زۆر ئازاریان بینی. پەتای کۆرۆنا هەموو سیستەمی ژیانی وڵاتی ئێمەی وەکو هەموو دونیا خستە تەنگژەیەکی گەورەوە. بەشێکی زۆری هاووڵاتیان ئازیزانی خۆیان لەدەست دا، کەسایەتیی ناوداریش لە کوردستان بەو پەتایە ڕۆیشتن. بۆیە دەبێ بە گرفتی دەرەجە یەکی بزانین، چونکە لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری خستووەتە سەر ژیانی خەڵك، هەتا کاری کردە سەر ژیانی سیاسی و جۆری سیستەمی سیاسی لە کوردستان. دووەمیان بابەتی گەمارۆی ئابوورییە لە لایەن عێراقەوە بۆ سەر کوردستان. سێیەمیان ناتەبایی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ڕابردوودا تا ئاستێکی بەرز ڕۆیشت کە نەدەبوا شتی وا ببێت.

لە ڕوانگەی ئێمەی کوردەوە ئەوەی تێیدەگەین عێراق بەتایبەتی دوای ڕیفراندۆم، بە هەموو لایەنەکانییەوە لەوە بوونەتەوە کوردستان بە بەشێك لە عێراق بزانن. ئێستا لە ساڵی٢٠١٧وە زیاتر لە جاران وەك داگیرکەر ڕەفتار دەکەن، ئەگەر لە دەستیان بێت خراپتریش دەکەن. ئەو قسەیەم بەو ناوە نییە کە هەرێمی کوردستان پابەندی بەشێکی ئەو بە ئیجبار عێراقیبوونی خۆی نەبێت. سیاسەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت لەو بوارەدا واقیعبینانەیە کە لەگەڵ عێراق بە نەفەسێکی درێژ کار بکرێ و، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش



**سەرۆ قادر**
sero.qadir@irdk.org

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

کراوە کە یارمەتیی کوردستان بدات، بەڵام پێویستە لەبەرچاومان بێت کە ئیتر پرۆسەیەك دەستی پێکردووە عێراقییەکان بە چاوی دەرەکی تەماشای ئێمە دەکەن و بە بەشێك لە خۆیانمان نازانن. ئەگەر وانەبا، نەیاندەتوانی ستەممان لێ بکەن. بەداخەوە دەتوانن ستەمەکە بکەن بەتایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە، زۆرجار لە ڕووی ئاسایشیشەوە هەر دەتوانن جموجووڵمان لەسەر بکەن. بە واقیع ئێمە لە داگیرکراویدا ماوینەوە. ئیسماعیل بێشکچی دوو ساڵ پێش ئێستا لە زانکۆی کوردستان دەیگوت «دەبێ کورد بەردەوام هەموو ئەو ناحەقییانە لەگەڵ عێراق و خەڵکی عێراق، لەگەڵ دونیا بڵێتەوە، تا لەو واقیعە نالەبار و تاڵە تێ بگەن و ئەو یاسا نێودەوڵەتییانەی کوردستانیان بەستووەتەوە، گۆڕانکارییان تێدا بکرێت.»

حکومەتی عێراق لە بەرنامەی خۆیاندا وەکو داگیرکەرێك مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و ستراتیژییەکەی بریتییە لە تێکشکاندنی کیانی دەستووریی هەرێمەکەمان. ساڵی ٢٠١٤ هەموو دونیا هاوکاریی هەرێمی کوردستانی دەکرد، کاتێك داعش پەلاماری کوردستانی دابوو، پێشمەرگە بەرگری لە عێراقیش دەکرد، نەك تەنیا هەرێمی کوردستان، لەبیرمانە حکومەتی عێراق هەموو یارمەتییەکی چەك و لۆجیستیکی لە ڕێگەی بەغداوە لەسەر هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە بڕی. دوای گۆڕانکارییەکانی پاش

**عێراق بەتایبەتی دوای ریفراندۆم، بە هەموو لایەنەکانیەوە لەوە بوونەتەوە کوردستان بە بەشێک لە عێراق بزانن. ئێستا لە ساڵی٢٠١٧وە زیاتر لە جاران وەک داگیرکەر رەفتار دەکەن، ئەگەر لە دەستیان بێت خراپتریش دەکەن**

**پرۆسەیەک دەستپێکردووە عێراقییەکان بە چاوی دەرەکی تەماشای ئێمە دەکەن و بە بەشێک لە خۆیانمان نازانن. ئەگەر وانەبا، نەیاندەتوانی ستەممان لێ بکەن**

**لەو بارودۆخە سەختەی تیا دەژین بە هەموو تەنگوچەڵەمەکانی، کوردستان پێویستی بە تەباییەکی سیاسی هەیە کە دەبێ هەوڵی بۆ بدرێ**

**ناتوانین سەرنجی دونیا راکێشین، بەڵام لە ناوخۆماندا خەریکی شەڕە بۆکس و ئابڕووبردنی یەکتر بین. ناتوانین چاومان لە هاوکاریکردنی دونیا بێت لە کاتێکدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان هاوکاریی یەکتر ناکەن**

ریفراندۆم هەرێمی کوردستان چ وەك سەرۆك بارزانی، چ وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و بەڕێز مەسرور بارزانی و حزبەکانی دیکەی سیاسی، بەردەوام لەگەڵ عێراق لە گفتوگۆدان تا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە وە رێککەوتنی نوێ بکرێت، کەچی عێراق هەر پابەند نابێ. خۆ پێویستە لەو سیاسەتەیان تێبگەین کە نیازی ئازاردانی کوردستانیان هەیە، دەنا پێناچێت لەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە عێراق بتوانێ لەوە خراپتر بەسەر کوردستان بێنێ، هەڵبەت ئەوەی بەسەرمان دەهێنێ کەم نییە و زۆریشە.

لە دوو گۆشەوە دەکرێ لەم رەفتارەی عێراق تێبگەین. یەکەم: ئەو سیاسەتە دەگەرێتەوە بۆ تێگەیشتن و هەڵوێستی خراپیان بەرامبەر کوردستان. دووەم: بۆ نەبوونی تەبایی سیاسی لە کوردستاندا. کاتێك کە دەرەنجامی سیاسەتی ناوخۆیی خراپ بێت، کەواتە زۆر هۆکاری جیاواز لەکاردان؛ هەنە مێژووییە، هەڵوێستە، بەرژەوەندییە، تێنەگەیشتنە، خیانەتیشی تێدایە. سەرباری ئەوەش لەو بارودۆخە سەختەی تیا دەژین بە هەموو تەنگوچەڵەمەکانی، کوردستان پێویستی بە تەباییەکی سیاسی هەیە کە دەبێ هەوڵی بۆ بدرێ. مەبەست لە تەبایی سیاسی ئەوە نییە لایەنێك تاوانبار و خەتابار نەبێ. پێموایە لەوەدا دەبێ بیربکرێتەوە تا ئەو شێوازە لە بەڕێوەبردنی سیاسی لە کوردستان، هەروەها ئەگەر پێمان بکرێ لە عێراقیش بگەڕێنینەوە کە سەرۆك بارزانی تا دە ساڵ بەر لە ئێستا پەیرەوی دەکرد؛ دیوەخانی ئەو مەکۆی کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق بوو، ئەنجامەکانیشی دەرچوون بوو بە دەرەنجامی ئیجابی لە بەرژەوەندیی کوردستان. دەبێ کوردستان بۆ ئەو تەقلیدە، بۆ ئەو روانگەیە بگەڕێتەوە و پەرەشی پێ بدات و بیگەشێنێتەوە. چونکە کوردستان ناتوانێ بەو پەرتوبڵاوییە بەرەنگاریی عێراق ببێتەوە. سەختە، هیلاك دەبین، ناتوانین تەنگوچەڵەمەی ئابووری چارەسەر بکەین. ناتوانین چاکسازی بکەین، ئەگەر تەبایی نەبێت. لە هەموو دونیا تەبایی و ئاسایش بناغەن بۆ چاکسازی کردن. ناتوانین سەرنجی دونیا راکێشین، بەڵام لە ناوخۆماندا خەریکی شەڕە بۆکس و ئابڕووبردنی یەکتر بین. ناتوانین چاومان لە هاوکاریکردنی دونیا بێت لە کاتێکدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان هاوکاریی یەکتر ناکەن، ئەویش لەسەر بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان. ئەوە رووداوە سەخت و گرنگەکانی ساڵی رابردووی وڵاتی ئێمەن، ئەو ئەرکانەن کە دەبوو بیانکەین، هەندێکی کراوە، زۆری ماوە نەکرابێت. ئەگەرحزبەکان بەردەوام بن لەسەر تۆمەتبارکردن و تاوانبارکردنی سیاسیی یەکتری، ئەوە ناگەنە هیچ ئامانجێك. بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی تەنگوچەڵەمەدا بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان دەکەوێتە مەترسییەوە، سەرکردە حەکیمەکان بە دەوری تەنگوچەڵەمەکاندا دەسووڕێن، هەتا گۆشەیەك دەبیننەوە لەوێوە گوتارێك بدۆزنەوە، تا هەموو ئەوانەی هەڵەیان کردووە، رایانکێشن بۆ ژێر درووشم و سەر مێزێك کە بەرژەوەندیی وڵاتی تێدابێت. ئەوەش هەنگاوێکە تا ئێستا نەنراوە، ئەگینا تەباییەکی زۆر باشمان دەبوو، وەك تەبایی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧.

هۆکارەکانی ناتەبایی سیاسی ئێستای کوردستان لە چییەوە دێن؟ هەڵبەت سەرچاوەی تەنگژەی قووڵی ناو بزووتنەوەی سیاسییە لەم خاڵدایە: تێگەیشتن سادەیە بۆیە تەنگوچەڵەمەکان قووڵ دەکاتەوە، ئەم گلەییە دەگەڕێتەوە بۆ نوخبەی سیاسیی سەرکردەی حزبەکان، ئەوان بەرپرسن لەو تەنگوچەڵەمەیەی لە کوردستان هەیە. عێراق ئێستا خەریکە ئەم دۆخە دەقۆزێتەوە. بەشێك لە گوتاری سیاسیی عێراق بۆ ئازاردانی کوردستان، هەندێك لە پەرلەمانتارانی کوردن کە نوێنەری بەشێك لە دانیشتووانی کوردستانن. بۆیە دەبێ ئەو تەنگوچەڵەمە سیاسییە چارەسەر بکرێت تا هیچ پەرلەمانتارێك بۆ بەرژەوەندیی شەخسی بێت یان بە نیازی خیانەت، نەتوانێ ئازاری هەرێم بدات کاتێك لە ناو تیمی نوێنەرایەتیی کوردستاندایە لە بەغدا، لە پەرلەمان بێت، یان لە ناو حکومەتدا، یان لە نێو کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی و نارەسمیدا بێت. ئەوە بەچی دەکرێت؟ بە تەبایی سیاسی. ئەو تەباییە سیاسییەش بە سەرکردە کاریگەرەکانی وڵات دەکرێ.

عێراقییەکان و پەرلەمانەکەیان دژی شایستە داراییەکانی کوردستان وەستاون، بۆیە دەشێت لە پرۆژەیاسای بودجەشدا ئەوە دووبارە بێتەوە، ئەگەر کوردستانێکی بەهێزمان نەبێت. کوردستانێکی بەهێز ئەوەیە پێش هەموو شتێك بزووتنەوە سیاسییەکەی یەکگرتوو بێت، تا هەموو عەقڵ و هیممەتەکان بکەونە سەریەك و بەشداری بۆ حکومەتی کوردستان و پرۆسەی سیاسی زیاتر ببێت، تا دەنگی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوە بەهێزتر بێت. لەوێوەیە کە هیچ کەسێك لە بەغدا و دەرەوەی کوردستان ڕێی نابێت و ناتوانێت دژی بەرژەوەندییەکانی کوردستان بوەستێت. ئەوکات بۆ عێراقییەکانیش زۆر سەخت دەبێت، بە ئاشکرا دژی کوردستان بوەستن. هەروەك تا ساڵی ٢٠١٧ دوژمنەکانی کوردستان لە سەرکردایەتی دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا نەیاندەتوانی بە کەلیماتی ڕوون دژی بەرژەوەندییەکانی کوردستان بوەستن. بۆ نەیاندەتوانی؟ چونکە کوردستانێکی یەکپارچە هەبوو. بەڵام کاتێك پەرتوبڵاوی هەیە، ئەوە ڕوودەدات کە تیایدا دەژین. ئێستا لەسەر بەرژەوەندییەکانی کوردستان لە ناو پەرلەمانی عێراقدا نوێنەرەکانی کورد خۆیان تەبا نین، بەشێك لەوانە دژی بەرژەوەندییەکانی کوردستان قسە دەکەن، گوتاری کوردیان پارچە پارچە کردووە، بۆ ئەوانەی دوژمنی کوردستانن ماددەیەکی بەپیتە بۆ ئەوەی دیماگۆژییەت لە عێراق بەکاربهێنن و شەقامی عێراقی دژی کوردستان هان بدەن. هەروەها بۆ بەلاڕێدابردن و سەرلێشێواندنی دۆستەکانی کوردیش لە دنیادا دیسان چەکێکی بەهێزە، بەداخەوە.

بۆ چارەسەر کردنی کیشەکان ئێستاش سەرۆك بارزانی هەیە و نەوەی دووەم و نوێی نوخبەی سیاسی هەیە، بە پێی مەنتیقی مێژوو دەبوایە هەڵگری ئەو تەقلیدە بن کە کیشەکان وەك جاران چارەسەر کرابان. دەبوایە بەهێزتریشی بکەن و خواستیان فراوانتریش بێت. بۆ لە تەنگوچەڵەمەداین؟ چونکە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان لە کورتی داوە. ئەوە کەموکورتییە لە نوخبەی سیاسیدایە کە سەرکردایەتیی سیاسیی حزبەکان دەکەن، بەبێ هەڵاوێردن.

کاتێك تەنگوچەڵەمە لەناو بزووتنەوەی سیاسی لە بەرژەوەندی و فەهم و ڕوانگەی ئەو بەشە لە نوخبە، یان دەستەبژێر یان ئیلیتی سیاسیدایە کە ئێستا سەرکردایەتیی حزبەکانی کوردستان دەکەن، نیشانەی ئەوەیە ڕوانگەیان ڕاست نییە، بەرژەوەندییەکانیان کە خۆیان دەتوانن پێناسەی بکەن، دەخەنە سەرەوەی بەرژەوەندیی کوردستان. ئەوەش ئەگەر دژی بەرژەوەندیی باڵای وڵات بوەستێت، خیانەتە، دەبینین ئەوەشمان هەیە! ئەگەر بەرژەوەندیی حزبی بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی وڵات و دژی حکومەت و کیانی خۆیان بوەستن، دیسان خیانەتە. بۆیە ئێمە لە تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵداین، چۆکمان بە عەردی کەوتووە. کاتێك دوژمنی دوژمنم دۆستمە کە بەهێز بین و حکومەت و وڵاتی ئێمە بتوانێت یاری لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمایەتی و دونیا بکات، کە ئەوەمان پێ نەکرا نیشانەیە بۆ دۆخی زۆر خراپی وڵاتەکەمان.

حزبە عەرەبەکانی عێراق جەوێکیان خوڵقاندووە کوردستانیان کردووە بە لافیتەیەك بۆ دژایەتیکردنی کورد و دابینکردنی بەرژەوەندیی تائیفی و حزبییان. پێویستە لە خۆمان پرسیار بکەین: بۆچی ئەوانە دەتوانن بە ئاسانی یاریمان لەسەر بکەن؟ بۆچی دەتوانن شەقامی عێراقی بە عەرەب و پێکهاتە کەمەکانی دیکەی لەوێ هەنە، بە گژ کوردستاندا بکەن؟ ئەو دیاردەیە لە هێزی ئەواندا نییە. عێراق لە خراپترین دۆخی خۆیدایە. ئەی بۆ بە کوردستان دەوێرن؟ چونکە ئێمەش لە قۆناغێکی خراپداین. لە قۆناغێکی پەرتوبڵاوداین و ڕوانگەی یەکگرتوومان نییە. لە قۆناغێکدا نین هەموو دەرگاکان لەسەر بەشدارییپێکردنی سیاسی لە کوردستان کرابێتەوە. کەی ئەوە دەکرێت؟ کاتێك حزبەکان لەسەر لانیکەمی ڕوانگەیەك بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی وڵات ڕێکبکەون. ئینجا ئەو کاتە هاووڵاتیانی کوردستان لە دەوری ئەو ڕوانگەیە کۆدەبنەوە، ئەو کاتەیە کە بمانەوێ و نەمانەوێ، دەرگا لەسەر لێهاتووەکانی وڵاتی ئێمە دەکرێنەوە، ئەوانەی کە لە سیاسەت باشتر دەزانن، ئەوانەی کە لە بەڕێوەبردنی دەزگاکانی حکومەت باشتر دەزانن، ئەوانەی پسپۆڕ و

**سەرکردە حەکیمەکان بە دەوری تەنگوچەڵەمەکاندا دەسووڕێن، هەتا گۆشەیەک دەبیننەوە لەوێوە گوتارێک بدۆزنەوە، تا هەموو ئەوانەی هەڵەیان کردووە، ڕایانکێشن بۆ ژێر درووشم و سەر مێزێک کە بەرژەوەندیی وڵاتی تێدابێت**

**تێگەیشتن سادەیە بۆیە تەنگوچەڵەمەکان قووڵ دەکاتەوە، ئەم گلەییە دەگەڕێتەوە بۆ نوخبەی سیاسیی سەرکردەی حزبەکان، ئەوان بەرپرسن لەو تەنگوچەڵەمەیەی لە کوردستان هەیە**

**دەبێ ئەو تەنگوچەڵەمە سیاسییە چارەسەر بکرێت تا هیچ پەرلەمانتارێک بۆ بەرژەوەندیی شەخسی بێت یان بە نیازی خیانەت، نەتوانێ ئازاری هەرێم بدات**

**کوردستانێکی بەهێز ئەوەیە پێش هەموو شتێک بزووتنەوە سیاسییەکەی یەکگرتوو بێت، تا هەموو عەقڵ و هیممەتەکان بکەونە سەریەک و بەشداری بۆ حکومەتی کوردستان و پرۆسەی سیاسی زیاتر ببێت**

**بۆ چارەسەر کردنی کیشەکان ئێستاش سەرۆک بارزانی هەیە و نەوەی دووەم و نوێی نوخبەی سیاسی هەیە، بە پێی مەنتیقی مێژوو دەبوایە هەڵگری ئەو تەقلیدە بن کە کیشەکان وەک جاران چارەسەر کرابان**

**حزبە عەرەبەکانی عێراق جەوێکیان خوڵقاندووە کوردستانیان کردووە بە لافیتەیەک بۆ دژایەتیکردنی کورد و دابینکردنی بەرژەوەندیی تائیفی و حزبییان**

**عێراق لە خراپترین دۆخی خۆیدایە. ئەی بۆ بە کوردستان دەوێرن؟ چونکە ئێمەش لە قۆناغێکی خراپداین. لە قۆناغێکی پەرتوبڵاوداین و ڕوانگەی یەکگرتوومان نییە**

**کاتێک لە زانکۆکانەوە نوخبەیەکی کەمزان ناردرایە شەقام، ئەوان دێن پۆستەکان وەردەگرن، وڵاتەکە تووشی ئەو تەنگوچەڵەمەیە دەبێت، کەوا بەدەستیەوە دەناڵێنین**

زانای باشن. ئێستا ئێمە هەموو بوارەکانمان لەژێر تەنگوچەڵەمەدایە. بە هەزاران گەنج دێنە ناو ئەو نوخبە سیاسییەی باسی دەکەین، بڕوانامەکانیان ماستەر و دکتۆرا و سەرەوەی دکتۆرایە، بەڵام زانستەکەیان زۆر متەوازعە! کێ لەوە بەرپرسیارە؟ هەڵبەت خۆیان نین، ئەو سیستەمە بەرپرسیارە کە ئەم واقیعەی دروست کردووە. کاتێك لە زانکۆکانەوە نوخبەیەکی کەمزان ناردرایە شەقام، ئەوان دێن پۆستەکان وەردەگرن، وڵاتەکە تووشی ئەو تەنگوچەڵەمەیە دەبێت، کەوا بەدەستییەوە دەناڵێنین. بەو حاڵە درووشمەکەمان نایەتەدی کە کوردستانێکی بەهێزە. لێرەوەیە ئێمە لە تەنگوچەڵەمەداین.

ئەگەر بپرسین چارەسەر چییە؟

بێ گومان لێ کردن، گەڕانەوەیە بۆ مەنتیق، گەڕانەوەیە بۆ واقیع، گەڕانەوەیە بۆ جارێکی دی پێداچوونەوە و سەیرکردنەوە و چاکسازیی کردنی ڕوانگاکەیە لە ناو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان. پێویستە مێزێکی گفتوگۆی فراوان کە ڤیتۆی تێدا نەبێت، هەموو لایەن و باڵەکانی ناو کۆمەڵگە بانگهێشت بکات. هەموو گوێ لە یەکتر بگرن. کوردستان لە سەرەوەی بەرژەوەندیی هەر کەسێك و حزبێکە. کوردستانێکی بەهێز گرنگە. کێ سەرکردایەتیی درووستبوونی کوردستانێکی بەهێز بکات، تواناکانی هەموو حزبەکان و کەسایەتییەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، مەنتیقی مێژوو لەگەڵ ئەو دەبێت و شانازیی مێژوویی لەگەڵ ئەو دەبێ. جا لێرەدا پێموایە بە پێی هەموو گریمانەیەك دەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان باشتر شانی خۆی بداتە بەر ئەرکە نیشتمانییەکە. هەڵبەت شانی داوەتە بەر، بەڵام پێویستە کامڵتر و فراوانتری بکات. ئەوە شێوازێکە بۆ ئەوەی بتوانین هەموو هێزەکان بهێنە سەر مێز. پێویستە هەموان بەشدار بکرێن و هەست بکەن بەشدارن، ئەوکات دەرگا بۆ تواناکان بکرێتەوە.جا ئەو کاتەیە هەر هێز و لایەنێك عیناد بکات و لە ملەوەزی بەردەوام بێت، دەوری خۆی دەسڕێتەوە و لەغو دەبێت و، لە ناو بزووتنەوەی سیاسیدا نامێنێت.

هەموو دۆستانی کوردستان داوا دەکەن، یەکپارچەیی و یەکگرتوویی کوردستان بکرێتە زامن بۆ ئەوەی دونیا لە پشتیوانی کورددا بمێنێت و فشاری زیاتر بۆ عێراق بهێنێت. لە کردەوەدا دەوڵەتی عێراق دوو حکومەتی تێدایە، حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەولێر. هەردووك حکومەت لە تەنگوچەڵەمەدان. پێویست بوو ئێمە لەو تەنگوچەڵەمەیەدا نەبین. کیانی عێراقی لە واقیعدا دوو حکومەت بەڕێوەی دەبات، ئێستا پیلان هەیە یەکێك لەو دوو حکومەتە کە حکومەتی کوردستانە، لە دەوری کەم بکەنەوە، بیخەنە تەنگژەی زیاتر و سەرەنجام ئەگەر پێیان بکرێت لەناوی بەرن- کە زەحمەتە. بەڵام ئەو ئازارەی کە دەیبینین تەنیا لە عێراقێکی شڕ و شەپڕێوەوە نییە، لەو هۆکارانەیە کە باسم کرد. بۆ عێراقێکی شڕوشەپڕێو دەتوانێ ئازارمان بدات؟ چونکە تەنگوچەڵەمەی ئێمە زۆر قووڵە، نیشانەی ئەوەیە ئێمەش شڕوشەپڕێوین، بەڵام شڕوشەپڕێوییەکەی ئێمە لەگەڵ ئەوان هەندێك شتی جیاوازە.

سەبارەت بە دەستێوەردانی دەرەکی، ئەوە کوردستانێکی بەهێزە کە ڕێگە لە دەستی دەرەکی دەگرێت. کوردستانێکی بەهێزە کە جێگەی خۆی لەسەر ئاستی هەرێمی و دونیا دەکاتەوە. کوردستانی ئێمە دەبوو لە جیاتی شەڕە حزب، ئێستا وەکو تایوان بێت. تایوان دەوڵەت نییە و تەقریبەن وەك هەرێمی کوردستانە. هەموو دونیا ددان بە تایواندا نانێت، بەڵام قبووڵیان کردووە. ئێمەش واین. ڕیفراندۆممان کرد، هەموو دونیا ڕەتی کردینەوە، بەڵام بوونی هەرێمی کوردستانییان قبووڵە. ئەو دژبەرییەکە هەیە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قبووڵی دەکەن تا ئەو شوێنانە دەکەن بە دەوڵەت. کەنگینێ؟ هەر ئەو قسەیەی ئیسماعیل بێشکچی دێنمەوە کە دەڵێت: «ئێمە دەبێ مەنتیقمان هەند بەهێز بێت، باوەڕی هەموو دونیا بگۆڕین تا فشار بۆ سیاییەکانیان بێنن ئەو قانوونە نێودەوڵەتییە زاڵمانەیە بگۆڕن کە کوردی چوارپارچەی ئەسیر کردووە». ئەوە قسەی زانایەکی دۆستی کوردە لە تورکیا.

حەز دەکەم بەراودێك لەنێوان سەختیی دۆخی جۆگرافیای سیاسیی تایوان و کوردستان بکەم. چین ڕۆژانە فڕۆکە جەنگییەکانی بەسەر تایواندا دەسووڕێنەوە، بە کەشتی جەنگی چەکی

زۆر قورس و ئەتۆمی دەوری داوە. ئێمە دۆخی هەرێمیمان زۆر باشترە لە هی تایوان. بەڵام عەقڵی تایوان و ئەزموونی تایوان و ڕوانگەی تایوانمان نییە. هەمانبێت، ئێمە بەهێزتر دەبین.

لەبەرامبەر باڵادەستیی حزبە میلیشیادارەکانی عەرەبی شیعە و بێدەسەڵاتیی حکومەتی بەغدا، پێویستە حکومەتی هەولێر بە وەرەقەیەکی مەنتیقی بچێتە گفتوگۆی بەغدا کە دونیای پێشکەوتوو پشتیوانی بکات. (ئاخر دونیا لەگەڵ ئێمەدایە، کوردستان هەر لە خۆیەوە لە عێراق خاوەن دەسەڵات نییە، بوارێکی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ بۆ ئێمە کراوەتەوە). حکومەتێکی بەهێزی کوردستانی بەو پێناسەیەی کردمان، ئەگەر وەرەقەی خۆی بۆ عێراق پێ بێت، دونیا لە تەنیشتیەوە دەوەستێت، عێراق ناتوانێت نە ئەم ئازارانەمان بدات و نە ئەم ڤیتۆیانە بکات، نە ئێرانیش دەتوانێت یەك پاسدار بنێرێتە بەغدا و نانی کوردستان ببڕێت، ئێرانێك بۆخۆی لە هەندێ بواردا فووی لێ بکەن بەلادا دێت. وەك دەبینین هەموو لاوازەکان بە ئێمە دەوێرن. ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئێمە لە قەیراندایین، دەبێ تەماشای باڵا و قەڵافەتی خۆمان بکەین و ڕێکیخەینەوە. ئەوسا بنەماکانی بەهێزبوونمان لە یەك مانگدا دەردەکەوێت.

دوای ڕیفراندۆم پارتی دیموکراتی کوردستان و دۆستەکانیشمان لە دەرەوە پێشنیازی حکومەتی بەهێزی کوردستیانیان کرد. یانی چی حکومەتی بەهێزی کوردستان؟ یانی تەبا، ڕوانگەیەکی باش بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی- ئەوەی پێی دەگوترێت گەشەپێدانی بەردەوام. چاکسازییەکانی ئابووری، کۆتاییهێنان، یان کەمکردنەوەی ئەو گەندەڵی و بە تاڵانبردنەی ڕۆژانەی سامانی گشتیی وڵات. ئەوکات زەمینە خۆش دەبێت بۆ ئەوەی پێشمەرگە ببێتە سوپایەکی ددانپێدانراو. سوپای دانپێدانراوە کە چەکی دەدرێتێ، سوپای دابەشکراو و بە شێوەی میلیشیا بەڕێوەبچێت ئیعتباری ئەوەی نایێت چەکی پێ بفرۆشرێت. ئێستا دۆستەکانمان چەکمان دەدەنێ، ئەگینا وێناچێ کۆمپانیاکانی چەکسازی بە ئاسانی چەك بە پێشمەرگە بفرۆشن. ئەوانەیە حکومەتی بەهێز دروست دەکەن، حکومەتێك کە دەستکاری پەروەردە دەکات، پەروەردەیەکی هاوچەرخی ئەم زەمانەی زانست، زانکۆکان لەسەر بناغەی بەرهەمهێنانی زانستی دادەمەزرێنێتەوە نەك خوێندکار و قوتابییان حوکم بە سەر زانکۆکاندا بکەن. ئەوە کارێکە چین لە کۆتایی چلەکان و کەمبۆدیا لە حەفتاکان و ئێران لە هەشتاکان بەسەر زانکۆکانی خۆیان هێنا. یەك مامۆستای زانکۆ لە یەك زانکۆی کوردستان بە هەردوو ئیدارەوە ناتوانێت بەردەوام بێت و دەرس بڵێتەوە، ئەگەر قوتابیان و خوێندکاران لێی ڕازی نەبن. یەك بەرپرسی ناوچە و بەرپرسی کۆمیتە دەتوانێت باشترین پرۆفیسۆری ئەو زانکۆیانە لابەرێت! حکومەت چۆن دەتوانێ ئاوا بەهێز بێت؟

تەنگوچەڵەمەی سیاسی هەر ئەوە نییە حزبەکان هاوکاریی یەکتر ناکەن، بەڵکو ڕەفتاری سیاسیی نابەجێ، هەڵوێستی خراپ، پاشقول لێکگرتن، گەندەڵی، مەحسوبییەت، هەموو ئەوانە پەرە دەسێنێت و شتێك نامێنێت بە ناوی حکومەتی بەهێز کە دەستی بەسەر هەموو کوردستاندا بڕوات. ئێستا ئێمە لەو حاڵەتەدا دەژین. لە خواستەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کە چەندان جار لە بۆنەکاندا داوادەکات هاوکاریی حکومەت بکرێت، حکومەت بەهێز بکرێت، نیشانەی ئەوەیە حکومەت هەست بە هاوکاریی حزبەکان بۆ حکومەتی کوردستان ناکات. پەرلەمان لە کەمین وەستاوە بۆ ئەوەی کێشە بۆ حکومەتەکە بنێتەوە. لە دونیای پێشکەوتوودا لەسەر گەشەپێدان لە نێوان پەرلەمان و حکومەت جیاوازیی ڕوانگە دەبێت، نەك لەسەر وردەکاری سیاسی ڕۆژانە.

لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی پێداچوونەوە و ڕێکخستنی ڕوانگا، قبووڵکردنی یەکتر و بەکارنەهێنانی قرتاندن و بەلاوەنان، دەرگاکردنەوە بۆ شارەزا و لێهاتووەکان، پەیڕەوکردنی واقیعبینی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و عێراقی، پاراستنی سامانی گشتی و کارگێڕیی مۆدێرن و ڕێگاگرتن لە بەفیڕۆدان و گەندەڵی، دوورخستنەوەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی حزبەکان لە کاری حکومەت و گرتنەپێشی سیستەمێکی پەروەردەی هاوچەرخ و زانستی، بەشداری پێکردنی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی کوردستان.

**هەموو دۆستانی کوردستان داوا دەکەن، یەکپارچەیی و یەکگرتوویی کوردستان بکرێتە زامن بۆ ئەوەی دونیا لە پشتیوانی کورددا بمێنێت و فشاری زیاتر بۆ عێراق بهێنێت**

**تایوان دەوڵەت نییە و تەقریبەن وەک هەرێمی کوردستانە. هەموو دونیا ددان بە تایواندا نانێت، بەڵام قبووڵیان کردووە. ئێمەش واین. ڕیفراندۆممان کرد، هەموو دونیا ڕەتی کردینەوە، بەڵام بوونی هەرێمی کوردستانییان قبووڵە**

**یەک مامۆستای زانکۆ لە یەک زانکۆی کوردستان بە هەردوو ئیدارەوە ناتوانێت بەردەوام بێت و دەرس بڵێتەوە، ئەگەر قوتابیان و خوێندکاران لێی ڕازی نەبن**

**یەک بەرپرسی ناوچە و بەرپرسی کۆمیتە دەتوانێت باشترین پرۆفیسۆری زانکۆیەک لابەرێت! حکومەت چۆن دەتوانێ ئاوا بەهێز بێت؟**



## دکتۆر محەمەد شوکری

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:

# لەساڵی ٢٠٢٠ بە بەهای دوو ملیار و٦٠٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کراوە

## تەنیا ئەو پرۆژانەی مۆڵەتمان پێداون ١٠ هەزار هەلی کاری رەخساندووە

**فرەچەشنکردنی ئابووری و هەمەجۆرکردنی داهات ئۆپشنێکی سەرەکیی دەربازبوونی هەرێمی کوردستانە لەو قەیرانە داراییەی تێی کەوتووە، بۆ ئەم مەبەستەش لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا دکتۆر محەمەد شوکر سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان، باسی ئەو پێناسە نوێیە دەکات کە بە پاڵپشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەبەرهێنان دراوە و چەندین هەل و دەرفەتی نوێی پرۆژەی وەبەرهێنانیش دەخاتەڕوو، کە بۆ ئەمساڵ ئامادەیە وەبەرهێنەرانی نێوخۆیی و بیانی کاری تێدا بکەن.**

*** بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی و دووبارە داڕشتنەوەی پەیکەری ئابووری، حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی فرەچەشنکردنی ئابووریی راگەیاند، ئایا بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە دەکرێت بزانین دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان چ هەنگاوێکی ناوە؟**

- وەك ئاشکرایە کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و دارمانی بەهای نەوت و بڕینی بودجە لەلایەن بەغداوە کاریگەریی خراپی لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان داناوە، سەرەڕای ئەم تەحەددییانە ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان توانیمان گۆڕانکارییەکی نەوعی لە وەبەرهێنانی کوردستاندا بکەین، لەگەڵ دەستپێکی راگەیاندنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، زنجیرەیەك کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەبەرهێنەران و بزنێسکار و سەرمایەدارانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا، سەرۆکی حکومەت داوای لێکردن بەشدار بن لە رووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان و رۆڵ و پێگەی راستەقینەی خۆیان لە خزمەتکردنی نیشتماندا ببینن، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان و پێداچوونەوەو چاودێریکردنی هەموو ئەو پرۆژانەی کە راوەستابوون. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشتان، لە رووی کردارەوە دەستمان بە هەنگاوەکانی فرەچەشنکردنی ئابووری و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات کردووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و چەندین بواری دیکەی وەکو کانزاکاری و وزەو کارەبا و ئاو و رێگاوبانەکان، ئەوە بوو بەپاڵپشتیی راستەوخۆی رێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان توانی بە پلانێکی ورد و دیراسەکراو مۆڵەتی کارپێکراوی وەبەرهێنان بگەیەنێتە ٩٤٠ مۆڵەت، لەمەش رێژەی وەبەرهێنانی خۆماڵی دەکاتە ٨٣٪ و وەبەرهێنانی بیانی ٧٪ و وەبەرهێنانی هاوبەش ١٠٪، هەر لە چوارچێوەی کارئاسانیدا توانیومانە کۆمەڵێك هەنگاو و رێکاری گرنگ بگرینەبەر، وەکو دروستکردنی سیستەمی یەك پەنجەرە، کە توانیمان دەستی پێ بکەین و رۆتین کەم بکەینەوە، هەروەها پاڵپشتیی گەورەمان پێشکەشی هەموو ئەو وەبەرهێنەرانە کردووە، کە سەرمایەکانیان ئاراستەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری کردووە، ئەمە جگە لە تەرخانکردنی دەیان هەلی کار و پرۆژەی نوێ، بەمەش بە پاڵپشتی رێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەی وەبەرهێنان توانیوێتی پێناسەیەکی نوێ بە وەبەرهێنان بدات، بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە خزمەتی هاوولاتی و ئابووریی هەرێمدا بێت.

**دەستمان بە هەنگاوەکانی فرەچەشنکردنی ئابووری و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات کردووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و چەندین بواری دیکەی وەکو کانزاکاری و وزەو کارەبا و ئاو و رێگاوبانەکان**

**پاڵپشتیی گەورەمان پێشکەشی هەموو ئەو وەبەرهێنەرانە کردووە، کە سەرمایەکانیان ئاراستەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری کردووە**

*** ئایا ئەمە هۆکاری سەرەکیی ئەو جموجوڵەی بازاڕ و بزنێس و دەستپێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە، بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر؟**

- جموجوڵی بازاڕ و ئەنجامدانی پرۆژەکان و بەرزبوونەوەی کوالێتیی کارەکان نەك تەنیا لە پارێزگای هەولێر، بەڵکو لە دهۆك و سلێمانی

**بە بەهای ١٢ ملیار دۆلار پرۆپۆزەڵی پرۆژە پێشکەش کراوە و ١٠٧ کارگەی گەورەی پیشەسازیی بەرهەمەکانی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەڕوات**

**گرنگییەکی تایبەتمان بە دروستکردنی بەنداو و چاندن و سامانی ئاژەڵ و بەکارهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی بۆ بەرهەمی خۆراکی و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ داوە**

**لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی سەرقاڵی دیراسەیەکین بۆ ئەوەی بزانین چ هاوردەیەک دەهێنینە کوردستان و دەتوانین لێرە دروستی بکەین، ئەمەش دوای ئەوەی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ دیراسەکەمان تەواو بوو**

و کەلار و زۆر قەزاو دەڤەری دیکەش تێبینی دەکرێت، جدییەت و بەدواداچوونی پڕۆژەکان و زۆرجار هەڵوەشانەوەی ئەو پڕۆژانەی درابوونە وەبەرهێنەر، ئەوانیش کەمتەرخەمییان لە جێبەجێکردنی کارەکاندا کردبوو، ئەمە هۆکاری سەرەکیی ئەو جموجووڵەیە و ژمارەی پرۆپۆزەڵی پڕۆژە و پەسەندکراو ژمارەیەکی بەرزە، بە بەهای ١٢ ملیار دۆلار پرۆپۆزەڵی پڕۆژە پێشکەش کراوە و ١٠٧ کارگەی گەورەی پیشەسازیی بەرهەمەکانی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەڕوات، تەنیا ساڵی رابردوو بە بەهای دوو ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کراوە و مۆڵەت بە **٩٣** پڕۆژە دراوە و ٥٥٢ پڕۆژە پرۆپۆزەڵ پێشکەش کراوە، ئێستا لە بواری پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێبووندا پڕۆژەمان هەیە بەنرخێکی گونجاو و قیستێکی زۆر درێژخایەن، بۆ نموونە بۆ نزیکەی ١٥ ساڵ دەدرێتە هاووڵاتیان .

*** ئایا بۆ ئەمساڵ دەستەی وەبەرهێنان چ پڕۆژە و دەرفەتێکی نوێی بۆ وەبەرهێنەران و سەرمایەداران ئامادەکردووە، بۆ ئەوەی لە رێگەی وەبەرهێنەران و هاوبەشیکردنی نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی جگە لە دابینکردنی هەلی کار بۆ سەدان هاووڵاتی کە ئابووریی کوردستانیش لە قۆناغی قەیرانەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی خۆبژێویی؟**

- بە پاڵپشتی و پێگەی بەهێزی سەرۆك مەسعود بارزانی و هاوبەشەکانی لە هەرێمی کوردستان لە رووی دەستووری و یاساییەوە هەرێمێکی فیدراڵ و ئارام و سەقامگیر دروست بووە، چونکە سەقامگیریی سیاسی و نەبوونی مەترسی، یەکەمین فاکتەری پاڵپشتی وەبەرهێنانە، دواتر رۆڵ و پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت لە دابینکردنی دەرفەتەکانی هەلی یەکسان و دادپەروەرانە، بەبێ جیاوازی بۆ کەرتی تایبەت لە هەموو پارێزگا و شوێنەکانی کوردستان، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان سەرچاوەکانی ئاو و خاکی بەپیت هەیە، بە رادەیەك لە کوردستان **٦,٦** ملیۆن دۆنم زەوی هەیە، جەنابی سەرۆك وەزیران لە وتارەی کە بۆ ئێمەی ناردووە و لە ئەمساڵدا لە (رێبەری وەبەرهێنان) بڵاوی دەکەینەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: «وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بە دیدگا و ستراتیژییەتێکی نوێ ئاراستە دەکرێت»، لە بەشێکی وتارەکەیدا تەئکید لەسەر پاڵپشتی و پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆوەبەرهێنەران دەکاتەوە و دڵنیایی بە وەبەرهێنەران دەدات، بەوەی دەرفەت و پاڵپشتییەکانیان زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوێت، هەروەها تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە بتوانین لە هەندێك سێکتەردا تەرکیز بکەین، ئەمەش بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاریی زۆر گەورە دروست دەکات، بۆیە گرنگییەکی تایبەتمان بە دروستکردنی بەنداو و چاندن و سامانی ئاژەڵ و بەکارهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی بۆ بەرهەمی خۆراکی و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ داوە، بەتایبەتی پیشەسازیی کشتوکاڵی، لە رووی پیشەسازیشەوە گرنگی دراوە بە سوودوەرگرتن لە کەرەستەی خۆماڵی بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی کانزا فلزی و نافلزییەکان، دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان رێبەری وەبەرهێنان ئامادە دەکات.

لە ئێستادا سەرقاڵی دروستکردنی ناوچە پیشەسازییەکانین، لە دهۆك دەستبەکار بووین و **٢٢٧** کارگە و **٢٢٩** کۆگای گەورە و سارد لەوێ دروست دەکرێت، لە هەولێر سەرقاڵی راکێشانی خزمەتگوزارییەکانی ناوچەی پیشەسازیی تیمارین، بەم نزیکانە رایدەگەیەنین و هەر کەسێك توانای هەیە دەتوانێت بەشداریی بکات، لە سلێمانی سەرقاڵی ئامادەکردنی ناوچەی پیشەسازیی عەربەتین بە رێکوپێکی دروست دەکرێت و، لە هەڵەبجەو گەرمیان و راپەڕین و زاخۆش ناوچەی پیشەسازی دروست دەکەین، بۆ پاڵپشتی ئەم ناوچە پیشەسازییانە ئێستا لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی سەرقاڵی دیراسەیەکین بۆ ئەوەی بزانین چ هاوردەیەك دەهێنینە کوردستان و دەتوانین لێرە دروستی بکەین، ئەمەش دوای ئەوەی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ دیراسەکەمان تەواو بوو، بۆ نموونە ساڵانە ١٠٨ هەزار تۆن تەماتە دەهێنرێتە کوردستان، بەمەش ئێمە دەزانین چیمان پێویستە و چی بەرهەم بهێنین، چەندین پرۆپۆزەڵیش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر و ئاو پێشکەش بە دەستەی

وەبەرهێنان كراوە و لە ئێستادا وەزارەتی كارەبا لە قۆناغی ئامادەكردنی تەندەردایە، لەهەمان كاتدا چەندین داواكاری هەیە بۆ دروستكردنی چەند بەنداوێكی گەورە لە كوردستان، كە ٤٠٠-٥٠٠ مێگاوات كارەبا بەرهەم دەهێنێت، كە لەگەڵیدا پرۆژەكانی ئاودێریی لەخۆدەگرێت و بۆ دەشتی دهۆك و دەشتی شەماماك و تەق تەق لەبەردەستدایە و ئێمە پاڵپشتی وەزارەتی كشتوكاڵ دەكەین، بۆ ئەوەی توانای زەوی بگۆڕین بۆ توانایەكی زیاتر، هەروەها پرۆسەیەكی گەورەمان لەبەردەستدایە بۆ هەموو كوردستان جێبەجێی دەكەین، ئەویش گرنگیدانە بە خانووی شووشەیی بۆ بەرهەمهێنانی كشتوكاڵ بە هاوكاریی هۆڵەندییەكان، سەبارەت بە گەشتوگوزاریش پرۆژەی زۆرمان لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی گەشتوگوزار بكەینە قۆناغی سەیرانگەی تەواو لەهەموو بوارێكدا .

*** ئەم پرۆژانە تاچەند هەلی كاری بۆ گەنجەكان، بەتایبەتی بۆ دەرچووانی زانكۆ دابین كردووە؟**

- تەنیا ئەو پرۆژانەی مۆڵەتمان پێداون ١٠ هەزار هەلی كاری رەخساندووە، هەرچی ئەو پرۆژە وەبەرهێنانەی لەقۆناغی پەسەندكردن و پلاندان، ئەگەر كاری لەسەر بكرێت، لە سەرووی ٥٠٠ هەزار هەلی كار دەڕەخسێنێت، تەنانەت لە مۆڵەتی وەبەرهێناندا مەرجێكمان داناوە كە لەكاتی دامەزراندنی پرۆژە و دەستبەكاربوونیدا نابێت رێژەی هاووڵاتیانی كوردستان لەو پرۆژەیە لە ٧٥٪ كەمتر بێت .

*** چۆن دەكرێت زیاتر وەبەرهێنەران و هاووڵاتیانی كوردستان ئاشنا بن بەو رێبەرەی وەبەرهێنان كە بۆ ئەمساڵ ئامادەتان كردووە؟**

- رێبەری وەبەرهێنان چەند بەشێكی گرنگ لەخۆدەگرێت، لەوانە (بنەماكانی بەهێزی ژینگەی وەبەرهێنان و دەرفەتەكان و پاڵپشتی و كارئاسانی) لەپێناو ئاسانكردن و باشتركردنی پرۆسەی وەبەرهێنان، لێرەدا ئاماژە بەهەندێكیان دەكەم:

كەرتی پیشەسازی: دروستكردنی شار و ناوچەی پیشەسازی لە هەولێر سێ ناوچەی پیشەسازی، لەسلێمانی ناوچەی پیشەسازی دوو و لە دهۆك سێ ناوچەی پیشەسازی و لەهەڵەبجە دوو ناوچەی پیشەسازی و ئیدارەی گەرمیان یەك ناوچەی پیشەسازی و راپەرین یەك ناوچەی پیشەسازی، ئەمە وێڕای كارگەی بەرهەمهێنانی پیترۆكیمیاویات و نایلۆن و قوماش و pvc و رەنگ و زەیتی بزوێنەر و كەلوپەلی پزیشكی و جوانكاری و شلەمەنیی تاقیگەیی و سرنج و كیسی خوێن و لۆكەی پزیشكی و ڤاكسینی ئاژەڵ و چەندین كارگەی پیشەسازیی خواردن و خواردنەوەكان و پیشەسازیی بیناسازیی فلزی و تێكستایەڵ و دەیان كارگەی پیشەسازیی جۆراوجۆری دیكە.

كەرتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو: دروستكردنی چەندین بەنداو لە مەنداوەو خێوەتە و باكرمان و سارتك و دێلگە و دێرەلۆك و رەشاوەو تەق تەق و بەردەسوور و باسێ و بەسەدان پرۆژەی دیكەی چاندن و سامانی ئاژەڵی و بەخێوكردنی سامانی ماسی و مانگای شیردەر و چاندنی دار بۆ پیشەسازیی تەختە و كۆگای سارد و كارگەی لەقتوونان.

كەرتی گەشتیاری: لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەكی باس دەكەم، ئەویش پرۆژەكانی گەشتیارییە لە باپشتیان و تەوسكە و زرارا و واری پیران و چەندین هۆتێلی براندی ٥ و ٤ ئەستێریی و پرۆژەی گەشتیاری و مەلەوانگە لەخۆدەگرێت، وەكو پرۆژەكانی گەشتیاریی لە چیای هەڵگورد و چیای حەسەن بەگ و چیای سەفین و دڵۆپە و حەمامۆك و چیای هەندرێن و گوندی رۆستێ و مەلازیاد و بازیان و دوكان و بانی مەقان و مێرگەپان و قەرەداخ و ئەزمەڕ و گۆیژە و بەكرەجۆ و قلیاسان و چەقچەق و خورت و سەرسەنگ و خنسێ و سپیلكێ و گەلێی كانی مازێ و گەلی شێرانە و ئاكرێ و سۆلاڤ و ئەكوا پاركی كەلار و قولەبەرز و باوەشاسوار و سەرتەكی مەیدان و لە هەڵەبجە و خۆرماڵ و ئەحمەد ئاوا زەڵم و بەمۆ و دەربەندی رانیە و ماكوك و غاباتی رانیە و تادوایی. ئەمەو چەندین پرۆژەی دیكە بۆ بەرهەمهێنانی كارەبا بە وزەی خۆرو هایدرۆپاوەر و كەرتی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی و نیشتەجێبوون و رێگاوبان و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و رۆشنبیری و لاوان رادەگەیەنین.

**چەندین داواكاری هەیە بۆ دروستكردنی چەند بەنداوێكی گەورە لە كوردستان، كە ٤٠٠-٥٠٠ مێگاوات كارەبا بەرهەم دەهێنێت**

**ئەو پرۆژە وەبەرهێنانەی لەقۆناغی پەسەندكردن و پلاندان، ئەگەر كاری لەسەر بكرێت، لە سەرووی ٥٠٠ هەزار هەلی كار دەڕەخسێنێت**

**لە مۆڵەتی وەبەرهێناندا مەرجێكمان داناوە كە لەكاتی دامەزراندنی پرۆژە و دەستبەكاربوونیدا نابێت رێژەی هاووڵاتیانی كوردستان لەو پرۆژەیە لە ٧٥٪ كەمتر بێت**



## دکتۆر فازڵ نەبی

بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ گوڵان:

# پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی۲۰۲۱ی حکومەتی عێراق، خراپترین پرۆژە یاسایە تا ئێستا ئامادە کرابێت

**ئەگەر چاکسازی ریشەیی بکرێت،**
**حکومەتی هەرێم دەتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت**

**بودجەی ٢٠٢١ی عێراق و پشکی هەرێمی کوردستان لەو بودجەیە و بەکارهێنانی لەلایەن پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکانی عێراقەوە وەکو گێچەڵ و موزایەدەیەکی سیاسی دژ بە هەرێمی کوردستان، مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت، پشکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە سەلامەتی تێنەپەڕێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و ئەو ئۆپشنەی کە لە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، لەکاتێکدا ئەگەر بەغدا ئامادە نەبێت ئەو ماف و شایستە داراییانەی هەرێم بدات، تەوەرەی سەرەکیی گفتوگۆی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ دکتۆر فازڵ نەبی بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق و شارەزا لە پرسی دارایی و بودجە .**

**نابێت بۆ راستکردنەوەی هاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجییەکاندا فشارو پاڵەپەستۆ بخەیتە سەر مووچەخۆران**

**گرفتی کورد لەوەدایە کە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی و زمانێکی نەرم بەرامبەرەکەی کە لایەنی عەرەبییە تێبگەیەنێت، کە ئەو قسە و تانەو تۆمەتانەی بەرامبەر هەرێم دەکرێت، لەلایەن هەندێک پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار و شەقامەوە، راست نییە**

*** پێش ئەوەی بێینە سەر پرۆژە یاسای بودجەی عێراق، ئێستا ئەنجومەنی وەزیران خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢١، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چ بنەمایەك پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم ئامادە دەکات، لە کاتێکدا هیچ دیار نییە، بەوەی ئایا بەغدا پشکی خۆی لە بودجەی ٢٠٢١ بۆ کوردستان دەنێرێت، وەك خۆشتان دەزانن لە ساڵی ٢٠١٤ هەتا ئێستا ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای بودجەی ئامادە نەکردووە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو راستییە بکەین کە سەرجەم حکومەتەکان لە هەموو دنیادا دەبێت یاسای بودجەیان هەبێت، چونکە یاسای بودجە سەرەڕای ئەوەی مۆڵەت بە حکومەت دەدات بۆ خەرجکردنی دارایی گشتی و رێکخستنی داهات و خەرجییەکان، هاوکات نەخشەرێگای حوکمڕانییشە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و ئامانجەکانی، دواتر پەرلەمان و دەزگاکانی چاودێریش لە رێگەی بودجەوە چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت دەکەن، ئەمەش وادەکات بودجە هەردوو لایەنی سیاسی و یاسایی و چاودێریی تێدا بێت. لەم روانگەیەوە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت کار بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجە بکات، مەرجیش نییە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوە بودجەی عێراق ئامادە بکرێت، بۆیە وا باشترە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتا بزانێت داهاتەکانی خۆی چەندە، دواتر بودجەیەك بە دوو ئاراستە ئامادە بکات، لەپێشان پشت ئەستوور بێت بەو بڕە پارەیەی لەبەر دەستیدایە، لە قۆناغی دووەمیشدا بڵێت ئەگەر پشکی هەرێم، یان پارە لەبەغداوە هات، ئەوا ئێمە دەتوانین پرۆژە و کاری دیکە ئەنجام بدەین، مەسەلەی ئەگەری هاتنی داهاتی دیکە لە ناو یاسای بودجەدا لە زۆر دەوڵەتانی دنیادا هەیە. هەموومان دەزانین ئامادەکردنی بودجە کاتی دەوێت، خۆ بەلایەنی کەمەوە مانگێك بۆ مانگ و نیوێکی پێویستە تا گفتوگۆ لەگەڵ هەموو فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەت و دەستەو فەرمانگەکان بکەن. بە رای من ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان سوود لەو کاتە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بزانێت ئەو پرۆژە بودجەیەی عێراق کە چووەتە پەرلەمان چی بەسەر دێت و بە چ شێوەیەك پەسەند دەکرێت، ئەمەش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێکی باشە تاوەکو بە وردی بڕوانێتە ئەنجامی گفتوگۆکان و دواجار پەسەندکردنی بودجەکە، ئەمەش بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەپێی ئەو پەسەندکردنەی پەرلەمانی عێراق بودجەی خۆی ئامادە بکات.

*** لەم هەفتەیەدا گفتوگۆکانی تایبەت بە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢١ ی عێراق لە پەرلەمان دەست پێ دەکات، واچاوەڕوان دەکرێت مشتومڕێکی زۆر لە سەر مادده و بڕگەکانی بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن پرۆژە**

**هێزی کڕینی دراوی عێراقی بۆ مووچەخۆران و خەڵکیش کەم کرایەوە و هەڵاوسانیش دروست بووە**

**حکومەتی عێراق هەموو پاساوەکانی پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵییە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو بەرهەمە لە ناو بازاڕەکاندا نییە و بەراورد بە وڵاتانی دیکە لە ٥٪ی بەرهەمی ناوخۆییمان نییە**

**وڵاتێک نرخی دراوی خۆی دەشکێنێت کە بەرهەمی ناوخۆیی ئەوەندە زۆر بێت و کەرەستەی خاوی لەناوخۆدا هەبێت، بۆ ئەوەی بازاڕی دەرەکی بۆ بەرهەمەکەی بدۆزێتەوە**

**یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢١ هەڵدەسەنگێنن؟**

- پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢١ ی عێراق بەخراپترین بودجە دادەنرێت، لەکاتێکدا کورتهێنانی هەیە، کەچی بودجەیەکی زۆر فراوان و قەبە دانراوە، کە پێی دەوترێت بودجەی (تەقینەوە)، بۆ نموونە لەساڵی ٢٠٢٠ حکومەتی عێراق نەیتوانی ٨٧ تریلیۆن دینار خەرج بکات، کەچی لەمساڵدا ١٦٤ تریلیۆن دینار دانراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە مووچە و دەرماڵەکان کە لە بودجەی بەکارخستن گرنگترین ماددەیە، کەچی کەم کراونەتەوە، هاوکات لەکاتێکدا عێراق پارەی نییە و قەرز دەکات، کەچی بودجەی وەبەرهێنانی کردووەتە ٢٧-٢٩ تریلیۆن دینار، نابێت بۆ راستکردنەوەی هاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجییەکاندا فشارو پاڵەپەستۆ بخەیتە سەر مووچەخۆران، لەکاتێکدا بە داشکانی بەهای دینار بەهای راستەقینەی مووچەکانت کەم کردووەتەوە.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر پرۆژە یاسای بودجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ رێککەوتوون، بەڵام مەترسییەکە ئەوەیە کە وەك یاسای قەرز بۆ کورتهێنانی بودجە دیسان لە پەرلەمانی عێراق گێچەڵێك بە پشکی هەرێمی کوردستان بگێڕن، ئایا پشکی هەرێمی کوردستان لە پرۆژە یاسای بودجە بە سەلامەتی لە پەرلەمان تێدەپەڕێت؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەتا دەبێت ئاماژە بەم راستییانە بکەین، یەکەم: گرفتی کورد لەوەدایە کە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی و زمانێکی نەرم بەرامبەرەکەی کە لایەنی عەرەبییە تێبگەیەنێت، کە ئەو قسە و تانەو تۆمەتانەی بەرامبەر هەرێم دەکرێت، لەلایەن هەندێك پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار و شەقامەوە، راست نییە و هەر هیچ نەبێت بەو شێوەیە نییە، ئەمە هەڵەیە، چونکە ئێمە پێویستیمان بەوەیە ئەو بودجەیەی کە ئێستا هەیە، وەکو خۆی تێپەڕێندرێت و پەسەند بکرێت، یان هەر هیچ نەبێت گۆڕانکاری و دەستکارییەکی کەم بکرێت، تا حکومەتی هەرێم بتوانێت بەو بڕە پارەیەی بەغدا و لەپاڵ داهاتی ناوخۆدا کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە ببات و مووچەی خەڵکی بدات. دووەم: سەبارەت بەو شاندانەی هەرێم کە دەچنە بەغدا کە لایەنی سیاسی زیاتر بەسەریدا زاڵە لەلایەنی تەکنیکی، بوونی سەرۆك وەزیران، یان جێگرو وەزیرەکان پێویستە، بەڵام لەمەش گرنگتر بوونی کەسانی شارەزا و پسپۆڕە لەگەڵیاندا و پێویستە بتوانن سەرەتا گفتوگۆ بە زمانی ژمارەکان بزانن و دواتر بە زمانی عەقڵ و مەنتیق و زانست قسە بکەن. سێیەم: هەر یاسایەك کە لە بەغدا دەردەچێت، دەبێت ئێمە بە جوانی بیخوێنینەوەو چارەسەری بۆ دابنێین و لەکاتی خۆیدا بچینە بەغدا، وەکو یاسای پڕکردنەوەی کورتهێنانی دارایی کە دەبوایە ئەو رۆژەی کە دەرچوو (١١/١٢) بۆ سبەینێ کە هەینی بوو، راستەوخۆ شاندی هەرێم بگەیشتایەتە بەغدا، لەمەش زیاتر ئەو یاسایە دوو خاڵی لەخۆ دەگرت و، هەردوو خاڵەکە پێویستی بە زەمەن و خوێندنەوەی ورد هەبوو، بۆ نموونە خاڵی لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆمپانیای (سۆمۆ) کە حاڵەتێکی نوێ بوو تا حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە، هەروەها خاڵی جێبەجێکردنی یاساکە پێویستی بەوە بوو لەکاتی خۆیدا بچوونایە، نەك دوا بخرایە.

*** لەم پرۆژە یاسایەی ئەمساڵی بودجەی عێراق وەکو ئاماژەتان پێ کرد، نرخی دینار لە بەرامبەر دۆلار داشکاوە، هەروەها باج خراوەتە سەر مووچەی فەرمانبەران، ئەمەش شەقامی عێراقیی نیگەران کردووە، حزبە سیاسییەکانیش ئەمە دەکەنە کارتی هەڵبژاردن، ئایا بە رای ئێوە ئەم دوو بڕگەیە لەناو پرۆژە یاسای بودجەی عێراقدا جێگیر دەبن؟**

- یەکێك لە خراپییەکانی بودجەی ٢٠٢١ی عێراق مەسەلەی داشکانی بەهای دینار و سەپاندنی باج لەسەر مووچە و کەمکردنەوەی دەرماڵەکانە، بەمەش هێزی کڕینی دراوی عێراقی بۆ مووچەخۆران و خەڵکیش کەم کرایەوە و هەڵاوسانیش دروست بووە، ئەمە سەرەڕای تەماعی بازرگان و کۆمپانیاکان کە هەر زوو سەری هەڵدا، بەمەش حکومەت نەیسەلماندووە کە لە خزمەتی خەڵك و مووچەخۆراندایە، بەڵکو حکومەتی عێراق هەموو پاساوەکانی پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵییە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو بەرهەمە لە ناو بازاڕەکاندا نییە و بەراورد بە

وڵاتانی دیکە لە ٥٪ی بەرهەمی ناوخۆیمان نییە و بەوشێوە کتوپڕییە دروست نابێت. وڵاتێك نرخی دراوی خۆی دەشکێنێت کە بەرهەمی ناوخۆیی ئەوەندە زۆر بێت و کەرەستەی خاوی لەناوخۆدا هەبێت، بۆ ئەوەی بازاڕی دەرەکی بۆ بەرهەمەکەی بدۆزێتەوە، لەلایەکی دیکەوە نابێت داشکانی بەهای دینار بەو شێوە فەرمییە و ئاشکرایە بڵاوبکرێتەوەو بازارەکان پشێوێنێت.

*** ئایا تاچەند کەشی ئاڵۆزی هەڵبژاردن و ململانێی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق کاریگەریی نەرێنی لەسەر موناقەشەکانی پەرلەمان و تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای بودجە و پشکی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- ڕەنگە مەسەلەی داشکانی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار و دراوە بیانییەکانی دیکە لە گفتوگۆکانی پەرلەمان تێپەڕێت، چونکە بابەتێکی تایبەت بەبانکی ناوەندییە و لەژێر ڕکێفی حکومەتەکەی کازمی-دایە، لەم بابەتە تەنانەت بانکی ناوەندی ڕازی نەبووە لەسەر ئەو داشکانە گەورەیەی ١٠٠دۆلار بەرامبەر ١٤٥ هەزار دینار بێت، بەڵکو بانکی ناوەندی لەسەر ١٣٠ ڕازی بوو، لەگەڵ ئەمەشدا پەرلەمان دەتوانن متمانە لە پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق بسەننەوەو پارێزگارێکی نوێ دابنێن کە کار بۆ نرخێکی نوێی بەهای دینار بکات، لەلایەکی دیکەوە پەرلەمان لە گفتوگۆکانیاندا دەتوانن بڕگەی تایبەت بە سەپاندنی باج لەسەر مووچە و کەمکردنەوەی دەرماڵەکان هەڵبگرن، یان هەمواری بکەنەوە. بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان و ئەو موزایەدە و پروپاگەندانەی کە کەسەکان و لایەنە سیاسییەکان دەیکەن، کاریگەریی زۆری لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا دەبێت و کێشەی بۆ دروست دەکەن، گرفتەکە لە سەرۆکی حزبەکانە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، کە وا هەڵسوکەوت دەکەن و پەرلەمان و ڕاگەیاندن بە ئاراستەی وروژاندنی شەقام بۆ دژایەتیکردنی هەرێم ئاراستە دەکەن، خۆ ئەگەر پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەکەدا بەم شێوەی ئێستا، یان بە هەموارکردنێکی کەمیشەوە تێپەڕێندرێت، ئەوا لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

*** ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەمجارەش گێچەڵ بە پشکی هەرێمی کوردستان دەکەن و کوردستان لە بەشەداهاتی خۆی بێبەش دەکەن، وەك شارەزایەکی بواری ئابووری و دارایی چ ئۆپشنێك لە بەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبینیت، بۆ ئەوەی بە پشتبەخۆ بەستن ئەو کێشەیە چارەسەر بکات؟**

- من پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوو ئاراستە کار بکات، ئاراستەی یەکەم لە گفتوگۆکانی بەردەوام بێت لەگەڵ بەغدا بۆ بەدەستهێنانی بودجە و مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم، هەنگاوی دووەمیش جێبەجێکردنی چاکسازیی ڕاستەقینەیە و سەرۆکی حکومەت لەگەڵ گەلەکەی قسە بکات و ڕاستییەکان بە خەڵکی خۆمان بگوترێت، بەرپرسان و شارەزایان و کەسە دیارو ناسراوەکانی ناوکۆمەڵگە، ئەوانەی کە خەڵك متمانەیان پێ دەکات، لە زمانی ئەوانەوە ڕاستییەکان بگوازرێتەوە. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە حکومەت بەرنامەی خۆی بۆ پێدانی مووچەی ٣٠ ڕۆژ جارێك ئاشکرا بکات، بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئیمکانییەتی حکومەت بگونجێت.

*** زۆر کەس باسی چاکسازی دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم قەیرانە تێپەڕێنێت، بەڵام ئێستا لە کوردستان جۆرێك لە ناسەقامگیریی سیاسی هەیە، پرسیار ئەوەیە لە کەشێکی وادا کە ناسەقامگیریی سیاسی ببێتە هۆکاری ناسەقامگیری لەناو حکومەتدا، چۆن پرۆسەی چاکسازی سەرکەوتوو دەبێت؟**

- من زۆر کەم باسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، بەردەوام باس لەوە دەکەم هەرێمی کوردستان دەبێت چاکسازی بکات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە حکومەت بەشێکە لە هەرێمی کوردستان، لە سەرووی هەموویانەوە لایەنە سیاسییەکان و دواتر سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان دێت. حکومەت ئەگەر ئیرادەی لایەنە سیاسییەکانی لەگەڵ نەبێت، ناتوانێت چاکسازیی بکات، بە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە، بەڵام حزبە حوکمڕانەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەرپرسیارێتیان زۆر گەورەترە لەو حزبانەی لە حوکمڕانیدا نین، بۆیە چاکسازیی سیاسی و سەقامگیری پێویستی بە ئیرادەی سیاسی هەیە.

**بانکی ناوەندی ڕازی نەبووە لەسەر ئەو داشکانە گەورەیەی ١٠٠دۆلار بەرامبەر ١٤٥ هەزار دینار بێت، بەڵکو بانکی ناوەندی لەسەر ١٣٠ ڕازی بوو**

**لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان و ئەو موزایەدە و پروپاگەندانەی کە کەسەکان و لایەنە سیاسییەکان دەیکەن، کاریگەریی زۆری لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا دەبێت و کێشەی بۆ دروست دەکەن**

**حکومەت ئەگەر ئیرادەی لایەنە سیاسییەکانی لەگەڵ نەبێت، ناتوانێت چاکسازیی بکات**

# با گرێ کوێرەکە نەکەوێتە دەست شەقام

وەك ئاشكرایە بارودۆخی عێراق رۆژ بە رۆژ لە رووی ئیداری، حوكمڕانی، ئابووری و پێكەوەژیان و ئاسایشەوە بەرەو خراپتر دەچێت، لەگەڵ خراپبوونی ئەم بارودۆخەش پەیوەندی و هاوكێشەكانی نێوان عێراق و هەرێم ئاڵۆزتر دەبێت و، لێكتێگەیشتنەكان سەختتر دەبن، چاوەڕوانیی هەڵبژاردنیش هیچ ئومێدێك نادات، چونكە ئەزموونی پێشتر هەیە، كە هەرگیز هەڵبژاردنەكان بارودۆخی بەرەو باشتر نەبردووە، بەرەو خراپتر و ئاڵۆزتر نەبێت، ئەگەرچی من ترسم هەیە و واش دەبینم كە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئەوەش ئێستا هەمانە لە حكومەت و پەرلەمان لە عێراقدا، بۆمان پێك نەیەتەوە و، بەرژەوەندیخوازەكانی عێراق وڵات بەرەو پاشاگەردانی ببەن. تەوافوقیش لە عێراقدا كە بنەمای حوكمڕانی و پێكهێنانی حكومەت و ئۆرگانە ئیدارییەكان بووە، لە هیچ پرۆسەیەكی دیكەدا سەركەوتوو نەبووە و، هیچ حیسابێكی بۆ نەكراوە، ئەگینا چۆن دەبێت ئەگەر وڵات وڵاتی تەوافوقییە بە بێ كورد كە پێكهاتەیەكی سەرەكیی حوكمڕانییە، یاسای كورتهێنانی بودجە و قەرز و چەندین یاسای دیكە بەڕێ دەكرێت؟ كە واتە تەوافوفیش هەڵوەشاوەتەوە، یان تەنیا بۆ چەند پرۆسەیەك بووە.

ئەگەرچی كوتلەی كوردی لە بەغدا بێ كەموكووڕی نەبووە، جیهان جیهانی رێككەوتن و رێكخستنی بەرژەوەندییەكانە، كورد لە بەغدا تا ئێستا بەهۆی شپرزی و پارچەپارچەیی و نەبوونی یەكگوتاری، نەیتوانیوە هیچ نەبێت لەگەڵ یەكێك لە پێكهاتەكان رێككەوتن لەسەر هەندێك پرس بكات، تا ئەوانیش پشتیوانی كورد بن لەكاتی پێویستدا. دەتوانین بڵێین دیپلۆماسییەتی كوتلەی كوردی لە بەغدا لاوازە و نەیتوانیوە بە مێژووی ئەم چەند ساڵ و خولە، بەرژەوەندییەكانی خۆی لەگەڵ لایەنێك رێك بخات و، بەرژەوەندییەكانی ئەوانیش ببەستێتەوە بە دەنگەكانی خۆی و رەزامەندیی پەرلەمان لەسەر پرسەكان.. كارەكە ئاسان بوو بۆ لێك تێگەیشتنی هەرێم و بەغدا تا لە نێوان حكومەتی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان لایەنی نێودەوڵەتی هەبوو، چونكە ئەگەر حكومەتی عێراقیش هەندێك جار نارازی بوایە، بە فشاری وڵاتێكی دەرەكی ناچار دەكرا كە پابەند بێت بە رێككەوتن لەگەڵ هەرێم،



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

تەنانەت لە ناو پەرلەمانیش هەر ئاسانتر بوو.

وەك گوتمان ئەگەرچی کوتلەی کوردی لەناو پەرلەمان نەیتوانیوە هیچ پشتیوانییەك لە لایەنەکانی دیکە بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام پەرلەمانیش تا رادەیەك دەزگایەکی بەرپرسە و ناچارە پابەند بێت بە دەستوور و یاساکانەوە، ئەگەرچی راشکاوانە بڵێین پەرلەمانی عێراق بەداخەوە بەرەو جووڵێنەری سیاسی براوە و، مخابن بەرەوجووڵێنەری شەقامیش دەچێت، واتە خەریکە دەچێتە ژێر کاریگەریی شەقام، بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە شەقامی عێراقی لە دژی کورد بجووڵێندرێت، کە ئەمە بۆ بەغدا و وڵاتانی دەستتێوەردەری دەرەکی دوو سوودی هەیە، یەکەم: شەڕی دژی کورد دەکاتە شەڕێکی جەماوەر و شەقام، کە ئەمە دەنگدانەوەیەکی دیکەی دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. دووەم: دەیانەوێت ئاراستەی شەقامی عێراقی بگۆڕن لە نارازایەتی بەرامبەر گەندەڵییەکانی عێراق و دەستتێوەردانی دەرەکی بۆ شۆڕشی دژی کورد. بۆیە دەبێت کورد وریای ئەمە بێت و، نەهێڵێت پرسەکەی بخرێتە شەقام، چونکە ئەوکاتە دانوستان لەگەڵ شەقام سەخت و مەحاڵ دەبێت، شەقامیش بە ئاسانی هەر رۆژەو لەلایەن لایەنێکەوە دەکرێت و، نازانرێت کێ ئاراستەی دەکات.

کورد لەم هەلومەرجەدا باشترە لەسەر سێ ئاست کار بکات. ئاستێکی ناوخۆیی کە پێویستە نێوماڵی خۆی رێك بخات و چاکسازییەکی ریشەیی بکات، دووەم پێویستە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی کار بۆ ئەم پرسەی بکات و سەرنج و پشتیوانیی وڵاتانی خاوەن بڕیار بەسەر عێراقدا دەست بخات، ئاستی سێیەم لەناو پەرلەمانی عێراقی هەوڵی سازان و تەوافوق لەگەڵ ئەو لایەنانە بدات کە نزیکە لێیانەوە و کاریگەر دەبن، تاکو هەرچۆنێك بێت بۆ ساڵێکیش بێت، ئەوپرسە لە پەرلەمان تێپەڕێندرێت، تا هەرێم تۆزێك بەخۆیدا دێتەوە و لەم قەیرانە سەختە رزگاری دەبێت، ئەو کات بیر لە ستراتیژی نوێ و پلان و بەرنامەیەکی نوێ بکاتەوە بۆ ئایندە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەگاتە ئەم بەربەستانە، چونکە لە ئێستادا شەقام لێت تووڕە بێت و خەڵك برسی بێت، رەنگە کاتی زۆر شت نەبێت، کە چارەسەرەکەی درێژخایەنە و زۆر سەخت دەبێت.



**دکتۆر عامر حەسەن فەیاز**

سەرۆکی کۆلیژی زانکۆی ئامال بۆ گوڵان:

# هەموو دەوڵەتمەدارێک سیاسەتمەدارە، بەڵام هەموو سیاسەتمەدارێک دەوڵەتمەدار نییە

**دکتۆر عامر حەسەن فەیاز پسپۆڕە لە زانستە سیاسییەکان و فیکری تازەی سیاسی و لە ساڵی پارەوە پۆستی راگری کۆلیژی زانکۆی ئامالی وەرگرتووە، ئەندامیشە لە دەیان کۆمەڵەی عێراقی و عەرەبی بۆ زانستە سیاسییەکان و چەندین ساڵیش راگری کۆلیژی زانستە سیاسییەکان بووە، خاوەنی دەیان کتێب و توێژینەوەیە تایبەت بە فیکری سیاسی و سۆسیالیست و دیموکراسی و بەشداریی کارای هەبووە لە کۆنگرەو سیمینارەکاندا لە عێراق و دەرەوە. لە دیدارێکدا لەگەڵ گوڵان بە تێروتەسەلی رۆشنایی خستە سەر چەندین پرسی پەیوەست بە بواری سیاسەت و پەیوەندیی تەکنەلۆجیا بە سیاسەتەوە و سیما و خەسڵەتەکانی دەوڵەتمەدار و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ گەلەکەی و بواری دیکەی پەیوەندیدار بە حوکمڕانی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات.**

سەرەتا لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی ئەوەی سیاسەت کێشەگەلی هەنووکەیین و ئەوانەن کە ئێستا لە ئارادان یان ئەو کێشانەن کە دادێن و بەرێوەن، دکتۆر عامر حەسەن فەیاز گوتی: «شتێکی نەریتی و باوە و ئەرکی سیاسەت بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانەی کە ئێستا هەن، لە کاتێکدا بەهۆی ئەو دۆخە لەناکاو و ناچارییەی لە سەردەمی تازەی جیهانگیری هاتووەتە پێشەوە، سیاسەت ئەرکە نەریتییەکەی خۆی پیادە ناکات، کە خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەبینێتەوە، کە ئەمەش بە شارەزایی و لێهاتوویی سیاسەتمەداران ئەنجام دەدرێت. بۆیە لەسەر ئەو سیاسەتمەدارانە پێویستە بیر لە کێشەکانی داهاتوو بکەنەوە، واتا بەر لە سەرهەڵدانی ئەو کێشانە رێگاچارەیان بۆ دەستنیشان بکەن.»

سەختترین و قورسترین شت لە سیاسەتدا پێشبینی کردنە، بەڵام ئایا ئەو پێشبینییە سیاسییە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە یان نا؟ لە وەڵامی ئەمەشدا دکتۆر عامر حەسەن فەیاز روونی دەکاتەوە کە «دیاردەکانی سیاسەت کۆمەڵایەتین، دەبێت زۆر بە وردی تاقی بکرێنەوە، چونکە هەیانە نەگۆڕە و هەشیانە بەردەوام لە جووڵەدایە، بۆیە کۆنترۆڵکردنیان ئاسان نییە، ئەمەش بەو واتایە نییە کە میکانیزمەکانی پێشبینی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانە نادیدە بگیرێن، لەبەر ئەوە پێویستە ئامادەکاری بۆ میکانیزمی تازەی پێشبینی بکرێت، هەرچەندە ئەمە هەنگاوێکی زۆر قورسە، لە هەمان کاتدا ئەستەمە کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەو ئاسانییە بخرێتە نێو چوارچێوەی میکانیزمێك، یان تەکنیکێکی تازەوە، تاکو بتوانرێت چارەسەرێکی گونجاو و پێویست بۆ ئەم دۆخە دەستنیشان بکرێت. بەڵام بە حوکمی گۆڕانکارییەکان و بەو ناوەی کە ناکرێت پشت بە بناغەو یاسای زانستی ببەسترێت، وەك هەر دیاردەیەکی سرووشتی یان زانستی، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك نابێت دەستبەرداری تەکنەلۆجیای تازە ببین لە بواری ئەرك و کاریگەریی سیاسەتدا.»

**بەهۆی ئەو دۆخە لەناکاو و ناچارییەی لە سەردەمی تازەی جیهانگیری هاتووەتە پێشەوە، سیاسەت ئەرکە نەریتییەکەی خۆی پیادە ناکات، کە خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەبینێتەوە**

لە وڵاتانی پێشکەوتوو ماتماتیك وەك زانست هاتووەتە نێو سیاسەتەوە، بەتایبەتیش ئامار، بە شێوەیەك ناکرێت وانەی سیاسەت بێ گوتنەوەی وانەی ئامارو پرەنسیپەکانی بخوێندرێت، هەروەها لە چوارچێوەی ئەو شتە تازانەی هاتوونەتە ئاراوە داهێنانی زاراوەیەك بە ناوی (ئەندازیاریی سیاسەت) یان ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە ئەمەیان مەترسیدارە، ئەم زاراوەیە تەوەری سەرەکیی کتێبێکی دکتۆر عەلی عەباس بوو بە ناوی (ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی)، ئەو بە تەواوی دەرکی بەم بابەتە نەکردبوو، بۆیە دکتۆر عامر دەڵێت: «لێم پرسی ئایا تۆ ئاگادار نیت کاتێك ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەخەیتە قاڵبی ئەندازیارییەوە، وەك رێچکەیەك شوێنی خۆی دەگرێت؟ چونکە فاشی و نازییەکان بەر لە هەمووان ئەندازیاریی سیاسییان کردە بەرنامە

**دیاردەکانی سیاسەت کۆمەڵایەتین، دەبێت زۆر بە وردی تاقی بکرێنەوە، چونکە هەیانە نەگۆڕە و هەشیانە بەردەوام لە جووڵەدایە، بۆیە کۆنترۆڵکردنیان ئاسان نییە**

**عێراق لە قۆناغێکدایە هێشتا هیچ هەنگاوێکی بەرچاوی بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکان نەناوە**

**دەبێت دەوڵەتمەدار بزانێت چۆن لەگەڵ رووداودا لەکارلێکدا دەبێت، نەک بە هەڵچوون رووبەرووی ببێتەوە، بەڵام لای ئێمە (لە عێراق)، بە هەڵچوون بەرەنگاری دەبنەوە**

**پێویستە دەوڵەتمەدار لاف بە شکستی ئەو کەسە لێ نەدات کە کاری لەگەڵدا دەکات، بەڵکو دڵی بە سەرکەوتنی خۆش بێت**

**ئێستا لە عێراق، حکومەت و پەرلەمان هاوبەشن، بەڵام دەبینین یەکیان داو بۆ ئەوەی دیکە دادەنێتەوە، یەکێکیان سەردەکەوێت، ئەوەی دی خەم دەخوات**

و پەیرەویان کرد، چونکە ئەم زاراوەیە بووەتە پسپۆڕییەکی شیاندنی سیاسی، واتا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە من بێم عەقڵی هاووڵاتی بە ئەندازیاریی بکەم و بیخەمە خزمەتی سیستەمی سیاسییەوە، لێرەدا دەبێ دیقەت لەوە بدەین، کە ئایا ئەو سیستەمە کراوەو فرەییە و کار لەسەر ئەندازیاریی سیاسی دەکات و، ئەم زاراوەیە خزمەتی فەلسەفەی ئەو سیستەمە دەکات، یان پێچەوانەکەی راستە؟ بۆیە ئەگەر سیستەمەکە تۆتالیتاری و دیکتاتۆری بێت و، تەکنەلۆجیا و هەموو داهێنانە تازەکان بەکاربهێنێت، بێگومان دواتر ئەمە دەخاتە خزمەتی فەلسەفەی تۆتالیتاری و دەسەڵاتخوازی و دیکتاتۆرییەتەوە، واتا شمشێری دوو سەرەیە، بۆ نموونە وزەی ئەتۆم بە قەدەر ئەوەندەی بۆ مەبەستی ئاشتی بەکار دەهێنرێت، ئەوەندەش دەتوانرێت بخرێتە خزمەتی مەبەستی دیکەی وەك دروستکردنی بۆمب، یان دابینکردنی کارەبا بە وزەی ئەتۆم یان ناوکی.»

دیسان دەپرسین: تا چەند سیاسەت دەتوانێت سوود لە تەکنەلۆجیا ببینێت لە رووی چاککردنی ئەرك، یان ئامانجەکانی؟ لەم رووەشەوە جەختی لەوە کردەوە کە «ئەمە پشت بە تاکە کلیلی سیاسەتی حوکمڕانی دەبەستێت، کە بریتییە لە فەلسەفەی سیستەمەکە کە چۆن دەتوانێت ئەم تەکنۆلۆجیایە بەکاربهێنێت، بۆ نموونە وەك چەقۆ کە دەکرێت مرۆڤی پێ بکوژرێت، لە هەمان کاتیشدا پزیشکی نوژدار نەشتەرگەری پێ دەکات.»

ئەگەر وەك عێراقی ئەم بابەتە بخەینە بواری پراکتیکەوە، ئێستا وڵات لە لێواری هەرەس و داڕووخانە، بۆیە دەپرسین: چۆن دەتوانرێت چارەسەری ئەو هەموو کێشە و قەیرانە ئاڵۆزانەی عێراق بکرێت؟ دکتۆر عامر حەسەن فەیاز لە بەدواداچوونیدا لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: «ئێمە ئێستا باس لە خەونێك دەکەین، چونکە عێراق لە قۆناغێکدایە هێشتا هیچ هەنگاوێکی بەرچاوی بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکان نەناوە، پێموایە وەك قۆناغی یەکەم، کاتێك هەڵبژاردن ئەنجام درا، هەندێ لە کاندیدان دەیانگوت ئێمە لە درووشم و بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆمان چی بنووسین و لە نێو خەڵك و شەقامدا بەرزی بکەینەوە؟ منیش پێم گوتن: بنووسن (ئێمە وەك پاڵێوراوان لەگەڵ گەشەپێدان نین، بەڵکو لەگەڵ راگرتنی داتەپین و داڕووخانین)، ئەمەش واقیعە، تەنانەت بەڵێنیشە، چونکە ئەگەر بڵێین ئێمە لەگەڵ گەشەپێدانین خەڵکەکە گاڵتەتان پێ دەکەن، لەبەر ئەوەی خۆیان لەنێو واقیعەکەدان، پەیوەست بە راگرتنی داتەپین و داڕووخان، نموونەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا دێنمەوە، خەڵکی کەنداو سەرەتا ژیانێکی تەواو نەریتی و ساکاریان هەبوو، دواتر راستەوخۆ پەرەیان بە وڵات دا.»

لە وەڵامی پرسیارێکیش سەبارەت بە چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکان، دکتۆر عامر فەیاز جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، پێویستە کێشەکانی ئێستامان وەلاوە بنێین، دەست بە هەنگاوی بنیادنان بکەین، بە دەیان سیاسەتمەدارمان هەن، بەڵام دەوڵەمەتدارمان نین، چونکە ئەوە دەوڵەتمەدارن کە وڵات بنیاد دەنێن، پێویستمان بە وەستایە، وەستاکانیش دەوڵەتمەدارن، نەك سیاسەتمەدار، کەواتە هەموو دەوڵەتمەدارێك سیاسەتمەدارە، بەڵام هەموو سیاسەتمەدارێك دەوڵەتمەدار نییە، بۆیە کاتێك سەیر دەکەین، چەندین سیاسەتمەدارمان هەن، بەڵام چەند لەوانە بوونەتە دەوڵەتمەدار؟ بێگومان کەم، با بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئەم کۆمەڵگەیەمان رزگار دەکەین، هەمیشە من بە قوتابییەکانم دەڵێم کاتێك بتانەوێت بینا بکەن، پێویستە کەرستە ئامادەبکەن، بەڵام ئەگەر ئەوەشتان کرد، پێویستیتان بە وەستا (دەوڵەتمەدار) دەبێت، باشە چۆن دەوڵەتەمەدار دروست دەکرێت؟ چەندین شێوە سیما و خەسڵەت هەن کە دەبێت لە دەوڵەتمەداردا هەبن. ئەرستۆ لە کتێبی (سیاسەت) ئاماژەیان پێ دەکات، دەبێت دەوڵەتمەدار بزانێت چۆن لەگەڵ رووداودا لەکارلێکدا دەبێت، نەك بە هەڵچوون ڕووبەڕووی ببێتەوە، بەڵام لای ئێمە (لە عێراق)، بە هەڵچوون بەرەنگاری دەبنەوە و لەگەڵیدا لە کارلێکدا نابن، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە پێویستە دەوڵەتمەدار کەلتووری تەواوکەری هەبێت، نەك کەلتووری سفرکردن، کاتێك دێینە سەر واقیعی عێراق، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، هەموو شتێکی کەسی پێش خۆی سفر دەکات و هەنگاو و بەرنامە ئەرێنییەکانی تەواو ناکات و، وەلاوەیان دەنێت، تاکو لەسەر ئەو حسێب نەکرێت، دواخالیشم ئەوەیە



کە پێویستە دەوڵەتمەدار لاف بە شکستی ئەو کەسە لێ نەدات کە کاری لەگەڵدا دەکات، بەڵکو دڵی بە سەرکەوتنی خۆش بێت، ئەوانە هاوبەشی یەکدین، ئێستا لە عێراق، حکومەت و پەرلەمان هاوبەشن، بەڵام دەبینین یەکیان داو بۆ ئەوەی دیکە دادەنێتەوە، یەکێکیان سەردەکەوێت، ئەوەی دی خەم دەخوات، کە دەکەوێت شاگەشگە دەبێت، بۆیە داودانەوەو سفرکردن بۆتە نەرینێکی باوی ئەم وڵاتە، کە پێویستە پێچەوانە بێت، خۆ هیچ نەبێت، دەبێت هاوکاریی بکات و هەماهەنگکار بێت.»

سەبارەت بە چ جۆرە دەوڵەتمەدارێکمان پێویستە لە عێراق لەو خەسڵەتانەی کە پێویستە هەبن، وەك سەرکێش، عاقڵمەند، هێواش لە بڕیاردان، یان هەڵچوو، دکتۆر فەیاز رای وایە «دۆخەکە لە عێراق جیاوازە، ئەرکی دەوڵەتمەدار زۆر سەختە، مەرج نییە کەموکوڕییەکە لە سیستەمەکەدا بێت، بەڵکو جاری وایە دێتە سەر دەوڵەتێك کە داڕووخاوە و جومگەکانی پەکیان کەوتووە». هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئێمە لە عێراق لەبەردەم خەڵکێکداین، ئاستی رۆشنبیریی گشتییان نزمە، ئەگەر زانیيان فرە بڕیارە، واتا بەرژەوەندیی گشتیی مەبەستە، ئەوا رێز لە بڕیارەکانی ناگرن، بۆیە ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە پێویستی بە دەوڵەتمەدارێکی ئازا و بەجەرگە کە لە بڕیاردانەدا سڵ نەکاتەوە، بۆ نموونە کاتێك چەك بە دەست دەوڵەتەوە نەبێت، ئەو دەوڵەتمەدارە بە رۆشنبیری ناتوانێت چارەسەری ئەم گرفتە بکات، بەڵکو پێویستی بە هێز هەیە، دەرکردنی هەر بڕیارێك پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە، جا ئەگەر هەر وا بیربکاتەوە، چی تێدایە هەموو کەسێك چەکی لە ماڵەوە هەبێت، ئەوا ناتوانێت بڕیاری قەدەغەکردنی بدات، مەرج نییە هەموو کۆمەڵگەکان وەك یەك بن، ئەو خەسڵەتانەی ئاماژەم پێ کردن، لە هەندێك کۆمەڵگەدا هەن و لە هەندێکی دیکەدا جیاوازن، جیاوازییەکە بە پێی ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتن و واقیعەکەیە، کەواتە ئێمە کەسێکمان پێویستە کە ئەو خەسڵەتانەی تێدا بێت و بتوانێت مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا بکات، واقیعەکە چۆنە بەم شێوەیە مامەڵە بکات، بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵگەکە، بۆ نموونە لە عێراقدا شیعە و سوننە و کورد و تورکمان و کلدوئاشووری و نەتەوە و ئایینزای دیکە هەن، نابێت دەوڵەتمەدار بەو چاوە سەیر بکات کە ئەوەی زۆرینەیە باڵادەست بێت و ئەوی دیکە ماف و ئەرکی نەبێت، دەبێت لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون رەفتار بکات، دەستکەوتەکان بۆ هەموان بێت، ئایینزایەك زاڵ نەبێت، بەسەر ئەوی دیکەدا، بۆیە ئەگەر زۆرینەشە، بە پاڵپشتی و بەهێزکردنی کەمینە بەهێز دەبێت و سەردەکەوێت، دەوڵەتمەدار کاتێك بەم شێوەیە مامەڵە دەکات و، چاوی لەوە نییە کە تەنیا ئایینزا و نەتەوەی خۆی، ببێتە سەرمەشق و گەورەی کەمینە و ئایینزایەکانی دیکە، ئەو کات لە کارەکانیدا سەردەکەوێت.»

**کاتێک چەک بە دەست دەوڵەتەوە نەبێت، ئەو دەوڵەتمەدارە بە رۆشنبیری ناتوانێت چارەسەری ئەم گرفتە بکات، بەڵکو پێویستی بە هێز هەیە**

**نابێت دەوڵەتمەدار بەو چاوە سەیر بکات کە ئەوەی زۆرینەیە باڵادەست بێت و ئەوی دیکە ماف و ئەرکی نەبێت، دەبێت لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون رەفتار بکات**

# مەترسیی مادده تیشکاوەرەکان

مادده تیشکاوەرەکان لە خاکدا بە شێوەی سرووشتی هەن، وەك یۆرانیۆم و رادیۆم ء .. ئەوانی دیکە، بەڵام لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم ماددانە لە زۆر دروستکراو و لە دامەزراوەی سەربازی ء مەدەنیدا و لە خراپ بەکار هێنان ء هەڵگرتنی ئەم ماددانەدا و لە لاوازیی چاودێریکردنیدا، بە درێژایی ساڵانی رابردوو زۆر کارەساتی مرۆیی گەورە کەوتوونەتەوە، هاوکات لە بواری بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی بۆ ئامانجی ئاشتیخوازانەی وەك بەرهەمهێنانی کارەباشدا لەحاڵەتی تەقینەوە، یان هەرەسهێناندا، مرۆڤایەتی تووشی کارەساتی ژینگەیی گەورە دەکات.


بۆیە بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای کارەبای تۆکیۆ (تیپکۆ) ئەو وێستگە ئەتۆمییەی (فۆکۆشیما) کە رووبەڕووی بوومەلەرزە و تسۆنامی بووەوە لە (١١)ی ئاداری(٢٠١١) دا، بڕێکی زۆری ماددەکانی وەك (سیزیۆم) و (سترۆنتیۆم) و (تریتیۆم)ی خستە نێو زەریای هێمنەوە، کە کۆمپانیای کارەبای تۆکیۆ (تیپکۆ) بە (٣٠٠) تۆن ئاوی پیسبوو بەو ماددانەی کە رژانە نێو زەریاوە لەهەر رۆژێکدا مەزەندەی کردبوو.

بۆیە لەساڵی (٢٠١١) بۆ ساڵی (٢٠١٣) نزیکەی دە هەزار ملیار بیکریل لە ماددەی (سترۆنتیۆم٩٠) و بیست هەزار ملیار بیکریل لە ماددەی (سیزیۆم) چۆتە نێو زەریاوە.

(بیکریل) یەکەیەکی جیهانییە بۆ پێوانەکردنی چالاکیی مادده تیشکاوەرەکان، بە ناوی زانای فیزیك (هێنری بیکریل) ناونراوە.

عێراقیش لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بڕێکی بەرچاوی لەو ماددانە بەکارهێنا لە هەندێك دامەزراوەی تایبەتدا، هەروەها لە ئەنجامی بۆردومانکردنی دامەزراوەی ئەتۆمیی عێراقیش لەلایەن فڕۆکەکانی ئیسرائیلەوە لە ساڵی (١٩٨١) و، دواتریش لە جەنگی عێراق هاوپەیمانان لە دژی عێراق لە ساڵی (١٩٩١) و، ئینجا جەنگی عێراق - ئەمریکا لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لە ساڵی (٢٠٠٣)دا بڕێك لە پاشماوەی دامەزراوە ئەتۆمییەکان ء شتومەکە سەربازییەکان ء تانك ء زرێپۆش ء کەرەستەی نێو دامەزراوە مەدەنییە ئەتۆمییەکان دزران و مامەڵەی فرۆشتن و کڕینی ئاساییان پێوە کرا.

مادده تیشکاوەرەکان مەترسیی گەورەیان لەسەر پیسبوونی ژینگە و زیانگەیاندن بە تەندروستی مرۆڤ بۆ ماوەی زۆر درێژخایەن



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵان دەینووسێت

هەیە، چونکە ئەم ماددانە لە دوای ماوەیەکی زۆر درێـژدا کاریگەریـی توخمـە تیشـکاوەرەکانیان لـە کار دەکەوێـت، کـە بـە نیـوەی تەمـەن (Half Time) دەناسرێت، جاری واش هەیـە، سـەدان ساڵ دەخایەنێـت.

ئێمـە لـە وەزارەتـی ژینگـەی عێـراق تەنیـا لـە سـاڵی (٢٠٠٣)دا، نزیکـەی (٣٨٥) رووپێوکردنـی تیشـکاوەریمان بـۆ نموونەکانـی خـاکء ئـاو کـرد، نزیکەی (٥٧١) رووپێویش بۆ ماددە خۆراکییەکان کرد، بە مەبەستی شیکردنەوەو زانینی ئاستەکانی تیشـك لـە عێراقـدا، کـە دەرکـەوت لـە هەندێـك شـوێندا رێـژەی بوونـی ئـەو ماددانـە سێ هێنـدە زیاتـر بـووە لـە رێـژەی رێگەپێـدراو، تەنانـەت لـە هەندێك شوێنی سەربازیی بۆردمانکراویشدا (١١) جار بـڕی ئـەو ماددانـە لـە رێـژەی رێپێـدراو زیاتـر بـوون.

تاڵانکردنـی دامـەزراوەی (تووەیسـە)و، بەکارهێنانـی یۆرانیۆمـی خامۆشـکراو (دی یـو) لـە پێکهاتـەی ئـەو تەقەمەنییانـەی کـە دژ بـە تانـك ء زرێپـۆش ء ئۆتۆمبێلـە سـەربازییەکانی عێـراق بەکارهـات، پاشـماوەی تیشـکیی زۆری لـە ناوچەکانی ئەبوغرێب ء توێریج ء رێگای بەغدا-بابـل ء دوو پێگـەش لـە سـەماوە بەجێ هێشـت، چونکە عێراق بە شێوەیەکی گشتی لەپێش ساڵی (٢٠٠٣)دا لـە نزیکـەی (١٨) دامـەزراوەی سەربازی ء مەدەنیدا ماددەی تیشکاوەری بەکار دەهێنا، بۆ بـواری زانسـتی ء سـەربازی ء تەندروسـتی .

ئەوەی جێگـەی مەترسی بـوو، ئەوە بوو کە ئەو ماددانە رۆڵێکی زۆریـان لـە زیادکردنی جۆرەکانی نەخۆشـیی شێرپەنجە لە عێراقدا هەبوو، بە جۆرێك کـە نەخۆشـیی شـێرپەنجە لـە عێراقـدا تـا سـاڵی (١٩٨٩) لە پلەی حەوتەمدا دەهات لە ریزبەندیی نەخۆشـییەکاندا، بـەڵام لـە سـاڵی (١٩٩٣) بـەدواوە بە پلەی چـوارەم هـات.

مەترسـییەکی دیکـەش ئـەوە بـوو کـە خەڵکانێـك لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتاندا بـە مەبەسـتی بازرگانیکـردن بـەو ئاسـن ء وردە ئاسـنەی کـە لـە پاشـماوەی تانـك ء زرێپـۆش ء ئۆتۆمبێلـە سـەربازییەکاندا مابوونـەوە پـاش بۆردمانکردنیـان، راستەوخۆ مامەڵەیان بەو پاشماوانە کرد و کڕین ء فرۆشتنیشیان پێوە دەکردن، کـە ئەمـەش هۆکارێکە بـۆ زۆر نەخۆشـیی ترسـناك کـە لـە ئەنجامـی کاریگەریی ئـەو مـادە تیشـکاوەرە تەمـەن درێژانـەی کـە بەسـەر ئـەو پاشـماوە سـەربازییانەوە هەبـوون، بۆیـە پێویسـتە حکومـەت رێگا نـەدات بـە هێنانـی ئـەم جـۆرە پاشـماوانە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان.

# نووسینی دەقی پەروەردەیی و بەهاکان

## (پرۆگرامەکانی هەرێم)

کاوە حەمەمراد
بۆ گوڵان نووسیویەتی



منداڵی ژیر




ڕاستگۆیی

ئەم دوو وێنەیە لە بابەتی «منداڵی ژیر» و «ڕاستگۆیی»دا وەرگیراون (خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، ل٢١، ل٧١).

بۆچی منداڵێکی درۆزن و ترسنۆک و زەبوون بە جلی کوردییەوە وێنەی دانراوە؟ بۆچی بۆ منداڵێکی ژیر، چوست و چالاك، وێنەی منداڵێك دانراوە پانتۆڵ و کراسی پۆشیوە؟ ئەمە بێڕێزییە بە کورد و بە کولتووری کوردی و بە مافی منداڵ، ئەمە بەهیچ شێوەیەك جێی نابێتەوە لەژێر چەتری پەروەردەییدا، کە ئامانجی بێت مرۆڤی تەندروست بێنێتە بەرهەم! پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تا ئێستا دەخوێندرێت و لانەبراوە؟

سیستەمی پەروەردە بەو شێوەیەی هەیە و دەیبینین، لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنساوە دامەزراوە، لەم سەردەمەدا ڕۆژی خوێندن ٣تا٧ کاتژمێر و بە درێژایی ١٠بۆ١٢ساڵ فێرخواز دەخرێتە بەر خوێندن، بە شێوەیەکی سیستەماتیك دەرسی پێ دەگوترێت، بەو ئامانجەی کادری پێویست و کارا بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگە دروست بکات، جگە لە مادەکانی خوێندن سەرجەم سیستەمی پەروەردە (تجسید) تەنکراوە، بەو بنەما فکرییەی کە دەوڵەتی لەسەر دامەزراوە، تا ئەو ڕادەیەی دەوڵەت کۆنترۆڵ و مۆنۆپۆڵی پەوەردەی کردووە، هەوڵدەدات لە ڕێی پەروەردەوە بیروباوەڕی بچەسپێنێت، بەو ئامانجەی کۆمەڵگە بگۆڕێت، بەڕێوەیبەرێت، کۆنترۆڵی بکات و... هتد. کەواتە پەروەردەیەك نییە بەبێ پەیامی پەروەدەیی.

نووسینی دەقی پەروەردەیی دەبێت بەپێی ڕێچکەی زانستییانە (پێداگۆگی نووسین) بنووسرێت، دەربڕی بابەتەکە بێت و هەنگاو بە هەنگاو گرێکانی ڕوون بکاتەوە، لە هەمان کاتدا پەیامی پەروەردەیی «بەهاکان» لە خۆبگرێت، بە پێی مادەی خوێندنەکە. لەم نووسینەدا مەبەست لە تەکنیکی نووسینی دەق نییە کە بە ڕێچکەیەکی زانستییانە نووسرابێت بۆ گەیاندنی بابەتی خوێندن (ماتماتیك، فیزیا، دین، زمان و.. هتد)، بەڵکو لەو وێنە و وشە و ڕستانەیە (بەکارهێنانی زمان) کە نووسەر بەکاریان دێنێت، بۆ ڕاڤەکردنی بابەتی خوێندن و داڕشتنی دەق، چۆن و بە چ ئامانجێك دەخرێنە نێو دەقەوە؟ هەروەها هەڵبژاردنی هەندێ بابەتی خوێندن کە کاریگەری نەرێنییان داناوە لەسەر بەهاکان، چەند نموونەیەك دەخەمە ڕوو.

ئەم نموونانە لە ڕووی تەکنیکی فێربوونەوە درووستن، بە کارهێنانی شتێك، یان بیرۆکەیەك کە یارمەتی منداڵ بدات، بۆ کۆکردنەوەی دوو ژمارە، لێرەدا تەنیا ڕاڤە دەکەم بۆ ئەو پایەمەی کە لە توێی دەقەکەدایە.

١) دارا ٧ گوللەی پێیە و زارا ٦ گوللەی پێیە، بە هەردووکیان چەند گوللەیان پێیە؟ لێرەدا ئامانج ئەوەیە کە فێرخواز لە منداڵییەوە ئاشنا بکات بە کەرەستە و ئامێری شەڕ، ئەم جۆرە دەقە لە پرۆگرامەکانی داعشدا بینراون.

٢) زارا ٦ گوێزی پێیە و دارا ٧ گوێزی پێیە، بە هەردووکیان چەند گوێزیان پێیە؟ جگە لە فێربوونی کۆکردنەوەی دوو ژمارە، ئەمە پەیامی پەروەردەیی تێدا نییە.

٣) مامۆستا باسی گرنگیی کاری خۆبەخش و هەرەوەزی کرد و داوایکرد کە پێویستیان بە ١٠-١٥ خۆبەش هەیە، بۆ پاککردنەوەی گۆڕەپان و دەروازەی قوتابخانەکەیان، هەموویان دەستیان بەرزکردەوە، مامۆستا لە ڕیزی یەك ٧ و لە ڕیزی دوو ٦ فێرخوازی هەڵبژارد و سوپاسی کردن، ئایا مامۆستا چەند فێرخوازی هەڵبژارد؟ ئەمە فێرخواز ئاشنا و هاندەدات بۆ بەشداریکردن لە کاری خۆبەخش و هەرەوەزیدا.

پەیامەکانی نێو دەقی پەروەردەیی پۆلێن دەکرێن بە سێ بەشەوە، بەپێی ئەرێنی و نەرێنیی پەیامەکە، هەر وەك لەو سێ نموونەیەی پێشوودا بینیمان.

### ● ا) پەیامی نەخوازراو:

پەیامێکی نادروستە، پێچەوانەی بەهاکانی پەروەردەییە، دەخرێتە نێو دەقی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بەمەبەستی خزمەتکردنی ئایدیۆلۆژی، یان مەزهەب، پاڵنەرە بۆ چاندنی هەزر و بیری توندوتیژی، کادری نادروست و توندڕەو دێنێتە بەرهەم. لە زۆربەی کاتدا بەپلان و نەخشەی داڕێژراو (سیاسەتی پەروەردەی دەوڵەت) پەیڕەو دەکرێت، وەك پرۆگرامەکانی ڕژێمی پێشوو و داعش، دەقی تیژ دژی نەیارەکان و مەزنکردنی بیروباوەڕیان، ئاشنا و ئاساییکردنی چەك و ئامێرەکانی شەڕ خراونەتە نێو دەقەکان، هەروەها لە نەبوونی سیاسەتێکی پەروەدەیی ڕوون و دیاریکراو بۆ نووسینی دەق، بیروڕای نووسەر و لایەنە نەرێنییەکانی کولتوور دزە دەکەنە نێو دەقەکانەوە.

خۆشبەختانە حوکمەتی هەرێم لەم بوارەدا پاکسازیی کرد، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە تا ئێستا پاشماوەی هەندێ بابەت و دەق و وێنەی نەخوازراو لە پرۆگرامەکاندا ماونەتەوە و لە هەندێ بابەتی نوێشدا هەن، لە بابەتی «ڕاستگۆیی»دا (خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی(ل٧١) کە دەربارەی ڕاستگۆیی و درۆنەکردنە، لە وێنەکەدا مامۆستا دەستی بەرزکردۆتەوە و بە پەنجەی هەڕەشەی

نووسینی دەقی پەروەردەیی دەبێت بەپێی ڕێچکەی زانستییانە (پێداگۆگی نووسین) بنووسرێت، دەربڕی بابەتەکە بێت و هەنگاو بە هەنگاو گرێکانی ڕوون بکاتەوە

دارا ٧ گوللەی پێیە و زارا ٦ گوللەی پێیە، بە هەردووکیان چەند گوللەیان پێیە؟ لێرەدا ئامانج ئەوەیە کە فێرخواز لە منداڵییەوە ئاشنا بکات بە کەرەستە و ئامێری شەڕ، ئەم جۆرە دەقە لە پرۆگرامەکانی داعشدا بینراون

بەرەو فێرخوازە منداڵەکەیە، وێنەکە بە روونی دەری دەخات کە مامۆستاکە بە توندی هەڕەشەی لێ دەکات و سووکایەتی پێ دەکات، منداڵەکەش لە ترسا ملی خوار کردۆتەوە و گاز لە پێنووسەکەی دەگرێ، جێ و کاتی رووداوەکە پۆلە و لە وانەی «کوردی»دایە (لەسەر تەختەکە نووسراوە کوردی وانەی١).

**پەیامی نەخوازراو: پەیامێکی نادروستە، پێچەوانەی بەهاکانی پەروەردەییە، دەخرێتە نێو دەقی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بەمەبەستی خزمەتکردنی ئایدیۆلۆژی، یان مەزهەب، پاڵنەرە بۆ چاندنی هزر و بیری توندوتیژی**

جێی سەرسوڕمانە فێرخوازکە جلی کوردیی پۆشیوە!! لە هەموو کتێبەکانی خوێندن و خوێندنەوەی کوردی پۆل١-پۆل٦، ئەم وێنەیە تەنیا وێنەیەکە فێرخواز جلی کوردیی پۆشیوە لە نێو باڵاخانەی قوتابخانەدا، لە هەمان پەرتووکدا، لە بابەتی «منداڵی ژیر»دا (ل٢١) وێنەی فێرخوازێك دانراوە، پانتۆڵ و کراسی پۆشیوە و بۆینباخ (کەرەوات)ی بەستووە، چوست و چالاك و شاناز، هیوا وئاسۆیەکی بەرز دەبەخشێت. ئەم پرسیارانە دێنە گۆڕێ، بۆچی منداڵێکی درۆزن و ترسنۆك و زەبوون بە جلی کوردییەوە وێنەی دانراوە؟ بۆچی بۆ منداڵێکی ژیر و چوست و چالاك، وێنەی منداڵێك دانراوە پانتۆڵ و کراسی پۆشیوە؟ ئەمە بێڕێزییە بە کورد و بە کولتووری کوردی، بە هیچ شێوەیەك لەژێر چەتری پەروەردەییدا جێی نابێتەوە، کە ئامانجی بێت مرۆڤی تەندروست بێنێتە بەرهەم. ئەگەر لە جیاتی منداڵێکی کورد منداڵێکی پێست رەش بووایە، یان جلوبەرگی میللی گەلێکی دیکەی بپۆشیایە، بە پەروەردەیەکی رەگەزپەرستانە لە قەڵەم دەدرا، ئەگەر لە پەروەردەیەکی وڵاتانی ئەوروپادا بووایە، هەرایەکی گەورەی لێ دەکەوتەوە و دەبووە هۆی توندوتیژی، چونکە بێڕێزی بە منداڵ و گەلان هێڵی سوورە، لە لایەکی دی، ئەم وێنەیە هەست و نەستی مرۆڤ دەهەژێنی، شکاندنەوە و تۆقینی فێرخواز\ منداڵ بە هەڕەشە، پێچەوانەی رێسا و یاساکانی مافی مرۆڤ و تیۆری فێربوونە.

**تا ئێستا پاشماوەی هەندێ بابەت و دەق و وێنەی نەخوازراو لە پرۆگرامەکاندا ماونەتەوە و لە هەندێ بابەتی نوێشدا هەن**

راستە سیاسەتی پەروەردەی حوکمەتەکانی عێراق دژی خوێندن بوون بە زمانی کوردی و پێکهاتەکانی دیکەشەوە، بەڵام بێڕێزییان پێ نەکراوە لە پرۆگراماکانی خوێندندا، بە بۆچوونی من دانانی ئەم وێنەیە کاری تاکە کەسە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تا ئێستا دەخوێندرێت و لانەبراوە و ماوەتەوە؟

لە بابەتی «شێخ مەحموودی نەمر»دا (زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی (ل١٨٩) نووسراوە «بپرسە لە هۆڕاو و دەشتەکانی شوعیبە و لاکی بۆگەنی تۆپیوی ئینگلیسی نەگریسی نامەرد... سوپای ئینگلیزو خوێن مژەکان دەم بنێنە سامانی وڵات و ناو جەرگی گەلی کوردەوە».

بەکارهێنانی زمانی زبر و ئاگرین و هەڵبژاردنی وشەی نەشیاو «لاکی بۆگەنی تۆپیوی ئینگلیس» کە بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، نەك بۆ لاشەی مرۆڤ، ئەمە زمانی ئایدیۆلۆژی و قسەکردنی باوە، نەك زمانی نووسینی دەقی پەروەردەیی، بەڕێزان ئەو دەقە بۆ تەمەنی ١٤-١٥ ساڵ نووسراوە!!

لە ژێر چەتری پەروەردەدا (هەروەها لە دەرەوەی پەروەردەدا لە وتاری عەقڵانیدا) تاوانەکانی دەوڵەت ناخرێنە پاڵ گەل، بە هیچ شێوەیەك نابێت بگوترێت، بنووسرێت: عەرەبی خوێنمژ، فارسی خوێنمژ، تورکی خوێنمژ، یان ئینگلیزی خوێنمژ، هەوڵناوەی نەرێنی\ سیفاتی خراپی دەدرێتە پاڵ دەوڵەتەکە بەتایبەتی لە نووسیندا.

### ● ب) دەقی بێ پەیام ( بێلایەن)

لە روخساردا وا دەردەکەوێت جۆرێك\هەندێك دەقی پەروەردەیی هیچ پەیامێك لەخۆ ناگرێت، جگە لە گەیاندنی زانیاری مادەی خوێندنەکە نەبێت، بێ ئایدیۆلۆژییە، بێلایەنە. بەڵام خودی سیستەمی پەروەردە لەسەر بنەمایەکی فکری دامەزراوە، جگە لە گەیاندنی زانیاری مادەکانی خوێندن (ماتماتیك، فیزیا، دین، زمان و.... هتد) پەیامێکی فکری دەوڵەت و کاریگەری کۆمەڵگە لە دەقەکاندا رەنگ دەداتەوە.

دوو قوتابخانەی پەروەردەی فکری هەوڵیانداوە سیستەمی پەروەردە داماڵن لە بەهاکانی سەردەم (ئەو زەمەنەی فێرخواز تێیدا دەژی) کە راستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بە ژینگەو ژیانی فێرخواز و وڵاتەوە، ئەمەش پێچەوانەی رێسا\ پرەنسیپی پەروەردەییە (پەروەردە بۆ ژیان):-

١) پەروردەی کۆڵۆنیزم (بەریتانیا) و بە پەرەوەردەی (3R) ناسراوە، ئامانجی سەرەکیی

فێربوونی: بێرکاری\ماتماتیك، خوێندنەوە و نووسین (ڕێنووس) بوو، هەندێك وای بۆ دەچن کە پلانی ئیمپریالستی بەریتانی بوو، بۆچوونێکی دیکەش لەگەڵ ئەوەدایە کە بەریتانیا توانای مادیی و لۆجستی نەبوو بۆ دامەزراندنی پەروەردەی خۆجێیی، بۆ هەر کۆڵۆنییەك پەروەردەی تایبەتمەندی خۆی هەبێت، بەڵکو پشتگیری لە پەروەردەیەکی گشتیر کرد، تا ئەو رادەیەی پرۆگرامەکان لە میسرەوە هاوردەی عێراق کران، بەڵام لە عێراقدا سەری نەگرت.

٢) پەروەردەی یەکێتی عەرەب*( پان عەرەبیزم)، لە سەر ئەو بنەمافکرییە دامەزراوە کە گرنگی دەدات بە مێژووی هاوبەشی عەرەب (مێژووی ئیسلام) و زمان و ئەدەبی عەرەبی و مێژووەکانی دیکە و کولتووری خۆجێیی\عێراقی (عەرەب و ناعەرەب) و بە کورتییەکەی هەرچییەك پەیوەندی هەبێت بە ژینگە و ژیانی فێرخواز و وڵاتەوە، پەراوێز، یان قەدەغە کراون. ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری داناوە لەسەر دیزاینی پرۆگرامەکانی خوێندن و نووسینی دەق «بەشی خوێندنەوە» لە پەرتووکەکانی «زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی٧-پولی١٢» کە هاوشیوەی پەرتووکەکانی «موتالەعە»ی عەرەبی نووسراون، تەنانەت چەندین بابەتیان راستەخۆ لێ وەرگێڕاون بۆ بەشەکانی «بەشی خوێندنەوە.»

«بەشی خوێندنەوە»، یان پەرتووکی «موتالەعە» خراونەتە پرۆگرامەکانی سیستەمی پەروەردەی وڵاتانی گەشەکردووەوە کە کولتوور و سەرچاوەی خوێندنەوەیان (پەرتووکخانە\مەکتەبە) کەمە، یان نییە. کەوا بوو لە بەری پەرتووکخانەیەکی بچووکە، بۆیە دەبێت باباتەکانی زانیاری جیاواز و فرەزانیاری لەخۆبگرێت، بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی کە لە بازنەی تەسکی پەرتووکی خوێندندا جێیان نابێتەوە، تا ئاسۆی بیری فێرخواز فراوانتر بکات، هەروەها پاڵنەر بێت بۆ چاندنی کولتووری خوێندنەوە و گەڕان بەداوای زانیاریدا ئەو ئامانجانە بە باشی ناپێکێت، لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەمە روو:

جۆری بابەتەکانی «خوێندنەوە» لە پەرتووکەکانی «زمان و ئەدەبی کوردی-پۆلی٧-پولی١٢». پۆلێن دەکرێن بە دوو بەشەوە:

پۆلی٧ لە کۆی ٩ بابەت٤ بابەت مێژوویین، ٥ بابەت هەمەجۆرن.

پۆلی٨ لە کۆی ١٥ بابەت ٩ بابەت مێژوویین، ٦ بابەت هەمەجۆرن.

پۆلی٩ لە کۆی١٣ بابەت ٧ بابەت مێژوویین، ٦ بابەت هەمەجۆرن.

پۆلی١٠ لە کۆی١٤ بابەت ٧ بابەت مێژوویین، ٧ بابەت هەمەجۆرن.

پۆلی١١ لە کۆی١٣ بابەت ٩ بابەت مێژوویین، ٤ بابەت هەمەجۆرن.

پۆلی١٢ لە کۆی١٠ بابەت١٠ بابەت مێژوویین.

بەگشتی لە کۆی ٧٤ بابەت ٤٦ بابەت مێژوویین و ٢٨ بابەت هەمەجۆرن!

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە بابەتە مێژووییەکان زاڵن بە سەر بابەتەکانی دیکەدا، کە لە کۆی ٧٤ بابەت ٤٦ بابەتیان مێژوویین، لە پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکاندا دەخوێندرێن، ئەمەش بۆتە هۆی دوو، سێ، چوار...هتد بارە بوونەوەی هەندی بابەت لە سیستەمەکەدا، جگە لەوەی کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی بابەتەکانی دی، کەواتە بۆتە هۆی کەمیی زانیاری هەمەڕەنگ و فرەزانیاریی سەردەم (بەهاکان)، هەندێ بابەتیان ساویلکە و سادەیە، بۆنموونە:

باباتی «گورگ و ئێستر» ( پۆلی٩، ل٢٦٠)، چیرۆکێکی فۆلکلۆریی کوردییە، گورگێك تۆبە دەکات و دەچێت بۆ حەج، لە برسا دەیەوێت بە فێڵ ئێسترێك بخوات، جگە لەوەی کە هیچ لۆژکێکی تێدا نییە و چیرۆکێکی ساویلکە و سادەیە، کە لە بیرمە لە شەستەکانی سەدەی رابوردوودا لە پۆلی٣ یان ٤ی سەرەتایدا بوو. ئەمەش لەگەڵ رێژەی بەرزی هزرو بیرکردنەوەی مێرمنداڵدا ( ١٥-١٦ ساڵ) ناگونجێت!! مێرمنداڵ هیوایەکی بەرزی هەیە و دەیەوێت بەشێك بێت لە ئەو ژن و پیاوە مەعقوولانەی کە هەوڵ دەدەن بۆ بنیاتنانی خێزان و کۆمەڵگە و نیشتمان.

لەلایەکی دی ئەو بابەتانەی هەمەجۆرن، ٢٨ بابەتن لە کۆی ٧٤ بابەت، جگە لەوەی کە رێژەیەکی زۆر کەمە و زۆربەیان لە بەهاو

**بەکارهێنانی زمانی زبر و ئاگرین و هەڵبژاردنی وشەی نەشیاو «لاکی بۆگەنی تۆپیوی ئینگلیس» کە بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، نەک بۆ لاشەی مرۆڤ، ئەمە زمانی ئایدیۆلۆژی و قسەکردنی باوە، نەک زمانی نووسینی دەقی پەروەردەیی**

**مێرمنداڵ هیوایەکی بەرزی هەیە و دەیەوێت بەشێک بێت لە ئەو ژن و پیاوە مەعقوولانەی کە هەوڵ دەدەن بۆ بنیاتنانی خێزان و کۆمەڵگە و نیشتمان**

زانیاریی سەردەم و گشتی داماڵدراون، دەقەکان بە شێوەیەکی وسفی (بەلاغە) ڕۆمانسی داڕێژراون (ئەمە ڕاستە بۆ زۆربەی بابەتەکانی دیکەش) زانیارییەکی ئەوتۆ لە خۆناگرێت، دەقەکان وەسف بەخشن زیاتر لەوەی زانیاری بەخش بن، هەروەها هەندێ بابەتی بەسەرچوویشی تێدایە.

لە بابەتی «تووتن»دا نووسراوە «لەم دواییەدا دەوڵەت هەموو ئەم کارخانەو کارگانەی دروست دەکرد، تووتنی پێویست بوو خستییە ژێردەستی خۆیەوە، جگە لەوانەی کە خۆی لەم دواییەدا چەندین کارخانەی دامەزراند، وەکو کارخانەی جگەرەی سولەیمانی.» (پۆلی ١١،ل٤٨٤) هەنووکە نە تووتن سەرچاوەی ئابووریی هەرێمە و نە کارخانەی جگەرەی سولەیمانی ماوە، نە ئەو حوکمەتەش ماوە، ئەم بابەتە زانیاریی بەسەرچوو و نادروست دەگەیەنێت.

**نە تووتن سەرچاوەی ئابووریی هەرێمە و نە کارخانەی جگەرەی سولەیمانی ماوە، نە ئەو حوکمەتەش ماوە، ئەم بابەتە زانیاریی بەسەرچوو و نادروست دەگەیەنێت**

## ج) پەیامی خوازراو (بەهاکان)

بەهاکان وەکو: یەکسانیی نێرومێ (مافی ئافرەتان)، مافی منداڵان، ڕەنگی پێست، ڕێزگرتن لە ژینگە و سرووشت و زیندەوەران، ڕێزگرتن لە هەموو جۆرە کارێك کە سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە (فکری و نافکری، پرۆفیشناڵ و ناپرۆفیشناڵ)، گەشەدان و گرنگیدان بە لایەنە ئەرێنییەکانی کولتوور و نەریت (هونەر و مۆسیقا، خواردن، پۆشاك، کاری هەرەوەزی، ڕێزگرتن لە مرۆڤ، بەتایبەتی خەڵکی هەژار و بێ دەرامەت و خاوەن تایبەتمەندی... هتد)، ئاڵنگاری\ تەحەدای لایەنە نەرێنییەکانی کولتوور (تەقەی خۆشی، کوشتنی ئافرەت، ڕاو، سەرپێچیی یاسا و.. هتد. لە هەمووی گرنگتر جۆری گەیاندنی زانیاری (وانە وتنەوە) بە شێوەیەکی ڕەها نەبێت، دەبێت دەق بە شێوەیەك دابڕێژدرێت کە یارمەتیدەر بێت بۆ ڕاڤەکردنی بیرۆکەی جیاواز، پاڵنەربێت بۆ هەڵسەنگاندن و بیری ڕەخنەیی(Critical Thinking).

بەهاکان وابەستەن بە سیاسەتی پەروەردەیی وڵات و هۆشمەندیی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها پشتگیری دەکرێن لە لایەن یۆنسکۆوە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە گەشە و پەرەپێداندان، لە پەروەردەکانی جیهاندا، خۆشبەختانە بەشێك لەم شەپۆلە پەروەردەی هەرێمی گرتۆتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سیستەماتیك هەموو پرۆگرامەکانی نەگرتۆتەوە، بەتایبەتی ئەو پەرتووکانەی دەربارەی خویندنی زمانی کوردین، ناساندن و دەرخستنی چەند بابەتێك دەربارەی بەهاکان و زۆربەی بابەتەکانی دیکەی پەرتووك پێچەوانەی بەهاکان، یان دێرین و سەردەمی نین، پەیامی جیاواز و ناکۆك دەگەیێنن، نموونە، لە بابەتی «ڕاستگۆیی»دا (خۆێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی،ل٧١) لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، لە وێنەکەدا مافی منداڵ پێشێل کراوە، لە هەمان پەرتووکدا لە بابەتی «جەژنی منداڵ» (ل٧٧) باسی مافی منداڵ دەکات.

## دەرئەنجام

پەروەردە لە سەر بنەمای فکری دادەمەزرێت، تا ئێستا کاریگەریی پەروەردەی کۆڵۆنیزم و پان عەرەبیزم لە سەر پەروەدەی هەرێم ماوە، ئەمەش کاریگەری داناوە لەسەر ناوەڕۆکی دەقی پەروەردەیی و هەڵبژادنی بابەتەکانی خوێندن.

**پەروەردە لە سەر بنەمای فکری دادەمەزرێت، تا ئێستا کاریگەریی پەروەردەی کۆڵۆنیزم و پان عەرەبیزم لە سەر پەروەدەی هەرێم ماوە، ئەمەش کاریگەری داناوە لەسەر ناوەڕۆکی دەقی پەروەردەیی و هەڵبژادنی بابەتەکانی خوێندن**

لە نەبوونی ڕێنمایی بۆ نووسینی دەق، بیروباوەڕی نووسەر و لایەنە نەرینییەکانی کولتوور دەزە دەکەنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

بێرێزی کراوە بە کولتووری کوردی، ئافرەتان، منداڵ، کە هەندێکیان لەم نووسینەدا خراونەتە ڕوو.

هەر چەندە بەهاکان (مافی منداڵ، مافی ئافرەتان**....هتد) خراونەتە پرۆگرامەکانەوە، بەڵام گشتگر نین.

## پێشنیار:

وەزارەتی پەروەردە بەرپرسیارە لە پەروەردەکردنی دوو ملیۆن فێرخواز، هەر پەیامێکی نەخوازراو لە توێی هەر دەقێکدا ساڵانە پتر لە ١٦٦هەزار ( ١٢ ساڵ÷٢ملوێن فێرخواز) دەیخوێنێت، دەقی پەرەوەردەیی و بەتایبەتی ئەو دەقەی کە لە پۆلدا دەخوێندرێت، پێویستە گرنگی پێ بدرێت، وەك چۆن گرنگی دەدرێت بە نووسینی دەقێکی یاسایی، جگە لەوەی نووسەری دەق دەبێت زانیاریی باشی هەبێت لەسەر بەهاکان و بەردەوام نوێیان بکاتەوە، پێش ئەوەی دەق بڕیاری لەسەر بدرێت و بخرێتە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە،

پێویستە و دەبێت لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایانی بەهاکانەوە لە بێژن بدرێت.

گرنگە وەزارەتی پەروەردە، یان ئەو لایەنەی بەرپرسە لە ستراتیژیی پەروەردەی هەرێم، ڕێنمایی هەبێت بۆ نووسینی دەقی پەروەردەیی کە بەشێکە لە سیاسەتی پەروەردەیی وڵات، لێرەدا چەند پێشنیازێك دەکەم:

١- ئامانجی سەرەکیی پەروەردە ئەوە بێت کە فێرخواز ئامادەبکات بۆ ئەو ژینگەیەی فێرخواز تێیدا دەژی، بۆیە دەبێت پرۆگرامەکانی دەربارەی ژینگە و ژیانی فێرخواز بێت و سەردەمییانە بن.

٢- گەشەدان بە لایەنە ئەرێنییەکانی کولتوور.

٣- ئالەنگاری لە لایەنە نەرێنییەکانی کولتوور.

٤- مافی ئافرەتان، یەکسانی لە دەق و وێنەکاندا و لە سەرانسەری پرۆگرامەکاندا ڕەچاو بکرێت. ئەمە داواکارییەکی هۆشمەندی جیهانییە و خراوەتە زۆربەی سیستمی پەروەردەی جیهانەوە، خراوەتە پەروەردەی هەرێمیشەوە و پێویستە کاری زیاتری لەسەربکرێت.

٥- مافی منداڵ لە سەرانسەری پرۆگراماکاندا ڕەچاو بکرێت. ئەمە داواکارییەکی هۆشمەندی جیهانییە و خراونەتە زۆربەی سیستمی پەروەردەی جیهانەوە.

٦- گرنگیدان و پاراستنی ژینگە و زیندەوەران. ئەمەش داواکارییەکی هۆشمەندی جیهانییە و خراوەتە زۆربەی سیستمی پەروەردەی جیهانەوە.

٧- دەق بە شێوەیەك دابڕێژرێت کە یارمەتیدەربێت بۆ ڕاڤکردنی بیرۆکەی جیاواز، پاڵنەر بێت بۆ هەڵسەنگاندن و بیری ڕەخنەیی (Critical Thinking).

٨- کێشە کۆمەڵایەتییەکان: مادەی هۆشبەر، تەقەی خۆشی، ڕاو و کوشتنی زیندەوەران، سەرکێشی یاساکانی هاتوچۆ، دەستنەگرتن بە ئاو و کارەباوە، دەنگ و بێزەی دراوسێتی، نەپاراستنی پاکوخاوێنیی شوێنە گشتییەکان، نەپاراستنی تەندروستیی تاك و کۆمەڵگە، نەپاراستنی موڵکی گشتی و تایبەتی و.. هتد. دانانی یاسا بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا چارەسەر نییە، بەڵکو هۆشمەندیی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە بۆ دوورکەوتنەوە و خۆپاراستن لە کێشەکان و پەیڕەوکردنی قانوون. پەروەردە وێستگەی سەرەکییە بۆ چاندنی هۆشمەندیی کۆمەڵایەتی.

---

* بۆ زیاتر بڕوانە «کاریگەری پەروەردەی عێراق لە سەر پەروەردەی کوردستان» https://kcdev.org/

** بۆ زیاتر بڕوانە «پێگەی ڕەگەزی نێرومێ لە پرۆگرامەکانی خوێندندا» https://kcdev.org/textbook-evaluation

**نووسەری دەق دەبێت زانیاریی باشی هەبێت لەسەر بەهاکان و بەردەوام نوێیان بکاتەوە، پێش ئەوەی دەق بڕیاری لەسەر بدرێت و بخرێتە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، پێویستە و دەبێت لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایانی بەهاکانەوە لە بێژن بدرێت**

**دانانی یاسا بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا چارەسەر نییە، بەڵکو هۆشمەندیی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە بۆ دوورکەوتنەوە و خۆپاراستن لە کێشەکان و پەیڕەوکردنی قانوون**

### ● سەرچاوەکان


١- خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی. چاپی شەشەم ٢٠١٣.

٢- خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی. چاپی شەشەم ٢٠١٣.

٣- خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی چاپی هەشتەم ٢٠١٥.

٤- ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی چاپی چوارەم ٢٠١١.

٥- ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی چاپی پێنجەم ٢٠١٢.

٦- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم ٢٠١٥ زایینی ٢٧١٥ کوردی.

٧- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم ٢٠١٥ زایینی ٢٧١٥ کوردی.

٨- زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی دەیەم ٢٠١٦ زایینی ٢٧١٦ کوردی.

٩- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی، چاپی نۆیەم ٢٠١٥ زایینی ٢٧١٥ کوردی.

١٠- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی، چاپی نۆیەم ٢٠١٥ زایینی ٢٧١٥ کوردی.

١١- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، چاپی یازدەیەم ٢٠١٦ زایینی ٢٧١٦ کوردی.

12- Hassanpour، A. (1992). Nationalism and language in Kurdistan. San Francisco (Calif.): Mellen research University Press، pp.305-334.

13- Sluglett، P. (2007). Britain in Iraq. London، New York: I.B. Tauris.



**مووسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ گوڵان:**

# دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری بە سەر ١٥ هەزار منداڵی ئازیزدا دابەش دەکات

# سەنتەرێکی ئۆتیزم لە هەولێر بۆ منداڵانی ئۆتیزم و کۆمەڵگەی دایک لە سۆران بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکەینەوە

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی جگە لە کارە خێرخوازییەکانی و بەڕێوەبردنی کەمپەکان و گرنگیدان بە ئاوارە و پەنابەر و منداڵانی ئازیز؛ بەرنامەیەکی گرنگی بۆ ئەمساڵ دارشتووە، بۆ پەرەپێدانی کاری خێرخوازی و گرنگیدان بە لایەنی رۆشنبیری و کەلتووری و نەتەوەیی، ئەمە جگە لە نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی و دروستکردنی چەند ناوەندێکی کەمئەندامی و بونیاتنانی سەنتەرێکی ئۆتیزم. مووسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گوڵان، باسی کار و پڕۆژەکانیان دەکات.**

مووسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، بەمجۆرە باسی رۆڵ و کاریگەریی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ گوڵان دەکات: «سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان کە لە چەند ساڵی رابردوودا توانیمان خزمەتێکی گەورە بە مرۆڤایەتی و لێقەوماوان و ئاوارەو منداڵانی ئازیز و چەندین چین و توێژی دیکەی ناو کۆمەڵگە بکەین، ئەمەش ئەرکێکی ئاسان نەبوو، لەناو ئەم هەموو رووداو و کارەسات و قەیرانانەدا، بەڵام لەو روانگەیەوە کە هەموو هەوڵی ئێمە بەدەستهێنانی متمانەی زیاتری ناوخۆیی و جیهانییە و دەمانەوێت لە ئاست مەزنێتی ناوی (بارزانی)دا بین، کە دەفەرموێت ((شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت))، هەر ئەمەش کرا بە دروشمی دەزگاکە و لە ماوەی کاری ئێمە زۆر بە بایەخەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەم دروشمە کراوە و، رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیەکی راستەوخۆیان کردووە، کە بەرێزیان سەرۆکی بۆردی دامەزرێنەری دەزگای خێرخوازیی بارزانی-یە، هاوکات سوپاسی هاووڵاتیانی کوردستان بەتایبەتی هەموو ئەو کەس و لایەن و وڵاتە هاوکاریبەخش و رێکخراوە مرۆییانەش دەکەم، کە هەماهەنگ بوون و پێکەوە کاری هاوبەشی گەورەمان بۆ پرۆژەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بوون و، پێکەوە لە خزمەتی هاووڵاتیانی خۆشەویست و لێقەوماوان بووین. بەمەش دەزگای خێرخوازیی بارزانی نەك تەنیا لەسەر ئاستی رێکخراوە ئیقلیمییەکان بەڵکو لەسەر ئاستی رێکخراوە جیهانییەکان لە پلەی یەکەمدایە، هەروەکو چۆن لە ٢٠١٤ بەهاوکاری رێکخراوی WFP توانیمان ٩ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار ژەمە خۆراك لە ٤٥ رۆژدا دابەش بکەین، هەروەها دەزگای خێرخوازیی بارزانی یەکەمین رێکخراوە لەسەر ئاستی جیهان کە ٣٠ کەمپی ئاوارەو پەنابەران بەڕێوە دەبات».

سەبارەت بە گرنگترین ئەو کارو چالاکییانەی کە دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئەنجامیان داون،



**دەزگای خێرخوازیی بارزانی نەک تەنیا لەسەر ئاستی ڕێکخراوە ئیقلیمییەکان بەڵکو لەسەر ئاستی ڕێکخراوە جیهانییەکان لە پلەی یەکەمدایە**

موسا ئەحمەد گوتی: «ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێكی سەخت بوو، بەڵام ساڵی پشتیوانیكردنی كارەكانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بوو بۆ پشتیوانیكردنی خەڵكی لێقەوماو و هەژار و كەمدەرامەت، نەك تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەڵكو لەسەر ئاستی جیهانیش توانیمان چالاكی و خزمەتێكی باش پێشكەش بكەین، ئەمە سەرەڕای كۆرۆنا و جێبەجێكردنی ڕێنماییەكانی ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی و وەزارەتی تەندروستیی هەرێم كە ناچار بووین ماڵ بە ماڵ خێزانەكان بەسەر بكەینەوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەساڵی رابردوو (٦٠ ) پرۆژەی جێبەجێ كرد، لە ١١ سێكتەر و بە بودجەی ٥٧ ملیارو ٣١٨ ملیۆن و ٥٥٩ هەزار دینار، كە تێیدا ٦ ملیۆن و ٥٤ هەزارو ٣٤٠ كەس لێی سوودمەند بوون ئەمە جگە لەوەی هەندێك كەس هەیە، زیاتر لە دوانزدە جار سوودمەند بوون، ئێمە جگە لەوەی لە ١٣ پارێزگای هەرێمی كوردستان و عێراق كارمان كردووەو، هاوكارییەكانمان گەیاندووەتە دەرەوەی كوردستان و عێراق، لەوانە وڵاتانی (لوبنان و سووریا و یەمەن و سوودان و بەریتانیا و ئوستراليا، ئەمە جگە لە بەڕێوەبردنی ٣٠كەمپی ئاوارە و پەنابەران لە هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر كە لە ئێستادا ٩٩٢ هەزار و ٧٣٢ كەس لەم ژمارەیە بە ڕێژەی ٧٤٪ی ئاوارەن و ئەوی دیكەیان پەنابەرن، هەر ئەمەشە وای كردووە زۆرترین سێكتەر كە لە ساڵی رابردوودا كاری تێدا بكەین، سێكتەری (خۆراك و تەندورستی و پارەی نەختینەیی) بووە كە لە ئاكامی ئەوەی زۆرترین پێداویستی لە هەرێمی كوردستان و لەعێراق بەگشتی لەو سێ سێكتەرەدا بووە».

وەك سەرۆكی دەزگای خێرخوازیی بارزانی باسی كرد: «دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ساڵی ٢٠٢١ لەگەڵ (خێرخوازانی كوردستان و كۆمپانیاكان و ڕێكخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەكان) بەردەوام دەبێت لە كاری خێرخوازی و هەر لە ساڵی ٢٠٢١ دەزگای خێرخوازیی بارزانی كۆمەڵێك پرۆژە و كاری هاوبەشی خێرخوازی ئەنجام دەدات، لەوانە: كردنەوەی سەنتەری ئیماراتی بۆ ئۆتیزم لە هەولێر، ئەمەش بە هاوبەشی لەگەڵ حكومەتی هەرێم و مانگی سووری ئیماراتی، ئەمەش بە هەنگاوێكی گرنگ دادەنرێت بۆ هاوكاریكردنی منداڵانی

**لە ٢٠١٤ بەهاوکاری ڕێکخراوی WFP توانیمان ٩ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار ژەمە خۆراک لە ٤٥ ڕۆژدا دابەش بکەین**



ئۆتیزم و خانەوادەکانیان کە بارگرانییەکی زۆری بۆ دروست کردوون، ئێمەش بە هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو دەبێت گرنگی بە راهێنانی ئەم منداڵانە بدەین.

مووسا ئەحمەد ئەوەشی خستەڕوو کە چەند پرۆژەیەکی دیکەشیان لەبەردەستدایە کە بەمجۆرە دەستنیشانی کرد: کردنەوەی مۆزەخانەی بارزانی لەسەر قەڵای هەولێر، بونیاتنانی کۆمەڵگەی دایك لە سۆران بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت و پرۆژەی بەڕێوەبردنی (١٩) سەنتەری رۆشنبیری و پیشەیی لە کەمپ و دەرەوەی کەمپەکان، هەروەها نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی خەلیفان لە بواری بەڕێوەبردنی کەمپەکان و ئەنجامدانی کاروچالاکی»، گوتیشی: «ئێمە جگە لەوەی یەکەمین رێکخراوین لەسەر ئاستی جیهان کە ٣٠ کەمپ بەڕێوە ببەین، هاوکات لە رێگەی پاڵپشتیکردنی ئەو هەموو سەنتەرانەی پیشەیی و رۆشنبیریش رۆڵێکی گەورە دەگێڕین بۆ یارمەتیدانی ئاوارەو پەنابەران، بۆ نموونە لەگەڵ کوێت بەردەوام ئەرکی بەڕێوەبردنی بنکە تەندروستییەکانی (حەسەن شام — خازر — بەردەڕەش — بەحرکە — هەرشەم ) بەڕێوەدەبەین، هەروەها دروستکردنی زۆنی کەرەنتین لە ناوچەی (حەسەن شام و خازر) . لەبواری زەکاتیشدا لەگەڵ خواپێداوانی کوردستان پرۆژەی گرنگمان لەبەردەستدایە، سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی ئافرەتانی بێسەرپەرشتی خاوەن منداڵی خوار تەمەن ١٨ساڵیش بە بڕی ١٠٠ ملیۆن دینار لەگەڵ (المحسن) کاری هاوبەشمان هەیە، هەروەها پرۆژەیەکی دیکەمان لەبەردەستدایە بۆ پاڵپشتیی دەروونی رزگاربووانی دەستی داعش لەگەڵ رێکخراوی LDS کە رێکخراوێکی خێرخوازیی ئەمریکییە. یەکێك لەکارە گرنگەکانی دیکەمان یارمەتیدانی منداڵانی ئازیزە، کە بۆ ئەمساڵ لە بەرنامەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی-دایە هاوکاری بە سەر ١٥ هەزار منداڵی ئازیز دابەش بکات. لەبواری گرنگیدان و هاوکاریی کەمئەندامانیش دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ئەمساڵدا ١٠٠٠ کورسی (ویل چیر) بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت ئامادە دەکات، لەگەڵ دروستکردنی ١٠٠ پەلی دەستکرد، ئەمە جگە لە دروستکردنی کۆمەڵگەی دایك لە سۆران بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت».

**لەساڵی رابردوو (٦٠ ) پرۆژەی جێبەجێ کرد، لە ١١ سێکتەر و بە بودجەی ٥٧ ملیارو ٣١٨ ملیۆن و ٥٥٩ هەزار دینار، کە تێیدا ٦ ملیۆن و ٥٤ هەزارو ٣٤٠ کەس لێی سوودمەند بوون**

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی یەکەمین رێکخراوە لەسەر ئاستی جیهان کە ٣٠ کەمپی ئاوارەو پەنابەران بەڕێوە دەبات**

# چی دەزانیت سەبارەت بە ڤاکسینی ئۆکسفۆرد بۆ کۆڤید١٩؟



## دەرمانێکی کاریگەرتر لە ڕێمدیسیڤیر بۆ کۆڤید١٩



توێژینەوەکان گەیشتوونەتە ئەوەی کە دەرمانی پرالاتریکسەیت Pralatrexate کە بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجەی لیمفۆما Lymphoma بەکاردێت، زۆر لە دەرمانی ڕێمدێسیڤیر Rem-desivir کاریگەرترە دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا. لێکۆڵینەوەکانی پەیمانگەی شێنزێن Shenzhen بۆ تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە چین، روونیان کرۆدتەوە کە دەرمانی پرالاتریکسەیت هیوابەشخە بۆ چارەسەرکردنی کەسانی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەتایبەتی کە لەگەڵ دەرمانی دژەهەوکردنی ئەزیترۆماسیندا Azithromycin بەکار دەهێنرێت، ئەوەش روونکراوەتەوە کە دەرمانی پرالاتریکسەیت دابەشبوون و زیادبوونی ژمارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە توندی رادەگرێت پاش ئەوەی کە سەرکەوتووانە بۆ ژمارەیەك لە تووشبووان بە کۆڤید١٩ بەکارهێنرا، بەوەی کە پەلاماری پرۆتینی RdRP دەدات، کە لەناو ڤایرۆسی کۆرۆناداهەیە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە دەرمانی پرالاتریکسەیت یەکێکە لە دەرمانەکانی چارەسەری کیمیایی Cemotherapy کە بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە سوودی لێ وەردەگیرێت، بەگشتی ئەم جۆرە دەرمانانە زیانی لابەلای نەخوارزراو لەخۆدەگرن، بۆنموونە کولبوونی دەم، کەمبوونەوەی ژمارەی خەپلەکانی خوێن Platelets، هێڵنج، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، کەمخوێنی، قەبزی، ئاوسانی لەش، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش.

ڤاکسینی ئۆکسفۆرد بۆ کۆڤید١٩ کە بە ڤاکسینی ئەسترا زێنیکا AstraZeneca ناسراوە و لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بەرهەم هێنراوە، بەریتانیا بووە یەکەم وڵات کە ٣٠ مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بڕیارێکی خێرای لەسەر بەکارهێنانی ئەم ڤاکسینە داوە. ڤاکسینی ئۆکسفۆرد لە ڤایرۆسی هەڵامەتی بێ زیان لە لەشی شەمبانزی وەرگیراوە، ئەم ئەدینۆڤایرۆسە کە بە Adenovirus ChAdOx1 ناسراوە، توانای ژیانی لەناو لەشی مرۆڤدا نییە، بۆیە خۆی نابێتە ئەگەری هەوکردن لە مرۆڤدا. ئەم ڤایرۆسە کە لاواز کراوە، هەمان ماددەی جینی وەکو ماددەی جینی نووکە پرۆتینی ڤایرۆسی سارس کۆڤید SARS-CoV-2 لەخۆدەگرێت و وەکو هەڵگر بۆ گواستنەوەی نووکە پرۆتینی ڤایرۆسەکە لە لەشی مرۆڤدا سوودی هەیە. پاش وەرگرتنی ئەم ڤاکسینە، نووکە پڕۆتین لەسەر ڤایرۆسە بێهێزکراوەکە پەیدادەبن، ئەمەش هانی سستمی بەرگریی لەش دەدات بۆ پەلاماردانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەگەر بگاتە لەش. تاقیکردنەوە کلینیکییەکان لە زانکۆی ئۆکسفۆرد گەیشتوونەتە ئەوەی کە ڤاکسینی ئەسترا زێنیکا سەلامەت و کاریگەرە بۆ خۆپاراستن لە کۆڤید ١٩ پاش ١٤ رۆژ لە لێدانی ژەمی دووەم. رێژەی چالاکیی ڤاکسینی ئەسترازێنیکا دەگاتە ٧٠,٤٪، ئەم ڤاکسینە کە بە AZD1222 و هەندێك جاریش بە ChAdOx1 nCoV-19 ناسراوە، بە شێوەی دەرزی لە ماسوولکەی قۆڵ دەدرێت، تا ئێستا ڤاکسینەکە سەلامەتە و هیچ زیانێکی لابەلای نەبووە، جگە لە هەستکردن بە ئازار لە شوێنی لێدانی دەرزی و قۆڵ، لەگەڵ هەستکردن بە بێهێزیی گشتی.

# ئەو هەڵە تەندروستییانەی نابێت ساڵی ٢٠٢١ دووبارەیان بکەیتەوە

ساڵی ٢٠٢٠ پڕ سترێس بوو، ڤایرۆسی کوشندەی کۆرۆنا هەموو جیهانی گۆڕی، پەتای کۆڤید١٩ چەند وانەیەکی گرنگی پێ داین، بۆنموونە پابەندبوون بە خۆراکی هاوسەنگ و هەنگاوەکانی بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، ئەمە جگە لە پاکوخاوێنی و پابەندبوون بە دووریی کۆمەڵایەتی Social distancing. لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێی ٢٠٢١ و بەردەستبوونی ڤاکسینی کۆرۆنادا، گرنگیدان بە تەندروستی لە سەرووی هەموو شتەکانی دیکەوەیە، بۆیە پێویستە کە هەڵە تەندروستییەکانی پارساڵ دووبارە نەکەینەوە،

هەڵە تەندروستییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ بریتی بوون لە: نەخواردنی ژەمی بەیانی، کەم وەرزشکردن، یان وەرزش نەکردن، کەم نووستن، زیاد خوارنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکان، پابەند نەبوون بە هەنگاوەکانی سووککردنی سترێس. گەلێك لێکۆڵینەوە جەختیان لەوە کردۆتەوە کە خواردنی ژەمی بەیانی گرنگییەکی یەکجار زۆری بۆ تەندروستی هەیە، هەروەها ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی سیستمی بەرگریی لەش بەهێزدەکات و خەمۆکی و سترێس سووك دەکات، کەم نووستنیش کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستی و کوالیتی ژیان تێك دەدات، هەوڵ بدە لانی کەم خەوت کاتژمێر بۆ نووستن تەرخان بکەیت و ٣٠ خولەك پێش نووستن دووربکەویتەوە لە بەکارهێنانی هەر ئامێرێکی ئەلیکترۆنی. لە لایەکی دیکەوە زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو قاوە و چای ئەنجامی نێگەتیڤی بۆ تەندروستی دەبێت، بۆنموونە تێکدانی خەو و تێکدانی لێدانەکانی دڵ، ئەمە جگە لە سەرئێشە و هەستکردن بە نارەحەتیی دەروونی Irritability.



# کێ نابێت ڤاکسینی کۆڤید ١٩ی کۆمپانیای پفایزەر وەربگرێت؟

ئێستا بەکارهێنانی ڤاکسینی کۆڤید١٩ی کۆمپانیای پفایزەر بایۆنتێك Pfizer/BioNTech لە ٤٥ وڵاتدا ڕێگای پێ دراوە، لەوانە (بەریتانیا، کەنەدا، مەکسیك، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا) ئەگەرچی ڤاکسینەکە تا ٩٥٪ کاریگەرە، بەڵام لەوکاتەدا گومان لەسەر ئەم ڤاکسینە پەیدابوو کە دکتۆرێکی ئافرەتی ٣٢ ساڵە لە مەکسیك پاش وەرگرتنی ژەمی یەکەمی ڤاکسینەکە لە نەخۆشخانە لە بەشی چاودێری چڕدا خەوێندرا، کە دوچاری پەرکەم و گرفت لە هەناسەدان بووەوە، لەگەڵ پەیدابوونی پەڵەی سوور لە پێستدا، ئینجا پشکنینەکان دەریانخست کە دوچاری هەوکردنی شانەکانی مێشك و پەتکەدەمار بووەتەوە. زیانە لابەلاکانی ڤاکسینی کۆڤید١٩ ی کۆمپانیای پفایزەر زیاتر خۆیان لە پەیدابوونی هەستەوەریدا دەبیننەوە، کە لە چەند کەسێك ڕوویدا پاش وەرگرتنی ڤاکسینەکە، وەك لە (فنلەندا و بەریتانیا و کەنەدا وئەمریکا). نیشانەکانی هەستەوەری لەوانەیە هاوکات بن لەگەڵ نیشانەی وەکو: هەناسەتەنگی، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، ئاوسانی چاوەکان، هەستکردن بە کڕانەوەی قوڕگ و سووکبوونی سەر Light-headedness. ئەوانەی کە هەستەوەرییان بەرانبەر بە یەکێك لە پێکهاتەکانی ڤاکسین هەیە، وا باشترە کە ڤاکسین وەرنەگرن، هەروەها ئەو کەسانەی کە هەستەوەریی توندیان بەرانبەر خۆراك، یان دەرمان، یان بەرانبەر بە ڤاکسینەکانی دیکە هەیە، نابێ ڤاکسینی پفایزەر وەربگرن، تەنانەت ئەگەر ژەمی یەکەمیشیان وەرگرتبێت ئەوا نابێت ژەمی دووەمی ڤاکسینەکە وەربگرن.



# کۆڤید١٩ و نەخۆشیی شەکرە

هەموو کەسێك تووشی کۆڤید١٩ دەبێت، بەڵام کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە زیاتر رووبەڕووی ئاڵۆزییەکانی پەیوەست بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبنەوە، خودی نەخۆشیی شەکرە ئەگەری تووشبوون بە کۆڤید١٩ زیاتر ناکات، بەڵام لەکاتی تووشبووندا ئەگەری ئاڵۆزییەکان زیاتر و توندتر دەبێت و لەبەر هەڵبەزین و دابەزینی ئاستی شەکری خوێن و ئاڵۆزیی دیکەی پەیوەست بە نەخۆشیی شەکرە، چارسەرکردنیشی قورستر دەبێت. نەخۆشیی شەکرە هۆکارە بۆ لاوازبوونی سستمی بەرگریی لەش، واتە توانای بەرنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکانی کەم دەبێتەوە و کاتێکی زۆرتری دەوێت بۆ زاڵبوون بەسەر هەوکردنە ڤایرۆسییەکاندا، هەروەها لەگەڵ هەڵبەزین و دابەزینی ئاستی شەکری خوێندا چانسی هەوکردنە ڤایرۆسییەکان زیاتر دەبێت. رێنماییەکان بۆ نەخۆشانی شەکرە لەکاتی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەمانەن: ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی بە رێکی Regular exercise، بە وردی چاودێریکردنی ئاستی شەکری خوێن بەمەبەستی هێشتنەوەی لەژێر کۆنترۆڵدا، چونکە هەر هەوکردنێك لە لەشدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن لە نەخۆشانی شەکرەدا، هاوسەنگکردنی خۆراك و پابەندبوون بە پارێزی خۆراکیی نەخۆشیی شەکرە، پابەندبوون بە بەکارهێنانی دەرمان، خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو رۆژانە، پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی خۆپارستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا وەکو بەستنی ماسك و زوو شووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابوون، یان پاککەرەوەی پزیشکی کە رێژەی ئەلکهول تیایدا لە ٧٠٪ کەمتر نەبێت.






# ئەوەی پێویستە پاش وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا بیزانیت

وەرگرتنی ڤاکسین هەرگیز مانای ئەوە نییە کە تۆ ١٠٠٪ پارێزراو دەبیت لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، چونکە هیچ کام لە ڤاکسینە بەردەستەکان گەرەنتی ئەمەیان نەداوە، واتە هێشتا لەوانەیە کە دوچاری کۆڤید١٩ بیتەوە، بۆیە بەلای کەم ئێستا نابێت ستایلی ژیانت وەکو کاتی پێش ڤایرۆسی کۆرۆنا لێ بکەیتەوە. بەهەرحاڵ دەتوانیت کە پاش وەرگرتنی ڤاکسین پلانێکی کاتی بۆ ساڵی ٢٠٢١ دابڕێژیت. پسپۆڕان وا پێشبینی دەکەن کە دتواندرێت لە کۆتایی ئەمساڵدا ژیانی پێش ڤایرۆسی کۆرۆنا دەست پێ بکاتەوە، پاش وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا دەتوانیت نزیك بیتەوە لە کەسانی نزیکی تووشبوو بە کۆڤید١٩ و هاریکاریان بکەیت، چونکە چانسی تووشبوونت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەمە، هەر لەبەر ئەمەشە کە کارمەندانی تەندروستی پێش کەسانی دیکە ڤاکسین وەردەگرن، بەڵام هێشتا پێویستە کە ماسك ببەستیت و دەستەکانت زوو زوو بە ئاو و سابوون بشۆریت، لە هەمان کاتدا تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی بێگانە ریسکە، چونکە هێشتا روون نییە کە ڤاکسینەکە بتپارێزێت لە گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (ئەگەر تووشی بیت) بۆ کەسانی دیکە کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە، بۆیە پێویستە کە پابەند بیت بە دووریی کۆمەڵایەتی.

